چاپی دەیەم

# پێغەمبەرەکەت
# محمد ﷺ
# بناسە



ئامادەکردنی:

ناصح محمد شاربازێڕی

کتێبخانەی (PDF)

کەشە

# گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




## کتێبخانەی ( PDF ) ›

Public group · **90K** Members

# پێغەمبەرەکەت

# محمد صلى الله عليه وسلم

# بناسە

ئامادەکردنی

ناصح محمد شارباژێری

چاپی دەیەم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴾

الفتح: ٨

دەستپێک:

بسم الله الرحمن الرحیم

لەدوای لەچاپ دانی ئەم کتێبە، دەبوو پێداچونەوەیەکی بۆ بکەم، بەڵام سەرقاڵیو نەبونی کاتی پێویست کارەکەی دواخست، تا بەرواری ٢٠١٤/٤/٥ کە بە گەشتی عەمرە چومە خزمەت شاری مەدینەی پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم)و لە نزیك ڕەوزەی شەریفو گۆڕی پڕ نوری پێغەمبەر نوری چاوان دەستم کرد بە پێداچونەوەی ئەم کتێبە و تۆمارکردنی ئەو هەستو خوێندنەوانەی لەو ساتانەداو لە خزمەت مزگەوتی پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بە بیرمدا دێت، چونکە بێگومان ئەو کاتو ساتانە زۆر بەنرخنو تامو چێژی تایبەتی هەیە هەرچەندە ڕۆشتنو هاتوچۆی عاشقانی پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) زنجیرەی بیرو خەیاڵەکان دەپچڕێ، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی تر بینینی ئەم هەموو جۆر لە مرۆڤەکان.... ڕەشو سپیو سور... گەورەو بچوك... خوێندەوارو نەخوێندەوار... لەو پەڕی دنیا بۆ ئەمسەری جیهان... هەموو زوبانە جیاوازەکان لە وێداو لەسەر سفرەو خوانی ڕۆحی پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) کۆبونەتەوە، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم خەمخۆرە، بەڕاستی (رحمة للعالمين)ە بۆیە لە هەموو جیهانەوە شەیداو عاشقانی دێنو تامەزرۆی دوو ركات

نوێژن لە ڕەوزەکەیدا، یان ریز دەبەستن بۆ سلاو لێکردنی، یان بە فرمێسك تەعبیر لە وەلاو عیشقیان دەکەن، ئاخر ناھەقیان نیە چونکە ئەو لە ژیاندا بۆ ھەموان بوو بۆیە دەبێت ھەموانیش بۆ ئەو بن، شەیدای ئەو بن، ئوممەتی ئەو بن، لە قیامەتیشدا ئاتاجی تکاو دوعای ئەون، لە مێژە شاعیری کورد وتویەتی:

ئەی قوببەی خەضرا ئەلێی حوققەی طیبی مەئوای حەبیبی قوربانی وەفاتم.... ئاخر مەدینە شووشەیەکی پڕ لە عەترو میسکی لێ یە، لە نزیك ڕەوزە بۆنی بەھەشت دەبەخشرێ سەری ئەو شووشەیە منارە سەوزەی سەر گۆڕەکەی خۆشەویستەو میسكو عەنبەرو گولاو بۆنە خۆشەکەی ناویشی لاشەی پیرۆزی پێغەمبەری خوایە(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)، کە خاکی مەدینە لە ئامێزی گرتووە.

چونکە دانیشتوانی مەدینە لە ژیاندا پێغەمبەریان لە ئامێز گرتو بەرگرییان لێکرد، لە دوای وەفاتیشی خاکی مەدینە لەسەر عەھدو پەیمانی ئەنصار بەردەوام بوو ئیتر تا قیامەت ئامێزی بەخشی بە پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بە ھەزاران صەلاوات و سەلام لەسەر ئارامگەی پێغەمبەرو ڕەزای خوا لە یاران و شوێن کەوتوانی، خوای گەورە ئێمەش بخەرە ریزی ئەوانەی ناوت ناون﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ﴾.... **آمین**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ الأعراف: ١٥٧.

ئەوانەی کەشوێنی ئەم پێغەمبەرە هەواڵدەرە نەخوێندەوارە دەکەون کەناوونیشانی لەپەڕاوی تەورات و ئینجیلدا هەیە ، فەرمانیان پێدەکات بەچاکەو قەدەغەی گوناه و خراپەیان لێدەکات و هەرچیەك پاك و خاوێنە بۆیان حەڵاڵ دەکات و هەرچی پیس و ناپوختە لێیان حەرام دەکات و ئەرکە قورس و سەنگینەکان لەسەر شانیان لادەبات ، ئەو کۆت و زنجیرانەش کەلەسەریان بوو لای دەبات (وەك خۆکوشتن لەکاتی تەوبەدا) جا ئەوانەی پشتگیریان کردووەو شوێنی ئەو نورە کەوتوون کە(قورئانە) و لەگەڵی نێرراوە ، هەر ئەوانە سەرفرازو رزگارن[1].

[1] – کەواتە تەنها ڕێگەی سەرفرازی مرۆڤەکان باوەڕهێنانە بە پێغەمبەری خوا محمدﷺ و پاشان پشگیری پەیام و بەرنامەکەی و هەوڵدان بۆ سەرخستنی و شوێن کەوتنی تەواوی قورئان لە ژیاندا.

# پێشەکی

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللهِ﴾

هەرچی سوپاس و ستایش هەیە بۆ خوای گەورە، بەدیهێنەری بونەوەر کە رێزی لەمرۆڤ گرتووە، پەیام و پێغەمبەرانی بۆ ناردون تا لەبەر رۆشنایی بەرنامەکانیاندا بحەوێنەوە و ئاسودەبن.

سوپاس بۆ زاتی (الله) کە (محمد صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)ی کردە کۆتا پێغەمبەر و (قورئان)یش بەکۆتا پەیام، لەدوای ئەوان پێغەمبەرێکی ترو پەیامێکی تر نایەت، خوای گەورە ئەو دوانەی پاراست، تا هەمیشە (نوری نبوەت و چرای هیدایەت) لەگەشەدابن و مرۆڤایەتی لەتاریکیدا نەژی، بێگومان پاراستنی (قورئان) دەخوازێ کە ژیانی پەیامبەرەکەشی پارێزراوبێت تا خەڵکی نمونەی زیندوی قورئانیان لەبەرچاوبێت و بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پەیامە خواییەدا دەکەن، بۆیە ژیانی پێغەمبەری ئیسلام هەرلەیەکەم ساتی ژیانی تا دوایین هەناسەکانی بەوردی تۆمارکراوەو ئەڵقەیەك لەژیانیدا ون نەبووە، چونکە ژیانی ئەو (بەتایبەت لەدوای بونی بە پێغەمبەر(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بەشێکی زۆری لە قورئاندا تۆمارو پارێزراوە، ئەوانەش

کەمەبەستیانە سەرفرازبن، دەبێت بەگوڵزاری ژیانی( محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)) ئاشنابن، چونکە خوای گەورە ئەوی ناردو کردیە پێشەواو مامۆستاو رابەری بڕواداران و ئازادی کردن و هەمویانی کردە براوچرا، سەروەری بۆمرۆڤایەتی گێڕایەوە و لەبەندایەتی نەفس و هەوا و شەیتان و دنیا رزگاری کردن و روی وەرگێڕان بەرەو یەکتاپەرستی، پەیامێکی بۆ هێنان کە یەکسانی و دادپەروەری سیمای بوو، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە، لەو پێناوەدا نارەحەتی زۆری چەشت، بەلاَم کۆڵی نەدا تا خوای گەورەش سەری خست.

*ئەم کتێبەی بەردەستت بەرچڤەیەکە لەژیان و بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرە مەزنەی کە فەیلەسوف و رۆشنبیرو بیریار و نوسەر و شاعیرانی سەرسام کرد، بەو گۆڕانکاریە ریشەییەی لەماوەیەکی کورتدا ئەنجامیدا، بۆیە هەریەك بەشێوەو زوبانێك ستایشی دەکات، بەلاَم ستایشی خوای بالاَدەست لەهەموو ستایشەکان جوانترو شایستە تربو کەفەرموی:﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾.

*لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە بەکورتی هەموو بوارەکانی ژیانی تۆماربکرێ تا نەوەی نوێ ئاشنای پێغەمبەرەکەی بێت، بەلاَم ڕەنگە کورت کردنەوەی وای کردبێت مافی تەواو بە ژیاننامەکە نەدەین، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ

سەرچاوە(کوردی و عەرەبیەکان) کەسوپاس بۆ خوا زۆرن. بە ئومێدی سودمەندبونی بفەرمو بۆ ناوگوڵستانی ژیانی پێغەمبەری خوا محمد ( صلّی اللهُ علیهِ وسلم ).

**بەهیوای دوعای خێرتان**

**ئامادەکار: ناصح محمد**

**مانگی ڕەبیعی یەکەم ساڵی ١٤٢٨کۆچی**

**مانگی ٤ ی ساڵی ٢٠٠٧ زاینی**

❀❀❀

## عبدالله کوڕی عبدالمطلب

عبدالمطلبی کوڕی هاشم، کە یەکێکە لە ڕیش سپی یەکانی قورەیش خاوەنی دە کوڕ بوو لەوانە: عەبباس، حەمزە، عبدالله، ئەبو لهب. عبدالله لە هەموویان منداڵتر بوو، بۆیە خۆشەویستی لە دڵی باوکیدا زۆر بوو. چونکە نەزری کردبوو کە ئەگەر دە کوڕی ببێت یەکێکیان بکات بەقوربانی، سەرەنجام دەبوو (عبدالله)بکاتە قوربانی، بەڵام دوای ڕاوێژێکی زۆر بەسەربڕینی (١٠٠) وشتر لەبەرامبەر سەربڕینی (عبدالله) ڕزگاری بوو، بۆیە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) فەرموویەتی: (من نەوەی دوو سەربڕاوم) کە مەبەستی باوکیو ئیسماعیل پێغەمبەرە.

لە تەمەنی ٢٥ ساڵی عبدالله ، باوکی لە خێزانێکی بە ڕێز، ئافرەتێکی ڕێزداری بۆ خواست کە ناوی (ئامینەی کچی وەهەب) بوو ئەم خێزانە تازەیە زۆر دڵخۆش بوون، ئامینە شانازی دەکرد کە شووی بە (عبدالله) کوڕی گەورە پیاوی قورەیش کردو، چەند هەفتەیەك بەسەر ئەم هاوسەرگیریەدا تێپەڕ بوو، عبدالله لەگەڵ کاروانی یەکدا خۆی بینیەوە کە بەرەو شام دەڕۆیشت، کەلەسەر داوای باوکی بۆ بازرگانی ناردی، ئامینەی هاوسەری لەماڵ مایەوە کە لەنزیك (مینا) بوو، چاوەڕێی گەڕانەوەی عبدالله ی هاوسەری دەکرد،

لەو ماوەدا زۆر خۆشحاڵ بوو دەیویست هاوسەری زوو بگەڕێتەوە تا مژدەی ئەو کۆرپەی پێ بدات کە تازە لە سکیدا هەستی بە جوڵەی دەکرد.

ڕۆژان تێپەڕین، بوو بە چەند هەفتە، چەند مانگ وا ڕۆیشت و ئامینە چاوەڕێ دەکات، لەوماڵەدا ئامینە کەنیزەکێکی عبداللە ی لەگەڵ بوو کە ئافرەتێکی حەبەشی بوو بە ناوی (برکە)، ڕۆژێ هەواڵی گەڕانەوەی کاروانی لە شام بڵاو بویەوە، ئامینە زۆر بە دڵ خۆشی چاوەڕێی گەڕانەوەی هاوسەری دەکرد، بەڵام بە گەیشتنی کاروان هەواڵێکی دڵتەزێنیان بەئامینە دا کە (عبداللە) وەفاتی کردووە، ئێستا لەگەڵ کاروانەکەدا نیە ، بەڵێ عبداللە لەڕێگەی گەڕانەوە لە شام بۆ مەدینە نەخۆش کەوتووە، تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەڕی نە کردووە و چەند مانگێ بەسەر ژیانی هاوسەرییدا تێپەڕ نەبووە بەو نەخۆشی یە کۆچی دوایی دەکات.

ئامینە[٢] بە بێوەژنی خۆی بینی یەوە جگە لەو کۆرپەی کە لە سکی دایە هیچ هیوایەکی تری نەبوو، هەستی دەکرد چاکترین شتە کە عباللە بۆی جێ هێشتووە.

---

٢- سەیری ناوی باوکو دایکی پێغەمبەر بکە(ﷺ) (عبداللە) بەندەی خوا، ئەم پێغەمبەرەش کاری گێڕانەوەی خەڵك بوو لە بەندایەتی بۆ غەیری خوا بەرەو بەندایەتی بۆ خوا، دایکی ناوی (ئامینە) بوو بۆیە پێغەمبەریش بووە سەرچاوەی ئارامی بۆ دڵەکان.

بۆیە ڕۆژانی دەژمارد تا بەبینینی ڕووی گەشی وەچەکەی عبداللە کەمێك باری گرانی لەسەر سووك ببێت.

## هەواڵدانی (ڕاهیبەکان)

قوڕەیشیەکان ساڵانە کاروانی بازرگانیان ڕێك دەخست بۆ هێنانی خواردن و جل و بەرگ، زستان دەڕۆیشتن بۆ یەمەن، هاوین دەچوون بۆ (بوصرا) لە شام، کاروانی قوڕەیشیەکان هەمیشە پارێزراو بوون لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەیاندا خەڵکی پێیان دەوتن: ئەمانە دراوسێ ی ماڵی خواو نیشتەجێ ی حەرەمی مەککەن، بۆیە هەرگیز بە خراپە دەستیان بۆ نەدەبردن. لە و هاوینەدا کۆمەڵێ پیاو لە مەککە کاروانییەکیان ڕێکخست لە ڕێگەی شام بەلای(ڕاهیب) ی ئەهلی کیتاب تێدەپەڕین کە لە (صومعە)ی لەسەر ڕێگەکاندا خوا پەرستیان دەکرد ئەو کەسانە خاوەنی زانست بوون.

چوار کەس لە پیاوانی کاروانیەکە چوونە لای یەکێکیان و سڵاویان لێکردو لای دانیشتن، ئەویش پێشوازی لێکردن و لێی پرسین: ئێوە لە کوێوە هاتوون؟ وتیان: ئێمە خەڵکی شاری مەککەین، بۆیە خۆی کۆکردەوەو وەك ئەوەی بە نرخترین ئامۆژگارییان بکات پێی وتن: دڵنیا بن ماوەیەکی تر خوای گەورە لەناو ئێوەدا پێغەمبەر دەنێرێ،

کاتی لە دایك بوونی نزیك بووەتەوە، ناوی (محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)ە ئەگەر دەرکەوت بەشی خۆتانی لێ بەرن، چونکە ئەو ڕاست دەکات لە بانگەوازەکەیدا. واتە باوەڕی پێ بهێنن. ئەو چوار پیاوە سەرسام بوون کاتێ ئەم ناوەیان بیست کە پێشتر لەناو ئەواندا نەبیسترئەبوو.

زانایانی گاورو جولەکە پێش هاتنی پێغەمبەری ئیسلام، لە لایەن پێغەمبەرانیانەوە لە هەواڵی کۆتا پێغەمبەرو نیشانەکانی ئاگادار کرابوونەوە.

## لەدایک بوونێکی پیرۆز

ئەو ڕۆژە دووشەممە بەرواری ١٢ ی ڕەبیعی یەکەم ساڵی ٥٧٠ زایینی، ئەو ساڵەی ئەبرەهەی حەبەشی خۆی و سەربازو فیلەکانی هاتن بۆ ڕوخاندنی (کەعبە) بەڵام خوای گەورە ماڵی خۆی پاراست و لەناوی بردن ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴿٥﴾﴾ سوره الفيل.

لەو ڕۆژەدا ئامینەی کچی وەهەب، منداڵەکەی بوو، منداڵێکی بێباوك کە پێش چەند مانگێك بەر لە دایك بوونی باوکی وەفاتی کردبوو،

مژدەیان دا بە (عبدالمطلب) کە (ئامینەی هاوسەری عبدالله) کوڕی بووە، بە دڵخۆشی بەرەو لای ئامینە ڕۆیشت، کاتێ بینی وا وەچەکەی لە باوەشدایە پیرۆزبای لێکرد، منداڵەکەی لێخواست و بەرەو لای کەعبە بردی و تەواف پێکرد، پاشان گەڕاندیەوە بۆ لای ئامینەی دایکی، لە ڕۆژی حەوتەمی لە دایك بوونی دا، عبدالمطلب سفرەو خوانێکی گەورەی ساز کرد و سەرانی قورەیشی بانگ کرد و هەموویان ئامادە بوون، پاش نان خواردن منداڵەکەیان هێنا، یەکێك لە پیاوانی قورەیش ڕوی لە (عبدالمطلب) کرد پرسی:

*وەچەکەت ناو دەنێ ی چی ئەی (أبا الحارث)؟ پاش کەمێك بێ دەنگی

*وتی: ناوی دەنێم (محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)).

یەکێکی تر بە سەرسامی پرسی: چی وات لێدەکات کە ناوی بنێیت محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)، کە ناوێکە لە ناوی باوان و گەلەکەت ناچێ؟

*عبدالمطلب وتی:

ئومێدم وایە سوپاس کراو بێت لە ئاسمان و لە زەوی دا.

بەڵێ منداڵ ناونراو کەس نەی دەزانی ئەو منداڵە بێباوکە بۆ ئەوە هاتووە کە لە تاریکی دەریان بهێنێ بۆ ڕۆشنایی، ئەو منداڵە وەڵامی

خوای گەورە بوو بۆ دوعاکەی ئیبراهیم(علیه السلام) کاتێ کە خوا فەرمانی دروست کردنی کەعبەی پێکرد و ئەویش کەتەواو بوو فەرمووی:

﴿رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ سورة البقرة:١٢٩.

هەروەها ئەو منداڵە ئەو مژدەیەیە کە (عیسی) سەلامی خوای لێ بێ بە بەنی ئیسرائیلی دا کاتێ فەرمووی:

﴿وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُ﴾ سورة الصف:٦.

پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) دەفەرموێ: {أنا دعوة أبي ابراهيم ، وبشرى عيسى ورأت أمي أنه يخرج منها نورٌ أضاءة منها قصور الشام} أخرجه أحمد(صحيح) (٥/٢٦٢)).

❀❀❀

## منداڵی بێباوک لەماڵی دایەن دا

دە ئافرەتی شیر دەر ڕوویان لە مەککە کرد تا هەر یەکێکیان منداڵی ماڵێکی دەوڵەمەندی مەککەی دەست بکەوێ تا ببێتە دایەنی.

یەکێك لەو ئافرەتانە (حەلیمەی کچی ئەبی ذؤیب) بوو کە سواری گوێ درێژە لاوازەکەی بوو، منداڵەکەی کە ناوی (عبداللە) بوو هەڵگرتبوو، لە دوایەوە مێردەکەی بەسەر ووشترە لەڕولاوازەکەوە دەبینرا، کە هێندە لاواز بوو وەخت بوو نەتوانێ بارەکەی هەڵبگرێ، ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی ووشکەساڵی و نەهاتی بوو لەزەوییەکانی بەنی سەعدا.

بەڵێ ئەوانی تر پێش حەلیمە گەیشتنە مەککەو هەریەك توانی منداڵێکی شیرە خۆر لە منداڵی گەورەو سەردارانی قورەیشی بەدەست بهێنێ، جگە لە حەلیمە کە منداڵی ماڵێکی دەوڵەمەندی دەست نەکەوت، کاتێ مێردەکەی زانی و پێ ی وت :کەچی دەکات؟ وتی: هیچ منداڵێکم دەست نەکەوتوە جگە لە منداڵێکی بێباوك کە باپیری ڕیش سپی قورەیشە، نیشانی داوم لەبەر ئەوەی بێ باوك بووە نەمویستوە، بەڵام گەڕایەوەو بە مێردەکەی وت: ئەگەر ڕازی بیت ئەو منداڵە لەگەڵ خۆم دەهێنم،چونکە نامەوێ بەدەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە ،ئەویش ڕازی بوو حەلیمە گەڕایەوە بۆماڵی (عبدالمطلب) و

کوڕەزاکەی (محمدی کوڕی عبداللە) ی لێ وەرگرت پاشان لەگەڵ ئافرەتەکانی تر گەڕانەوە،لەڕێگە حەلیمەوهاوسەرەکەی هەستیان بەشتێ دەکرد کەسەرسامی کردبوون،ئەوەتا گوێدرێژە لاوازەکە،گورج بۆتەوەو غار دەکاتو ووشترە لەڕولاوازەکەش بەشوێنیدا غاردەدات و زۆری نەبرد پێش هەموو کاروانەکە کەوتن. لەڕێگە حەلیمە شیری دا بە محمد (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم)ی بێ باوك ،بەلاَم مەمکەکەی نەگرت،پاشان شیری دا بە (عبداللە) منداڵەکەی خۆی،لەدوای تێربوونی (عبدالله)، ئینجا محمد (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) شیری خوارد، حەلیمە هەستی دەکرد هێشتا مەمکی پڕن لەشیر کەپێشتر بەشی تاقە منداڵەکەی خۆشی نەدەکرد، بۆیە ڕوویکردە هاوسەرەکەی وتی: سوێند بەخوا هەست بەخێرو بەرەکەتی زۆردەکەم لەوکاتەوەی لەشاری مەککە دەرچو ین.

حارثی هاوسەری پێ ی وت: سوێند بە خوا وا دەبینم بەشێکی زۆر پیرۆزت بەر کەوتووە، کاتێ گەیشتنە ماڵەوە (شەیما) و خوشکەکەی (ئەنیسە) کە دوو کچی حەلیمە بوون پێشوازیان لێکردن.

بەڵێ ئەم منداڵە پیرۆزە گەشتە ماڵی (بەنی سعد) و فەڕو پیرۆزی باری بەسەریان دا، مەڕو ماڵاتیان بە تێری دەگەڕانەوە گوانەکانیان پڕ لە شیر بوون، کاتێ تەمەنی منداڵ گەشتە دوو ساڵ کاتی گەڕانەوەی هات بۆ لای کەس و کاری لە مەککە، چونکە عادەتی ئەو

ئافرەتانە وەها بوو کە منداڵ لە شیر دەبڕانەوە دەیان گێڕایەوە بۆ لای کەس و کاری، بۆیە دوای دوو ساڵ حەلیمە لەگەڵ ئافرەتەکانی تر منداڵەکانیان گەڕاندەوە.

## جبریل سنگی منداڵەکە لەت دەکات

کاتێ حەلیمە منداڵەکەی گەیاندە مەککە ئامینەی دایکی یەکەم کەس بوو پێشوازی لێکرد و لە ئامێزی گرت و سەیری دەم و چاوی سپی و قژی ڕەش و چاوی ڕەش و فراوانی دەکرد، حەلیمە چاوی بەرایی نەدەدا محمد (صَلَّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بە جێ بهێڵێت، بۆیە داوای لەدایکی کرد کەجارێکی تر مۆڵەتی بدات تا بگەڕێتەوە لەگەڵی، بەدایکی و عبدالمطلبی باپیری وت: کە ئەو دەشتە زۆر بە سوودە بۆ منداڵەکەتان،لاشەی بەهێز دەبێت، زوبانی پاراو دەبێتو لە نەخۆشی دوور دەبێت چونکە لەو کاتەدا نەخۆشی لەناو مەککەدا بڵاو بوو، زۆرێك لە منداڵانی لەناو بردبوو، حەلیمە چەند ڕۆژ لەماڵی ئامینە مایەوە تاڕازی بوون لەسەر گەڕانەوەی منداڵەکەیان لەگەڵ دایەنەکەی بۆ ناوچەی بەنی سەعد.

جارێکی تر بە گەڕاندنەوەی "محمد (صَلَّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)" دڵی خێزانی حارث شاد بوویەوە، ماوەی پێنج ساڵ لەماڵی ئەوان مایەوە،ڕۆژێك لەگەڵ برا شیریەکەی لە دەشت یاریان دەکرد، (جبریل) دەیگرێت و سنگی لەت دەکات و پارچەیەك دەردەهێنێت و

دەفەرمووێ: {هذا حظ الشيطان منك} ئەمە بەشی شەیتانە لە تۆدا، پاشان لە تەشتێکی ئاڵتون بە ئاوی زەمزەم دەیشوات و پاشان دەیگێڕێتەوە جێگەی خۆی، ئەم دیمەنە منداڵەکانی حەلیمە دەترسێنێ و ڕادەکەن بۆ لای دایکیان و هاوار دەکەن کە (محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) کوژرا)!! حەلیمە ڕادەکات بۆلای محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) دەبینێ ترس لە دەم و چاوی نیشتووە و زەرد هەڵگەڕاوە ئەوەی بینی بوی گێڕایەوە، حەلیمە ترسی لێنیشت نەیدەزانی ئەوە یەکەم قەڵای پاراستنی محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم). کە خوا پێ ی بەخشیوە کەهەر لەمنداڵی یەوە لە خراپە پارێزراو بێت. ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ....﴾ (١) سورە الشرح، ئەمەش ئامادە سازی پێغەمبەر بوو بۆ ئەوەی (کەلامی خوا) لە دڵیدا هەڵبگرێ.

## دایکی دەمرێ

دوای تێپەڕبوونی( ٥ ) ساڵ تەمەنی لە دەشت و گوند لەلای حەلیمەی سەعدیە، محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) گەڕایەوە بۆ لای دایکی لە مەککە، ئەو پێنج ساڵە کاریگەری زۆری لەسەر دڵ و دەروونی بەجێهێشت، حەلیمە و خێزانەکەی لای ئەو بەخۆشەویستی مانەوە، (جارێك خەڵکی توشی ووشکە ساڵی بوون لەدوای ئەوەی محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) دەبێتە هاوسەری خەدیجە ڕۆژێ حلیمە

دێت بۆ لای، ئەویش زۆر بە ڕێز مامەڵەی لەگەڵ دەکات و لەماڵەکەی خەدیجە زۆری پێدەبەخشێت کە ووشترێك و ٤٠ سەر مەڕ دەبێت.) هەر کات حەلیمە سەردانی دەکردن، ئەو لایەکی عەباکەی دادەخست تا لەسەری دابنیشێت.

کاتێ تەمەنی گەشتە شەش ساڵ، دایکی بیری کردەوە کە خۆی و منداڵەکەی بچن بۆ سەر گۆڕی (عبدالله) لەنزیك (یەثریب)، دەرچوون و خزمەتکارەکەیان (أم أيمن) لەگەڵیان بوو لە (یەثریب) محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) ، خاڵوانی باپیری لەبەنی نەجار بینی و ناسی، شاری (یەثریب)ی بینی کە دوا ڕۆژ دەبێتە شاری خۆی، ئەو ماڵەی بینی کە باوکی تیایدا وەفاتی کردبوو، شوێنی گۆڕەکەی بینی، ماوەی مانگێك لەلای خاڵوانی مایەوە لە یەثریب، پاشان بڕیاری گەڕانەوەیان دا، لە کاروانیەکی بچوك دا لەگەڵ (أم أيمن) گەڕانەوە، لەدوای دوو ڕۆژ ڕۆیشتن لە دووری (٢٣) میل گەشتنە گوندێ لەنێوان (الجحفە)و (یەثریب) کەناوی (الايواء)بوو، لەو گوندەدا ئامینە توشی نەخۆشیەکی کتوپڕ هات و زۆری نەبرد وەفاتی کرد و هەر لەوێشدا نێژرا، محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) و (أم أيمن) بەتەنها مانەوە، جارێکی تر تاڵی هەتیوی چەشت، دوای ئەوەی لەسکی دایکی دا باوکی وەفاتی کردو بە دیداری شاد نەبوو.

(أم أيمن) محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)ی بێباوك‌و دایکی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ مەککە، باپیری لەئامێزی گرت،دڵنەوایی دەکرد و فرمێسك ڕیشی سپی تەڕکرد کاتێ بێنازی وەچەکەی دەبینی، کە هەر لەمنداڵیدا دایك و باوکی وەفاتیان کرد،سۆزو خۆشەویستی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هێندەی تر دڵی باپیری داگیر کرد، لەو کاتەدا (عبدالمطلب) گەورەی عەرەب و قورەیش بوو لە کۆڕو دانیشتنەکانیدا جێگەیەکی بۆ تەرخان کرا بوو لە نزیك کەعبە، بەدەوریدا منداڵەکانی دادەنیشتن و خەڵکی تریش لە پاش ئەوان، کەس جورئەتی ئەوەی نەدەکرد لەسەر جێگەی دابنیشێ وەك ڕێزێك بۆی، بەڵام محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) دەچووە جێگەی و لەسەری دادەنیشت، (ئەبولەهەب)ی مامی هەڵدەستا تالەسەر جێکەی باوکی لایبەرێ بەڵام عبدالمطلب ڕێگەی لێدەگرت و پێ ی دەوت: واز لە وەچەکەم بهێنە، سوێند بە خوا پلەو پایەی دەبێت.

پاش ماوەیەك باپیری محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لەتەمەنی ١٢٠ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، کە تەمەنی کوڕەزاکەی هەشت ساڵ بوو، محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بۆ مردنی باپیری زۆر دڵتەنگ بوو، چاو بە فرمێسك ماڵئاوایی لەباپیریشی کرد، ئەو باپیرەی گەورە و ڕیش سپی قورەیش و عەرەب بوو، خاوەنی بۆچوونی ڕاست و دروست، بەخشندەو بەهێز، یارمەتیدەری خەڵکی مەککە بوو لە تەنگانەدا،

خواردن و خواردنەوەی دەدا بە حاجیان، پێش ئەوەی وەفات بکات سەرپەرشتی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)ی کورەزای خستە ئەستۆی (ئەبوطالیب) کە بەرێزترین کوڕی (عبدالمطلب) بوو، ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویستی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لەدڵیدا زیادی دەکرد، چونکە کەسێتی و زیرەکی و چاکەو دەروون پاکی تیا بەدی دەکرد. کاتێ تەمەنی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) گەشتە دوانزە ساڵان (ئەبو طالب) ویستی بۆ بازرگانی بڕوات بۆ شام، محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) سور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەویش ببات بۆ ئەو ڕێگە، دەیویست یارمەتی مامی بدات کە دەیبینی سامان و ماڵی کەمەو خێزانێکی زۆریشی بە سەردا کەوتووە، حەزی نەدەکرد خۆی دابنیشێ و مامیشی ماندوو ببێت..

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بووە هاوەڵی مامی لەو کاروانیەدا تاگەیشتنە(بوصرا) کە گوندێکی نزیک شام بوو، لەوێدا کاروانیەکە لایاندا لەنزیك (پەرستگایەکی یەکێك لە ڕاهیبەکان) کە ناوی(بوحەیرا) بوو، محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لە ژێر درەختێکدا بە تەنها دانیشت تا خۆی لە گەرمای بیابان بپارێزێ. (بوحەیرا) هەندێ شتی لەمحمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بینی و پێشتریش هەندێ شت شارەزا بوو، دوای هەواڵ پرسین لەکەسی نزیکی ئەو مێرد مندالە چووە لای مامی و زۆر بە دڵنیایی پێی وت:

ئەو برازایەت بگێڕەوە بۆ وولاتی خۆی، بیپارێزە لەدەستی جولەکەکان، سوێند بە خوا ئەگەر بیبینن و ئەوەی من لێم بینیوە و ئەوەی من دەربارەی ئەم کوڕە دەیزانم، بیزانن توشی خراپەیەکی دەکەن، چونکە دڵنیابە ئەم برازایەت پلەیەکی بەڕێزی ئەبێت.

بۆیە (ئەبو طالب) بەخێرایی برازاکەی گەڕاندەوە، ئەوەندە سور بوو لەسەر پاراستنی، لەمەککەدا محمد (صَلّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) دەستی کردەوە بە شوانی مەڕو مالاّت، شوانیش یەکێکە لە کارەکانی پێغەمبەرانی پێش خۆی وەك ئەوەی خوای گەورە ڕایان بهێنێ لەسەر چونێتی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و چاودێری خەڵك تا نەرم و نیان بن بەرامبەر لاوازەکان و هەوڵی پاراستنیان بدەن.

محمد(صَلّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) شوانی لە دەشت و دەرو شاخ و چیاکاندا کرد، دووری لەخەڵك، بیری تیژو زیندویەتی دڵی وایلێکرد بیر لە نهێنیەکانی ئەم بونەوەرە بکاتەوە، بۆیە ئەم بیرکردنەوەی وای لێکرد باوەڕ بەو بت و خوا دەست کردانە نەکات کەخەڵکی دەیپەرستن و لە چوار چێوەی دیوارێکدا دای دەنێن، هەرگیز ئامادە نەبوو کڕنوش بۆبتەکان ببات.

## جەنگی فوجار و پەیمانی فضول

لە هەموو ساڵێکدا چوار مانگ پێیان دەوترێت مانگە حەرامەکان کە لای عەرەب پیرۆز بوون، ئەمەش لەدینی (ئیبراهیم) سەلامی خوای لێ بێ بۆیان مابووەوە. لەو چوار مانگەدا جەنگ و دوژمنایەتی ئەنجام نەدەدرا تاوای لێهاتبوو کەسێك لەو مانگانەدا توشی بکوژی باوکی دەبوو دەستی بۆ درێژ نەدەکرد، وەك ڕێزێك بۆ ئەو مانگە پیرۆزانە، بەڵام (بەرائی کوڕی قەیسی کەنان) ڕێزی ئەم مانگە حەرامانەی نەگرت، لەو کاتەدا هێرشی کردە سەر (عروەی کوڕی عوتبەی هەوازی) و کوشتی، جەنگ لەنێوان هەردوو هۆزی (کنانە) و (هوازن) پەرەی سەند، قورەیش پشتی کنانەیان گرت و سەرکردەی قورەیش و کنانە (حەرب کوڕی ئومەییە) بوو.

محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) لەم جەنگەداو لە تەمەنی ١٥ ساڵی تا ١٩ ساڵی دەبوو بەشداری کرد، ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو، دەڵێن محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) تیری کۆدەکردەوە بۆ مامی، هەندێ دەڵێن کە خۆی تیری هاویشتووە.

جەنگی فوجار لە هەموو ساڵێك چەند ڕۆژێك ڕویدەدا، دواتر خەڵك دەچوونەوەسەر ئیش و کاری خۆیان،کاتێك ئیسلامیش هات ڕێزی ئەم چوار مانگەی هێشتەوە، مانگەکان بریتین لەسێ مانگ کە

دوای یەکتر دێن: (ذوالقعدة، ذوالحجة، المحرم) لەگەڵ (رجب)، ئەم جەنگە بە ڕێکەوتن کۆتایی هات کە هەرلایەك کوژراوی کەمترە خوێن بدات بەولایەنەی کوژراوی زیاترە، بۆیە قورەیش خوێنی بیست پیاوی کوژراوی هۆزی (هوازن) ی دا، لە دوای جەنگەکە، قورەیش سەیری کرد کە توشی چ خراپەو بەلایەك بووە کە جیاوازی کەوتوتە نێوانیان و هەر لایەك دەیەوێ قسە قسەی خۆی بێت، هەستیان کرد کە خەریکە دەورو بەر تەماعیان تێدەکەن، جارێك پیاوێك هاتە مەککە، شتومەکی بە پیاوێکی خەڵکی مەککە فرۆشت، بەڵام ئەو پیاوە ئامادە نەبوو پارەکەی بداتێ، کابرا پەنای بردە بەر خەڵکی مەککە تا هاوکاری بکەن و مافەکەی بۆوەرگرنەوە، ئەوان ئامادە نەبوون، بۆیە چووە سەر گردێك و هاواری لەخەڵك کرد کە پشتی بگرن، (بنو هاشم) و(بنو المطلب) و هەندێکی تر چوون و پشتیان گرت.

زوبیری کوڕی عبدالمطلب بانگەشەی کرد، بەنو هاشم و زوهرەو تمیم لەماڵی (عبدالله کوڕی جودعان) کۆبونەوە خواردنی بۆ ئامادە کردن، پەیمانیان داو سوێندیان خوارد کە لەگەڵ ستەم لێکراو بن و بەرگری لێ بکەن تا ئەو کاتەی مافەکەی بۆ دەگێڕنەوە" بەم شێوەیە پەیمانیان دا کە هەر ستەم لێکراوێك لە مەککە ستەمی لێ بکرێ لەلایەن خەڵکی مەککە یان دەرەوەی مەککە ئەوان بەرگری لێبکەن و دژی ستەمکارەکە بوەستن.

قورەیش ئەم پەیمانەیان ناو نا پەیمانی (فضول) و (محمد صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) تیایدا ئامادە بوو لە دوای ئەوەش کەبووە پێغەمبەر فەرمووی (لەگەڵ مامەکانم لە ماڵی عبدالله کوڕی جودعان لە پەیمانێك دا ئامادە بووم، لە ووشتری سوور لام خۆشەویسترە، ئەگەر لە ئیسلامیش دا بانگم بکەن بۆ پەیمانی وا وەڵامی دەدەمەوە).

❁❁❁

## کەسایەتیەک سەرنجەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت

کاتێ محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) گەشتە تەمەنی لاوێتی، بووە جێ سەرنجی گەلەکەی، لاشەی بەهێز، ورەی بەرز، بەڕێز لە نێو نزیکاندا، ڕاستگۆ، دەست پاك و ئەمین، دەروون پاك، پیاوێك لە لوتکەی مەردایەتیدا، ڕوپامایی نەدەزانی، لێبوردەو خۆشەویست، لەناو خەڵك سوپاس کراو، زۆر ڕقی لە بتەکان بوو کە گەلەکەی بەدەوریاندا دەسوڕانەوەو دەیان پەرستن، کەسێکی نەخوێندەوار بوو، نە شتی دەخوێندەوە نە دەینووسی، بەلاَم لاپەڕەکانی بونەوەری بە ژیری و دڵی هەڵدابووە، بیری لە ژیان و داهێنراوەکان و بە دیهێنراوەکان کردبۆوە، لەکاریدا دامەزراو و جدی بوو، دوور بوو لە گاڵتەو ڕوکەش و ناهەقی..

خۆی لە دوای ئەوەی پەیامی بۆ دێت بۆمان دەگێڕێتەوە کەلەگەڵ هەندێ منداڵ شوانی دەکەن لە بەرزییەکی مەککە، جارێ بە هاوەڵەکەی دەڵێت کە دەیەوێت ئێوارە بڕواتە خوارەوە بۆ مەککە و شەو یاری و گەمە بکات داوای لە هاوڕێکەی کردووە کە چاودێری مەڕەکانی بکات ئەویش ڕازی دەبێت، بەلاَم محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) کە دەگاتە مەککە گوێی لە ئاهەنگی خێزانێ دەبێت کە شایی

دەکەن، ڕادەوەستێ بەلام هێندەی پێ ناچێت خەوی لێدەکەوێت، خۆری بەیانی خەبەری دەکاتەوە.

بەڵێ محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) شایستەی ئەو ناوە بووە کە خەڵکی مەککە پێیان دەوت (الأمین) ئەو ئەمین بوو لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ ژیان، لەگەڵ دەروونی خۆی، کەسێکی ڕاست بوو لە هەموو کاروو کردەوەو گوفتارێکدا بۆیە سیفەتی (صادق) چووەپاڵ (ئەمین) یەکەی (الصادق الامین) بووە ناونیشانی.

لەم قۆناغەی ژیانیدا خەدیجەی کچی خوەیلدی ناسی، کە (محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم))ی تاقی کردەوە کاتێ ناردی بۆ شام بۆ کاروباری بازرگانی ڕۆژێك (ئەبوطالب) چووە لای برازاکەی (محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)) کە تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، پێ ی وت: ئەی کوڕی برام من کەسێکم ماڵم نیە، ڕۆژگاریش لەسەرمان سەختە، هەواڵم پێگەیشتووە کە خەدیجە کەسێکی بەکرێ گرتووە بە دوو ووشتر، ئێمە بۆ تۆ بەوە ڕازی نابین، ئایا دەربارەی تۆ قسەی لەگەڵ بکەم؟

محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بەمامی وت: هەرچیت پێ خۆشە.

(ئەبوطالب) چووە لای خەدیجە و پێشنیاری (محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم))ی بۆ کرد پێی وت: ئێمە بە چوار ووشتر کەمتر ڕازی نابین.

وەڵامی خەدیجە ئەوە بوو کەپێی وت: ئەگەر بۆ کەسێکی دوور کە ڕقمان لێبێت داوای بکەیت، ڕەدی ناکەینەوە، چ جای بۆ نزیکێکی خۆشەویست. (ئەبو طالب) گەڕایەوە و بە برازاکەی وت: ئەوە ڕۆزیە کە خوا بۆی ناردووین.

بەڵێ محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) لەگەڵ خزمەتکارەکەی خەدیجە کە ناوی (مەیسەرە) بوو، لەگەڵ کاروانەکەدا ڕێکەوتن، چوونە بیابان و بە لای (وادی القری) و (مەدیەن) (شاری ثمود) تێپەڕین.

کاروانی گەڕانەوە، محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) لەو گەشتەدا بە ئەمانەت و لێزانی توانی بازرگانی بە پارەکەی خەدیجەوە بکات و قازانجێکی باش کۆ بکاتەوە،کە هیچ کام لە پێش ئەودا ئەو بڕە قازانجەی دەست نەکەوتبوو، بە ڕەوشتی بەرزی مەیسەرەی سەرسام کردبوو، کاتێ گەڕانەوە مەیسەرە بەسەرهاتی گەشت و بازرگانیەکەی (محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم))ی بۆ خەدیجە گێڕایەوە، لە ڕەوشت بەرزی و ڕاستگۆیی و ئەمینی سەرسامی دەربڕی.

❀❀❀

## هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجەدا

کاتێ مەیسەرە ڕەوشت و ئاکاری محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)ی بۆ خەدیجە باس کرد ئیتر محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بووە مایەی گەورەیی و سەرسامی وڕێز لای خەدیجە، خۆشەویستی چووە دڵی یەوە دڵنیا بوو کە پیاوێکی نمونەیی یە.

خەدیجە ئافرەتێکی بازرگان بوو، لە خێزانێکی بەڕێزو دەوڵەمەند لە (بەنی ئەسەد) کە خەڵکی شایەتی چاکەیان ئەدات، ئەو لە تەمەنی (٤٠) ساڵی دا بوو، دوو جار شووی کردبوو لەناو هۆزی (بەنی مەخزوم) دا، پارەیەکی زۆری هەبوو، پیاوانی بە کرێ دەگرت بۆ بازرگانی کردن بە سامانەکەیەوە، زۆرێك لە پیاوانی قورەیش داوایان کردبوو بەڵام ئەو ڕازی نەبووبوو.

خەدیجە زۆر حەزی دەکرد کە محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) داوای بکات، بۆیە هاوڕێیەکی هەبوو، بەناوی (نەفیسە کچی مەونیە) بانگی کردو ئەوەی لە دەروونیدا بوو پێ ی ڕاگەیاند و داوای یارمەتی لێکرد، ئەویش وتی: ئەوە لەسەر من بێت.

* ڕۆشت بۆ لای محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) و ئەم گفتو گۆیە لە نێوانیاندا رویدا:

* بۆچی ژن ناهێنی؟

* ئەوەندەم نیە خێزانی پێ دروست بکەم.

* ئەگەر کەسێکی شیاو هەبێت، هاوشانی تۆ بێت و خاوەنی ڕێز و حورمەت و ماڵ بێت ڕازی دەبیت؟

* کێ یە؟:

* خەدیجە!.

* چۆن شتی وا دەبێت، ئەو داوای چەندین کەسی بەڕێزی قورەیشی بەرپەرچ داوەتەوە؟

* نەفیسە بە دڵنیایی وتی: ئەوەیان لەسەر من بێت.

پاشان بەدڵخۆشی گەڕایەوە بۆلای خەدیجەو (محمد صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) یش چوو بۆ لای مامەکانی تا لەو بارەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، ئەوانیش خۆشحاڵیان دەربڕی، خەدیجە وادەیەکی دیاری کرد بۆ میوانداری محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) و مامەکانی تا داواکاری بکرێ.

بۆیە ڕۆژێ (ئەبو طالب و حەمزە) کە هاوتەمەنی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بوو لەگەڵ کۆمەڵێ پیاو ماقوڵ و ڕیش سپی قورەیش چوون و لە بەرامبەریش مامی خەدیجە (عەمری کوڕی ئەسەد) لە پێشوازیاندا بوو، چونکە باوکی لەشەڕی فیجاردا تیا چووبوو.

پاش داوا کردنو ڕێوڕەسمی ژنهێنانەکە تەواوبوو ، ئەمەش پاش دوومانگ دوای گەڕانەوەی لەشام.

لە خەدیجە (قاسم) و (زەینەب) و (روقیە) و (ئوم کلثوم) (فاطمە) و (عبدالله) ی بوو کە پێیان دەوت (الطیب الطاهر)، قاسم لە تەمەنێکدا کە بەکاری سواری دەهات کۆچی دوایی کرد (عبدالله) بە منداڵی مرد لە پێش ئیسلام دا، هەموو کچەکانی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لەژیانیدا وەفاتیان کرد، جگە لە (فاطمە) کە بەشەش مانگ دوای باوکی وەفاتی کرد هەمویان موسڵمان بوون و لەگەڵ باوکیان کۆچیان کرد.

(خەدیجە) یەکەم هاوسەری (محمد) بوو کەخواستیو هەتا وەفاتیکرد ژنی بەسەردا نەهێناو لەدوای مردنیشی هەمیشە باسی چاکەی دەکردو لەگەڵ دۆستو ناسراوەکانی خەدیجە چاکەی دەکرد.

(خەدیجە) ئەو ژنەیە کە سەربەرزانە سەوداو مامەڵەی کردووە و ماڵەکەشی دەخاتە خزمەت بانگەوازی خوا نەك بە خشڵو زێڕو زیو خۆی پێ برازێنێتەوە.

(خەدیجە) ئەو هاوسەرە دڵسۆزەیە کە بۆ ساتێك گازاندە لە محمد ناکات کاتێك بۆ خەڵوەت دەچێتە ئەشکەوتی (حیراء).

(خەدیجە) ئەو پشتیوانە گەورەیەیە کە لانەیەکی پڕ لە ئەوینو سۆزو ئارامی بۆ هاوسەرەکەی دروست دەکات تا کاتێك لە دەرەوە هاوسەری لە کاری بانگەوازدا ماندوو دەبێت، ئەم ئارامی پێ ببەخشیو ماندوو بوونی بڕەوێنێتەوە.

(خەدیجە) ئەو ئافرەتەیە لە پێشەوەی ئەو کەسانەیە کە ئیمانیان بە پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هێناوە.

(خەدیجـە) لـە شـاری مەککـە ئەسـپەردەی خـاك دەکـرێو پێغەمبـەریش(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لـە کـاتی فـەتحی مەککـەدا لـە لای گۆڕەکەی خەدیجە خێوەتێك هەڵدەداو دەحەوێتەوە.

❀❀❀

## نوێکردنەوەی کەعبە

گەورەمان ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێ) کەعبەی بنیات نا بەوشێوەیەی کە خوا فەرمانی پێکردبوو، لە دروست کردنیدا ئیسماعیلی کوڕی هاوکاری بوو.

(کەعبە)لەماوەی تەمەنیدا توشی چەند کارەساتێك بوو کە خەریك بوو تیا دەچوو، پایەکانی لاوازو دیوارەکانی تەقیببوون، سەقفی نەبوو، بۆیە زۆر جار شتی بەنرخی لێ دەدزرا، پێش بوونی محمد (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بە پێغەمبەر بە چەند ساڵێکی کەم،لافاوێکی گەورە هات و دای لەکەعبە، زەرەرو زیانێکی زۆری پێگەیاند.

قوڕەیش بڕیاری نوێکردنەوەیاندا،لەگەڵ ئەوەی دەترسان بەدەست دانیان لە کەعبەی پیرۆز توشی زیان ببن، بەڵام سەرەنجام بڕیاریاندا.

وەلیدی کوڕی موغەیرە، وتی: من یەکەم کەس دەست بە تێکدانی دەکەم، پاچەکەی هەڵگرت و وتی: خوایە مەبەستمان خزمەت و دروست کردنەوەیەتی هەندێکی لە (الركن اليمانى) ڕوخاند، شەو خەڵك چاوەڕێیان کرد کە ئەگەر (وەلید) هیچی لێ نەیەت ئەوە خوا ڕازیە لە کارەکە، (وەلید) سەلامەت بوو، بۆیە بەیانی دەست کرا بە ڕوخاندنی دیوارە خراپەکانی و بەردەکانیان جیا کردەوە تا لە

بناغەکەیدا بە کاری بهێنن لەو لاشەوە کەشتیەك لە میصرەوە بۆ یەمەن دەڕۆیشت، هەموو شتوو مەکێکی خانووی تیا بوو، کەسێکی ڕۆمی خاوەنی بوو، لەڕێگە کەشتی پەکی کەوتبوو کاتێ قورەیش هەواڵیان زانی، چوون و لە (جدە)کڕییان لە خاوەنەکەی و خۆشی لە گەڵیان هات بۆ یارمەتی دانیان لەگەڵ پیاوێکی قبطي دارتاش لەمەککە، بەڵێنی هاوکاریان پێدان.

هەموو هۆزەکان هەریەك لەلایەك بەردیان لە شاخەکان کۆ دەکردەوە بۆ دروست کردنەوەی، تا گەشتنە جێگەی (الرکن) کە بەبەرزی بالآ پیاوێك دەبوو، کاتی دانانی (بەردە ڕەشەکە) هات، لەو کاتەدا کێشەو نارەحەتی کەوتە نێوانیان هەر هۆزێك مەبەستی بوو ئەو سەروەرییە بۆ خۆی بێت، زۆری نەما بوو شمشێر لەکێلان دەر بهێنن و بجەنگن. بەڵام باوکی ئومیەی کوڕی موغەیرەی مەخزومی، کە لەهەموویان ڕیشی سپی تر بوو، پیاوێکی قسە ڕۆشتوو بوو لەناویان وتی: ئەی هۆزی قورەیش، شتێ بەخەیاڵمدا هاتووە بابیکەینە دادوەر لە نێوانماندا، کەس لە جێی خۆی نەجوڵێ چاوەڕێ دەکەین یەکەم کەس لە دەرگای (الصفا) هاتە ژوور (کە یەکێك بوو لە دەرگاکانی مزگەوتی حەرام) ئەو بەردە ڕەشەکە دابنێ، هەموان ڕازی بوون، هەر هۆزێك ئاواتی دەخواست کەسێکی نزیکی خۆی بێت،

پاش کەمێك ویستی خوا وا بوو کە ئەو کەسە محمد (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)ی ڕاستگۆ و دەسپاك بێت.!! کاتێ بینیان ((محمد)) هاتەژوور. هەموو هاواریان کرد ڕازین ئەمین دادوەر بێت.

+ کاتێ هاتە ژوور باسەکەیان تێگەیاند،پاش کەمێك ڕامان. فەرمووی پارچەیەك قوماشم بۆ بهێنن. یان عەباکەی خۆی داخست.

+ قوماشەکەی ڕاخست، بەدەستی خۆی بەردە ڕەشەکەی هەلگرت و لەناو قوماشەکە دانا پاشان پێی وتن:

باگەورەی هەر هۆزێك بێتە پێشەوە و هەریەك سوچێکی قوماشەکە بگرن و هەموتان بەرزی بکەنەوە.

فەرمانیان جێ بە جێ کرد و تا گەشتە شوێنی دیاری کراوی بەردەکە، محمد (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بەدەستی خۆی بەردەکەی هەلگرت و لە جێگەی خۆی دانا، هەموویان خۆشحاڵ بوون، بەمەش پلەی محمد (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) و ڕێزی لەناویان دا هێندەی تر زیادی کرد.ئینجا بینای کەعبەیان تەواو کرد کە بەرزی(١٨)باڵ بوو، دەرگاکەیان بەرز کردەوە تا هەموو کەس بەئارەزووی خۆی نەچێتە ناوی، لە لای (الرکن الشامی) پەیژەیەکیان بۆ سەربان کرد و بتی (هوبەل) یان لەناو دانا، لەگەڵ ئەو شتە بەنرخانەی تیایدا بوو. لەو کاتەدا تەمەنی محمد (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ٣٥ ساڵ بوو لەگەڵ ئەوەی

دەیانزانی کە محمد (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) باوەڕی بە بتەکانیان نیە،و زۆرێك لە عادەت و کاریان بە هەڵە دەزانیٚ. بەڵام ڕێزو گەورەیی لە دڵیاندا وای کرد کە کەس بەرهەڵستی نەکات، لەدوای ئەوەش تا تەمەنی ٤٠ساڵی زۆر لە خەڵکی دا دەبڕا.

بەیتو کەعبەی ماڵی خوا لە لایەن پێغەمبەرێك بنیات نرا، بەڵام دواتر پت پەرستی لە ئامانجی خۆی لایدا، سەرەنجام پێغەمبەرێك هەر لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسماعیل دێتو ماڵی خوا پاك دەکاتەوەو بتەکانی ناوی دەشکێنیٚو دەیکاتەوە ئەو ماڵەی ئەمڕۆ ...ئەهلی تەوحیدو ئوممەتی یەکتاپەرستی بە نیازی حەجو عەمرە بەسەری دەکەنەوە.

❀❀❀

## لە ئەشکەوتی حیراء

ئەشکەوتی حیراء دەکەوێتە بەرزایی کێوی نور بە دووری سێ میل لە باکوری شاری مەککە لەو ئەشکەوتەدا محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هەموو ساڵێك مانگێك خەڵوەتی دەکرد دوور لە خەڵك، کەمێك خۆراکی لەگەڵ خۆی دەبرد،بەدڵ ڕوی لە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی دەکرد.

تەمەنی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) گەشتبووە ٤٠ ساڵ، لەو کاتەدا هەر خەوێکی دەبینی وەك گزنگی بەیان لە واقیع دا ڕوی دەداو دەهاتە دی

لەمانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا، ڕۆژێ فریشتەی خوایی هات بۆ لای پێی وت: بخوێنە !!.

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: نا خوێنم.

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هەستی بە فریشتەکە کرد کە بەتوندی دەیگوشی، پاشان بەریداو جاری دووەم پێ ی وت: بخوێنە!.

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: خوێندەوار نیم.

جارێکی تر فریشتەکە گوشی زیاتر لە جاری یەکەم، وەك کەسێك بیەوێ بیخنکێنێ، تا وا گومانی برد کە مردووە..

پاشان بەریدا پێی وت: بخوێنە.

## لە ئەشکەوتی حیراء

ئەشکەوتی حیراء دەکەوێتە بەرزایی کێوی نور بە دووری سێ میل لە باکوری شاری مەککە لەو ئەشکەوتەدا محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هەموو ساڵێك مانگێك خەڵوەتی دەکرد دوور لە خەڵك، کەمێك خۆراکی لەگەڵ خۆی دەبرد،بەدڵ ڕوی لە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی دەکرد.

تەمەنی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) گەشتبووە ٤٠ ساڵ، لەو کاتەدا هەر خەوێکی دەبینی وەك گزنگی بەیان لە واقیع دا ڕوی دەداو دەهاتە دی

لەمانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا، ڕۆژێ فریشتەی خوایی هات بۆ لای پێی وت: بخوێنە!!.

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: نا خوێنم.

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هەستی بە فریشتەکە کرد کە بەتوندی دەیگوشی، پاشان بەریداو جاری دووەم پێ ی وت: بخوێنە!.

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: خوێندەوار نیم.

جارێکی تر فریشتەکە گوشی زیاتر لە جاری یەکەم، وەك کەسێك بیەوێ بیخنکێنێ، تا وا گومانی برد کە مردووە..

پاشان بەریدا پێی وت: بخوێنە.

محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) فەرمووی: چی بخوێنم، فریشتەکە فەرمووی: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾ سورە العلق:١.

ئینجا محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) ئەوەی فریشتەکە فێری کرد دووبارەی کردەوە وەك ئەوەی لەسەر دڵی تۆمار کرا بێت، بەشێوەیەك محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) خۆشی سەرسام بوو، پاش کەمێك لە ئەشکەوت دەرچوو، لە شیوو دۆڵەکانی کێوەکە بە پەلەو دڵ پڕ لەترس دەهاتە خوار، تاگەیشتە ناوەڕاستی کێوەکە لە ئاسمانەوە گوێ ی لە دەنگێك بوو بانگی دەکرد و پێ ی دەوت:

ئەی محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)، تۆ پێغەمبەری خوایت، من جوبرەئیلم.

ترسی لێ نیشت، سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان بینی وا لەشێوەی پیاوێکی نورانیدا لە ئاسمان خۆی نیشان دەدات و دەڵێ: ئەی محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)، تۆ پێغەمبەری خوایت و منیش جوبرەئیلم.

محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بێدەنگ وەستا بوو سەیری هەر جێگەیەکی دەکرد هەمان دیمەنی دەبینی لە ئاسماندا،پاشان فریشتەکە دیار نەما، (محمد صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم )یش گەڕایەوە بۆ ماڵ بە ترس و لەرزەوە، دڵی زیاتر لە جاران لێ ی دەدا، بانگی خەدیجەی

کرد داوای لێکرد کە دامپۆشە، دامپۆشە! خەدیجە دایپۆشی تاترسەکەی ڕەویەوە، پاشان بە خەدیجەی فەرموو:

چیمە؟! ئینجا چیرۆك و بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕایەوە ئەوەی کەبیستی و بینی،خەدیجەش وەك هاوسەرێکی بەوەفاو دڵسۆز دڵنەوایی کرد، مژدەی پێ دەدا، بەسۆزو میهرەبانی لەگەڵی مامەڵەی دەکرد،پێ ی وت:

مژدە بێت ئامۆزا، دامەزراو بە، سوێند بە خوا کە گیانی خەدیجەی بە دەستە ئومێدەوارم تۆ نێردراوی ئەم ئوممەتە بیت، سوێند بەخوا هەرگیز خوا تۆ توشی زەرەرو زیان ناکات، چونکە تۆ کەسێکی پەیوەندی خزمایەتی ئەنجام دەدەی، لە گوفتاردا ڕاستگۆی، یارمەتی هەژارو نەدار دەدەیت، ڕێزی میوان دەگری، پشتی هەق و ڕاستی دەگریت.

ئەم قسانە دڵی (محمدصَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) ی دایەوە، هێواش بۆوە،کەمێك خەوی لێکەوت، پاشان هەستا خەدیجە جل و بەرگی بۆ هێنا پاشان داوای لێکرد بچن بۆ لای (وەرەقەی کوڕی نەوفل) ی ئامۆزای، کە ئەو کاتە بوبوە گاور، پەڕاوی ئاسمانی خوێندبۆوە، گوێی لە شوێن کەوتووانی تەورات و ئینجیل گرتبوو، شارەزای دینەکەیان بوو، چیرۆکی مێردەکەی بۆ گێڕایەوە پاش تەواو بوون، وەرەقە وتی:

قدوس – قدوس– سوێند بەو زاتەی گیانی وەرەقەی بە دەستە ئەگەر ڕاست بکەی خەدیجە، ئەوە هەمان بەرنامەو پەیامی بۆ هاتووە کە پێشتر بۆ موسا هاتووە، وە ئەو پێغەمبەری ئەم ئوممەتەیە، پێ ی بڵێ با دامەزراو بێت، خۆزگە لەو ڕۆژەدا کە گەلەکەت دەرت دەکەن، لاوێك دەبووم، تا بەو پەڕی هێزو توانام بەرگریت لێ بکەم، محمد (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بەسەر سامی فەرمووی: ئایا من دەردەکەن لەووڵاتی خۆم .؟!

وتی: بەڵێ.....هەرکەس وەك تۆ پەیامی خوای بۆ گەلەکەی هێنا بێت، گەلەکەی دژایەتیان کردووە و لەخاك و ووڵاتی خۆی دەربەدەریان کردووە، پاشان سەری (محمدصَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم)ی ماچ کرد.

دابەزینی وەحی لەساڵی ٦١٠ زایینی دا بوو.

ئەشکەوتی حیراء... کێوی نوور.. لە شاری مەککە... جێگەیەك تا بڵێی سەختو دژوار.... ئەشکەوتێکی بچوك دەبێتە سەرچاوەی نوور بۆ سەر زەوی ... ئەم ئەشکەوتە بە ویستی خوا دەبێتە خەڵوەتگەی (محمد)ی نەبی هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بۆ ڕامان‌و بیرکردنەوە و مانەوە تیایدا ئیرادەی خوای گەورەی تیا بەدی دەکرێت، چونکە لەو ئەشکەوتەوە "کەعبەی" پیرۆز دێتە بەر چاو، کەواتە پێغەمبەرصَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم دابڕانێکی جەستەیی بووە لە ماڵی خوا، بەڵام بەدڵ هەر

لەوێ بووەو چاوی هەر لەماڵی خوا بووە کە بە بتەکان پیس کرابوون، لە کاتێکدا ئیبراهیم بۆ خواناسیو خواپەرستی بنیاتی نابوو، بۆیە ئەشکەوتی حیرا دەبێتە دەستپێکی بەرنامە رێژی بۆ رزگار کردنو خاوێن کردنەوەی دڵەکانو خاکە پیرۆزەکان .

❀❀❀

## کاروانی پێشەنگ

کاتێ محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دڵنیا بوو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خوا هەڵی بژاردووە بۆ پێغەمبەری، دەستی کرد بە بانگەواز.

یەکەم کەس باوەڕی پێ هێنا خەدیجە بوو (پاشان نیگای خوا وەستا بۆ ماوەیەك) پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) غەمبار بوو ڕۆژێ بە ڕێگادا دەڕۆیشت لە پڕ گوێ ی لە دەنگێك بوو لە ئاسمان، سەری بەرز کردەوە، هەمان فریشتەی لە ئەشکەوتی (حیراء) دیبوی، لە ئاسمان لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، جارێکی تر پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ترسایەوە، کەوت بە زەویدا، هەستایەوەو بە خێرایی گەڕایەوە.

بانگی کرد دامپۆشن..دامپۆشن.

چاوی چووە خەو، پاش کەمێك لاشەی قورس بوو، هەناسەی توند بوو، عارەق بە ڕویدا هاتە خوارو ناوچاوی تەڕ بوو، ئایەتی قورئانی بۆ هاتە خوار

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝ قُمْ فَأَنذِرْ ۝ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ۝ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ۝ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ۝....﴾ خەدیجە هاوسەرەکەی بەم شێوەیە

بینی، سۆزی بۆ جولاً بەنەرم و نیانی لیّ ی نزیك بۆوە، داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە بۆ ناو جێگاکەی، بەلاّم وەلاّمی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) ئەوەبوو کە فەرمووی: تەواو ئەی خەدیجە کاتی نوستن و ئیسراحەت کۆتای هات، جبریل فەرمانی پێکردم کە خەڵکی هۆشیار بکەمەوە، بانگیان بکەم بۆ لای خوا و پەرستنی ئەو، جا کێ بانگ بکەم؟ کێ وەلاّمم دەداتەوە؟

بەم شێوەیە پەیامی ئیسلام دەستی پێکرد کە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) رایگەیاند بە هەموو خەڵك.

پەیامێك پەرستنی ڕەها بۆ (الله) وە باوەڕ هێنان بەخواو فریشتەکان و نامەکانی خواو پێغەمبەران و ڕۆژی زیندوبونەوە بناغەیبوو.

خوای گەورە پێغەمبەرەکەی فێری نوێژ کرد، خەدیجە لەگەڵی نوێژی کرد، عەلی کوڕی ئەبو طالیب لەگەڵیان بوو، هێشتا پێنەگەشتبوو،پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) داوای لێکردبوو کە هاوکاری (ئەبو طالیب) بکات.

ڕۆژێك پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)و خەدیجە نوێژیان دەکرد، عەلی کتوپڕ هاتە ژور، لە نوێژدا بینینی،لەدوای نوێژەکە، پرسی: سوجدە بۆ کێ دەبەن؟

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) فەرمووی: سوجدە بۆ ئەو خوایەی منی هەڵبژاردووە بە پەیامبەرو خەڵکی بۆ لای ئەو بانگ دەکەم.

پاشان بانگی عەلی کرد بۆ سەر پەیامەکەی و قورئانی بۆ خوێندەوە، داوای کرد مۆڵەتی بدەن تاپرس بە باوکی بکات،بۆ بەیانی هاتە لای پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)و فەرمووی: خوای گەورە منی دروست کردووە بێ ئەوەی پرس بە (ئەبو طاليب) بکات، منیش پێویستم بە پرسی ئەو نیە بۆ پەرستنی ئەو خوایە!

ئینجا باوەڕی هێنا، بووە یەکەم لاو، لەدوای ئەویش (زەیدی کوڕی حارث) خزمەتکاری پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) باوەڕی هێنا کە بەندە بوو، پێشتر (حەکیمی کوڕی حیزام) بەخشی بە خەدیجە ئەویش بەخشی بە محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) ی هاوسەری، ئەویش ئازادی کردو کردی بە کوڕی خۆی.

پاشان {(ئەبو بکری کوڕی ئەبی قوحافە)ی هاوەڵی خۆشەویستی پێغەمبەر(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) موسڵمان بوو، ئنجا ئەبوبکر دەستی کرد بە بانگەواز و لەسەر دەستی ئەو عوسماني کوڕی عەففان، عبدالرحمن کوڕی عەوف، طەلحەی کوڕی عبداللە، سەعد کوڕی ئەبی وەقاص، زوبێر کوڕی عەووام} باوەڕیان هێنا، هەروەها قەشە: وەرەقەی کوڕی نەوفل، باوەڕی هێنا وپێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) فەرمووی: لە خەومدا لەبەهەشت دیم، هەروەها ئەبو ذەری غیفاری،

عومەری کوڕی خەطاب و بیلالو ئەبوعوبەیدەو ئەرقەمو خەبباب، سەعیدی کوڕی عاصو هەندێ لە خەڵکی مەککە موسڵمان بوون، ئەوان دەچوون لە دۆڵەکانی مەککە نوێژیان دەکرد، ماوەی سێ ساڵ بەنهێنی مانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئیسلام لە گەشە دەبوو.

کارکردنی نهێنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەرەتای بانگەوازدا ئەرکێکی بناغەیی بۆ ئیسلام دروستکردو بانگەوازەکەشی پاراستو لەو ماوەدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خەریکی پەروەردەکردنی ئەو کەسانە بوو تا تواناتر بتوانن ئەرکی بانگەوازو سەرکردایەتی بگرنە ئەستۆ.

عومەری کوڕی خـەطـاب و بـیلالو ئەبوعوبەیـدەو ئەرقـەمو خـەبباب، سـەعیدی کـوڕی عـاصو هەنـدێ لـە خـەڵکی مەککـە موسـڵمان بـوون، ئەوان دەچوون لە دۆڵەکانی مەککە نوێژیان دەکرد، مـاوەی سـێ سـاڵ بەنهێنی مانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئیسلام لە گەشە دئەبوو.

کارکردنی نهێنی پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لەسـەرەتای بانگـەوازدا نەوەیەکی بناغەیی بۆ ئیسلام دروستکردو بانگەوازەکەش پـارێزراو لـەو ماوەدا پێغەمبـەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) خـەریکی پـەروەردەکردنی ئـەو کەسانە بـوو تـا دواتـر بتـوانن ئـەرکی بانگـەوازو سـەرکردایەتی بگرنـە ئەستۆ.

❁❁❁

## فەرمانی بانگەواز ئاشکرا کردن

لە دوای سێ ساڵ بانگەوازی نهێنی، خوای گەورە فـەرمانی کـرد بـە پێغەمبەرەکەی کە بانگەوازەکەی ئاشکرا بکات

﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢١٦﴾﴾ سورة الشعراء.

**هەروەها فەرمووی:** ﴿فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ سورة الحجر:٩٤.

بۆیە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم)یش دەستی کرد بـە بانگـەوازی خزمە نزیکەکانی، بەڵام (ئەبو لەهەبی) مامی قسەکانی بـڕی و خـەڵکی هاندا کە لێ ی دوربکەونەوە، پاشان بانگـەوازی خـەڵکی مەککـەی کـرد لەسەر گردی صەفا و داوای لێکردن کە بڵێن (لا اله الا الله) بـەڵام ئـەبو لەهەب هاتە وەڵام وتی: تبا لك سائر هذا اليوم ألهذا جمعتنا؟

پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) سەیری کرد زۆر بەو قسەیە غەمبار بوو زۆری نەبرد ئایەتی قورئان هاتە خوار ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ

﴿ سورە المسد.، هەر لەدنیادا بڕیاری دۆزەخ درا بۆ خۆی‌و هاوسەرەکەی.

ئینجا شاعیرەکانیان هاندا بۆ دژایەتی کردنی، داوای موعجیزەیان لێکردو باوەڕیشیان نەدەهێنا، بەشێت لەقەڵەمیان دا، بەلاچاو گاڵتەیان پێدەکرد، لەکۆڕو مەجلیسەکانیان دا گاڵتەیان پێدەکردو کردبویانە ماددەی پێکەنین، بەقسەشەوە نەوەستان، دەستیان کرد بەئازاردانی جەستەی ئەو باوەڕدارانەی کەسیان نەبوو،لەناو ئەوانیش دا زۆر ئەزیەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) یان دا هەر چەندە (ئەبو **طالب**) زۆر بەرگری لێکرد، لەناو قورەیشیەکان (ئەبو جهل) لەهەمویان زیاتر ئازاری پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) ی دا، هەروەها (**نە ضری کوڕی حارث**) یەکێکی تر بوو کە زۆر ئازاری پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)و یارانی دەدا، کاتێ پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) قسەی بۆ خەڵك دەکرد ئەو دەهات و دەی وت:" ئەی هۆزی قورەیش من قسەی زۆر لەو جوانتر دەکەم، ئینجا دەستی دەکرد بەگێڕانەوەی بەسەر هاتی پاشاکانی فارس..

هەر (ئەبو جەهل)پیسی ریخۆڵەی ووشتری لەکاتی نوێژدا کرد بەسەر پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)دا، (ئوم جمیل) خێزانی (ئەبولەهەب) پیسی و دڕك و داڵی لەڕێگەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) دادەناو ئینجا هەر هۆزێك بڕیاریان دا، ئەزیەتی ئەو کەسانە

بـدەن کەلـەناو هۆزەکەیانـدا باوەڕیـان هێنـاوە، بەزینـدانی کـردن و ئازاردان و لێدان و برسێتی و تینوێتی، (یاسرو سومەییە و عـەمماری) کوڕیان زۆر ئازار دران، بیلالی کوڕی ڕەباح کە بەنـدەی ئومەییـە بوو باوەڕی هێنـا، ئـەویش لـەنیوەڕۆی گـەرم دا هێنایـە دەرو لـەو بیابانـە گەرمەدا، بەبرسێتی و تونێتی بەردی گەورەی لەسەر سنگ دادەنـاو بـە قامچی لێ ی دەدا پێ ی دەوت: سوێند بـەخوا ئـاوا دەبـی تـا دەمـری یان کافر دەبی بـە محمـد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)،و لات و عوززا(کـە دوو بت بوون) دەپەرستی.

صوهەیبیش زۆر ئازار دەدراو بەقامچی هەموو لاشەی بڕا بوو بـەڵام ئارامیـان گـرت، پێغەمبـەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بـەلای خێزانـی یاسر تێپەڕ دەبوو کە بەسترئەبوونەوە و بەردی گەورە لەسەر سنگیان دانـرا بـوو و ئاگریـان لەپاڵدا کرئـەبووە،تازیاتر گـەرمایان بێـت پێغەمبـەر (صَلّی اللهُ عَلَیـهِ وَسَلَم) دەیفـەرموو: ئـارام بگـرن ئـەی ئـالی یاسـر، مەوعیدمان بەهەشتەو لەوێ بەیەکتر دەگەین.

+ جارێ ئەبوبەکر بەلای بیلال تێپـەڕ بوو کـە سزا دەدرا و بەپـەت بەسـترئەبووە و ڕایـان دەکێشـاو گاڵتـەیان پێـدەکرد، ئەبوبـەکر داوای کرد کە لێیان بکڕێ و ڕێکـەوتن و بیلالـی لەگـەڵ خـۆی بـردەوە پـێ ی وت: بیلال تۆ لەم ساتەوە کەسێکی ئازادی.

(ئەبو جەهل) زۆر ئازاری یاسرو خێزانەکەی دەدا تا باسی محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بەخراپ بکەن، سومەییە پێ ی وت: تف لەخۆت و خواکانت! جا مردنم زۆر لا خۆشترە تا سەیر کردنی دەم و چاوە بەدەکەی تۆ!!.

ئەبو جەهل تەواو شێت بوو، خەنجەرێکی دەرهێناو کردی بەسکیدا و شەهیدی کرد. ئەو یەکەم شەهید بوو لەئیسلام دا.

ئینجا یاسر هاواری کرد وتی: ئەی دوژمنی خوا نەفرین لە خۆت و خواکانت، ئەبو جەهل بۆی چوو، شەقێکی لەناو سکی داو هاوارێکی کردو ئەویش بووە دووەم شەهید لەئیسلام دا، پاشان کەوتنە ئازار دانی عەمماری کوڕی یاسر، هێندەیان ئازار دا تا ناچار بەچاکە باسی بتەکانی کردو بەخراپ باسی پێغەمبەرصَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم)ی کرد.

لەدوای ئەوەی ئازادیان کرد بەچاوی پڕ لە فرمێسک هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) و بۆی گێڕایەوە.

پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: دڵت چۆن بوو؟

وتی: دڵنیا بوو لەئیمانو بەزۆرو ناچاری ئەو قسانەم کرد.

پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: ئەگەر گەڕانەوە، تۆش بگەڕێوە و خوای گەورە ئایەتی لێبوردنی ناردە خوارەوە بۆ ئەو کەسانەی زۆریان لێ دەکرێ و ئەوانیش بە زوبان قسەیەك دەکەن بەڵام دڵیان دامەزراوو پڕ لە باوەڕە.

# كۆچكردن بۆ حەبەشە

پێنج ساڵ بەسەر ناردنی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) تێپەڕ بوو، دوو ساڵ بوو بانگەواز ئاشكرا كرا بوو، هاوەڵان زۆر ئازار دەدران (پێغەمبەرصَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم ) زۆر دڵگران بوو هەوڵی ڕزگار كردنیانی دەدا بۆیە پێ ی فەرموون:

ئەگەر بچن بۆ حەبەشە، لەوێ پاشایەك هەیە هیچ كەس لەلای ئەو ستەمی لێناكرێ، بچن تا خوای گەورە دەروتان لێدەكاتەوە، فەرمانی كرد بەنهێنی بڕۆن، ئەوەش یەكەم كۆچ بوو لە ئیسلام دا.

ئەوانەی ڕۆیشتن: (عثماني كوڕی عەففان، رقیەی هاوسەری كە كچی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بوو، ئەبو حوذەیفە، هاوسەرەكەی (سهلە)، زوبێر كوڕی عەوام، موصعەب كوڕی عومەیر، عبدالرحمن كوڕی عەوف، ئەبو سەلمە، هاوسەرەكەی (ئوم سەلمە))

لە حەبەشەو لای نەجاشی مانەوە تا هەواڵیان بیست كە كاروبار باش بووە، بۆیە گەڕانەوە.

پاش ماوەیەك ئەوانیش و كۆمەڵێكی تریش لە باوەڕداران گەڕانەوە بۆ حەبەشە، بەڵام قورەیش وەفدێكیان نارد بۆ ئەوەی نەجاشی باوەڕداران دەر بكات بەڵام نەیانتوانی و جەعفەری كوڕی ئەبو طالب توانی جوانی و پاكی ئیسلام بۆ نەجاشی ڕوون بكاتەوە و ئەویش بە

شاندی قورەیشی وت: ئەگەر بەرامبەر هەریەکێك شاخێك ئاڵتونم بدەنێ، ئامادە نیم بۆتان بگێڕمەوە.

شایانی باسە سوورەتی (الكهف) لەپێش کۆچ بۆ حەبەشە هاتەخوار.

## ئابڵۆقەی هەمە لایەنە

قورەیش بینی وا هاوەڵانی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) لە شوێنێکی پارێزراوو ئەمین دا لە حەبەشە دامەزراون، لەولاشەوە پەیامی ئیسلام لە بڵاوبوونەوەو گەشەدا یە لەنێو هۆزەکان دا، هەروەها دەیانبینی کە موسڵمانان لەلای کەعبە نوێژ دەکەن لە دوای ئەوەی بەنهێنی لەشیوو دۆڵەکانی مەککە نوێژیان دەکرد، ئەوەتا عومەری کوڕی خەتتاب‌وحەمزە موسڵمان بوون.

موسڵمانان بەهێز بوون بۆیە هەوڵیان دا پیلانێ ئەنجام بدەن تا کۆمەڵی موسڵمانان لە کۆمەڵگە دابڕن، لەنێو قورەیشدا پەیمانامایەکیان نوسی کە بە هەموو شێوەیەك موسڵمانان دابڕن، بەهیچ شێوەیەك شتیان پێنەفرۆشن و لێیان نەکڕن، ژنیان لێ نەخوازن و کچیان نەدەنێ! ئەم ئابڵۆقەیەش هەموو خزمانی نەوەی هاشم و نەوەی عبدالمطلب دەگرێتەوە، ئەم پەیماننامەیان بەناو

کەعبەدا هەڵواسی، بەشێوەیەك ئابڵۆقەیان دان تا ناچار پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و ئەوانەی باوەڕیان هێنا بوو بچنە شیوی ئەبوطالب، هەروەها نەوەی هاشم و نەوەی (عبدالمطلب) یش چونە لایان بەموسڵمان و کافرەوە، بێ باوەڕان تەواو ئابڵۆقەکەیان توند کرد، هەموو کۆمەك و یارمەتیەکیان لێ دابڕین، ئەوانیش ئارامیان دەگرت و پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)یش لە ئارام گرتن دا نمونە بوو، ماوەی سێ ساڵ ئابڵۆقە لەسەریان مایەوە، بەردەوام ئایەت دا دەبەزی تا ئارام بگرن و لەسەر باوەڕو یەکتا پەرستی دامەزراو بن.

﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ﴾ سورة يونس:٤٦.

موسڵمانان لەو ماوەدا زۆر ماندوبوون، منداڵیان لەبرسا دەگریا، گەورەیان بەردی دەخستە سەر گەدەی تا برسێتی چۆکی پێ دانەدا، دڵنەوایی یەکتریان دەکرد، کەهەرگیز ناڕەحەتی تاسەر نی یە گزنکی ڕزگاری هەمیشە لە دوای تاریکی شەو دێت.

پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و یارانی تەنها لە مانگە حەرامەکان دا کە خەڵکی دەچوون بۆ حەج دەیان توانی قسە لەگەڵ خەڵك بکەن، بەڕاستی ئەگەر هەستی مرۆڤانەی هەندێ لە پیاوانی مەککە نەبوایە کە هێشتا سۆزی مرۆڤانە بەتەواوی وەك (ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب)

لە دڵیان دەرنەچووبوو، ئەوا زۆریک لە موسڵمانان دەمردن، چونکە هەندێ لە پیاوانی قورەیش سۆزیان بۆ ئابلۆقە دراوەکان دەجولاّ و بە نهێنی شتومەکیان بۆ دەبردن لە وانە (هشام کوڕی عەمر).

## هەڵگرتنی ئابلۆقە

کاتێ (عەمری کوڕی هشام) بیری لە حاڵی ئەو خەڵکە بێ دەسەڵاتەی شیوی (ئەبو طالب) دەکردەوە کەنەخۆشی و برسێتی زۆری بۆ هێنئەبوون، ئەویش کەسێکی قسە ڕۆشتوبوو لەناو هۆزەکەیدا، ئەم ستەمەی پێ قبول نەبوو، سەرەتا بەنهێنی یارمەتی دەدان دواتر بەئاشکرا باسی دەکردن تا ڕۆژێ چاوی بە (زوهەیر کوڕی ئەبی ئومەییە) کەوت بەلۆمەو سەرزەنشتەوە پێ ی وت: ئەی زوهیر، ڕازی تۆ خواردن بخۆیت وجل و بەرگی تازە لەبەر بکەیت، هاوسەرت هەبێ، بەلاّم خاڵوانت لەو شوێنەبن کە دەزانی، کەس شتیان پێ نەفرۆشێت وشتیان لێ نەکڕێ، دایکی زهیر ناوی عاتکە کچی عبدالمطلب، زوهەیر قسەکەی (عەمر)ی چووە دڵ بەلاّم بێ توانای خۆی نیشان دا وتی:

جا چی بکەم؟ من تەنها پیاوێکم، سوێند بەخوا پیاوێکی ترم لەگەڵ بووایە، هەوڵم دەدا ئەو پەیماننامە هەڵبووەشێنمەوە.

عەمرو وتی: من ئەو پیاوەم.

زوهیر وتی: کەواتە با بڕیار بدەین، ئنجا ڕۆیشتن و قسەیان لەگەڵ هەندێ پیاوی قورەیش کرد، تاهاوکارییان بکەن.

عەمرو چوو بۆ لای (مطعم کوڕی عەدی) هەروەها (ئەبو البحتری) و (زومعە کوڕی الاسود) چوونە پاڵیان بڕیاریان دا لەشاخێك لە بەرزی مەککە کەناوی (خطم الجحون) بـو کۆبونـەوە، بڕیاری هەڵوەشاندن و دڕاندنی ئەو لاپەڕەیاندا کە لەکەعبە هەڵواسرا بوو، بۆ ئابلۆقەدانەکە.

زهیر وتی: بەیانی من یەکەم کەسم قسە دەکەم.

بەیانی چوون و قسەیان بۆ خەڵك کرد باسی ئەو ستەمەیان کرد، (زوهیر) وتی:

سوێند بەخوا دانانیشم هەتا ئەو پەیماننامە نەدڕم، (ئەبو جەهل)، وتی: درۆت کرد سوێند بەخوا نادڕێت!!

زومعە وتی: سوێند بەخوا تۆ درۆزنتری،ئێمە کاتێ نوسرا ڕازی نەبووین! بوحتری: پشتی گرتو وتی: زومعە ڕاست دەکات، مطعم هەڵی دایەو وتی: ڕاستیان وت و هەرکەس جگە لەو قسەیە بکات درۆ دەکات و ئێمە لێ ی بەرین.

عەمروی کوڕی هشام هەمان قسەی ئەوانی کرد.(ئەبو جەهل) سەرسام بوو زانی کە ئەمە هەڕەمەکی ناوترێ و بەرنامەی بۆ دانراوە، بۆیە وتی: ئەمە بەشەو بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام مطعم هەستا بۆ دڕاندنی، بینی وا خۆرە هەمووی خواردووە جگە لە ووشەی (بسمك

اللهم) کە عەرەبەکان بەم ووشەیە دەستیان بەشت نوسین دەکرد.
ئیتر موسڵمانان گەڕانەوە بۆ مەککە، دەستیان کرد بە چالاکی و بانگ کردنی خەڵك، لەولاشەوە قورەیش دەستی لە دوژمنایەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و هاوەڵانی هەڵنەگرت.

❀❀❀

## چوون بۆ طائیف و ئیسراو میعراج

پاش چەند مانگێك لەلاچوونی ئابلۆقە لەسەر پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)، کارەساتێکی تر بەسەریدا هات کە وەفاتی هاوسەری خۆشەویستی و دڵسۆزی(خەدیجە) بوو، لەدوای ئەویش (ئەبو طالب)-ی مامی کە زۆر بەرگری لێدەکرد وەفاتی کرد، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) زۆر غەمبار بوو ئەو ساڵەی ناونا ساڵی ماتەمینی(عام الحزن)، قورەیش زیاتر دەستیان کرد بە ئازاری پێغەمبەر (محمد) (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)، بۆیە بەتەنها دەرچوو بۆ (طائف)، تاداوای کۆمەك لە (ثقیف) بکات.

کاتێ گەیشتە (طائف) چووە لای گەورەی (ثە قیف) کەسێ برا بوون بەناوی (عبدیالیل + مسعود + حبیب) کوڕی عمرو کوڕی عمیر.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)لایان دانیشت و بانگی کردن بۆ لای خواو دینی ئیسلام، داوای کرد یارمەتی بدەن، بەڵام زۆر بەخراپی وەڵامیان دایەوە یەکێکیان وتی: ئایا خوا کەسێکی تری نەدۆزیەوە جگە لەتۆ کە بیکاتە پێغەمبەر؟!!

یەکێکی تر وتی: سوێند بەخوا قسەت لەگەڵ ناکەم، ئەگەر پێغەمبەربیت وەك دەڵێ ی، ئەوە لەوە گەورە تری قسەت لەگەڵ بکەم، ئەگەر درۆ بەدەم خواوە دەکەی ئەوە شایستەنیت کە من

قسەت لەگەڵ بکەم! سێیەمیان وتی: بەرگی کەعبەم دڕی بێت ئەگەر خوا تۆی کردبێت بەپێغەمبەر!

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) داوای لێکردن کەیارمەتی نادەن، با بەنهێنی بمێنێتەوە، بەڵام ئەم سێ برایە، بەندەو منداڵ و ژنیان دوا خست تا گاڵتەی پێبکەن و هاواری لێبکەن، بەرد بارانیان کرد تا گەیشتە باخەکەی (عوتبە و شەیبە)، خەڵکەکە وازیان لێ هێنا، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) چووە ژێر درەختێکی تری، (عوتبە و شەیبە) سەیریان دەکرد، کاتێ دڵنیابوو، ڕویکردە خواو بەدڵی شکاوەوە فەرمووی:

{پەروەردگارا، تەنها شکایەتی خۆم بۆ لای تۆ بەرزم دەکەمەوە کەوا بێهێزو لاوازم، خەڵك ئاوا بەسوك بۆم دەڕوانن، ئەی خوای بەبەزەیی تۆ پەروەردگاری لاوازەکانی و پەروەردگاری منی، کارم دەدەینە کێ، بۆ دورێك کە هێرشم دەکاتە سەر، یان دوژمنێ کە بەسەرمدا زاڵە؟ ئەگەر تۆ لێم تورە نەبیت هیچ باکم نی یە! سۆزو میهرەبانی و چاکەی تۆ فراوانە بۆ من،پەنا دەگرم بە نورو ڕۆشنایی ڕوت کە هەرچی تاریکی یە پێی ڕۆشن بۆتەوە و کاری دنیا و قیامەتی چاك کردووە، کەوا سزاو تۆڵەی تۆم بەسەردا بباری، هیچ هێز و توانایەك نیە بەبێ تۆ...}

پاشان خوای گەورە فریشتەی ئاسمانەکانی ناردە لاو پێی وت:

ئەی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) ئەگەر داوا بکەی ئەو دوو کێوە دەدەم بەسەر خەڵکی (طائف) دا، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: ئومێدەوارم خوا لەپشتی ئەوان کەسێ دروست بێ کە خواپەرستێ و هاوەڵی بۆ دانەنێ.

ئینجا (عوتبە و شەیبە) سۆزیان جولاو خزمەتکارێکی گاوریان هەبوو کە ناوی (عەدداس) بوو، ناردیان تا بۆڵێ ترێ ببات بۆ ئەو پیاوە تا لێ ی بخوات، کاتێ ترێکەی لەبەردەم دانا و پێی وت: بخۆ.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) دەستی بۆ بردو فەرمووی: (بسم الله) و دەستی کرد بە خواردن، (عەدداس) سەیری دەم و چاوی کرد بەسەرسامی وتی: سوێند بەخوا ئەم قسەیە خەڵکی ئەم وولاتە نایڵێن!!

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) پێ ی فەرموو: ناوت چیە و خەڵکی کوێ ی و دینت چیە؟

وتی: (عەدداس)، خەڵکی نەینەوا، گاورم.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: خەڵکی ئەو دێیەی کە یونسی کوڕی مەتتای لێ بوو؟

(عەدداس) وتی: تۆ چۆن ئەو(یونس)ە دەناسی؟

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: برامە، ئەو پێغەمبەر بوو، منیش پێغەمبەرم!!

(عەدداس) کەوت بەسەر دەستیداو دەستی و سەری پێغەمبەری ماچ کرد، کاتێ دوو کوڕەکەی ڕەبیعە ئەم دیمەنەیان بینی سەرسام بوون، کە عەدداس گەڕایەوە، وتیان: ئەوە چی بوو؟ وتی: گەورەم لەسەر زەویدا کەسێك لەو پیاوە چاکتر نیە، هەواڵی شتێکی پێدام جگە لە پێغەمبەر کەس نایزانێ.

وتیان: داماو وریا بە لە دینەکەت لات نەدات،دینەکەت لە دینەکەی ئەو چاکترە،لەو ڕێگەدا تەنها زەیدی لەگەڵبوو.

لە دوای ئەوەی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) نائومێد بوو لە (طائف)و بە دڵشکاوی و غەمباری گەڕایەوە تا گەشتە (نەخلە) کەدوو شەو ڕێی مابوو بۆ شاری خۆی لایداو نوێژی کرد، لەبەیانیدا قورئانی خوێند، لەو کاتەدا کۆمەڵێ لەجنۆکە (جن) بەلایدا تێپەڕین کە حەوت جنۆکە بوون،گوێیان لە قورئانەکە گرت، بەپەلە گەڕانەوە بۆ لای نەتەوەکەیان و باسی قورئانەکەیان بۆ کردن، هەموویان بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتن بۆ بیستنی قورئان، بەبێ ئەوەی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هەستیان پێبکات ئینجا باوەڕیان هێناو خوای گەورەش ئەم مژدەیەی بەپێغەمبەرەکەی گەیاند کە گەشتەکەی بێ بەرهەم

نـەبووە، ئـەوەتا هـەر چـەندە مرۆڤـەکان وەلامیـان نەدایـەوە، بـەلام کۆمەڵێ جنۆکەی زۆر باوەڕیان هێنا.

﴿وَإِذۡ صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْۖ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ﴾ **سورة الأحقاف:٢٩.**

**هەروەها** ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا﴾ **سورة الجن:١.**

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) گەڕایەوە بۆ مەککـە، خـوای گـەورە بـۆ دڵنـەوایی کـردن و پشـتگیری میوانـداری پێغەمبەرەکـەی کـرد بـۆ ئاسمان و گەورەترین موعجیزەی پـێ بەخشـی کـە (شـەو ڕەوی و بڵند بونەوە بوو)

شـەوڕەوی لـە مەککـەوە بـۆ مزگـەوتی ئەقصـا و پاشـان بڵنـد بوونـەوەی بـۆ ئاسمـان تـا گەشـتە (سـدرة المنتهـی) کەلەوێـدا پـەروەردگار گفتوگـۆی لەگـەڵ کـرد، گەیشـتە جێگەیـەك تەنانـەت (جبریل) مۆڵەتی ئـەم شوێنەی پـێ نـەدرا بوو، پاشان هەرئەوشـەوە گەڕایەوە بۆ مزگەوتی حەرام.

﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ **سورة الإسراء:١.**

ژیان ... هەل‌و فرسەتە، کە ڕۆشت ناگەڕێتەوە.. خەڵکی تائیف هەلێکی زێڕینیان لە دەست دا کاتێک پێغەمبەریان دەربەدەر کرد، بەڵام خەڵکی مەدینە بوونە دۆست‌و پشتیوانی پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بۆیە تا قیامەت خەڵکی مەدینە سەربەرزن، شارەکەیان بووە دووەم شاری (حەرەم) لە دوای مەککە، خێرو پیرۆزی داباری بەسەریاندا بە فەڕو بەرەکەتی پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) دەجال‌و تاعون ناتوانن سنوری ئەو شارە ببەزێنن.

❀❀❀

## ڕۆژی دوای موعجیزە

ئەوشەوە محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) لەماڵی (هند) ی کچی مامی بوو کەپێی دەوترا (ئوم هانیء) لەدوای نوێژی خەوتنان نوستن، لەپێش بەیانی دا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) خەبەری کردنەوە، نوێژیان کرد، فەرمووی:

ئەی دایکی هانیء بینیتان نوێژی خەوتنم لەگەڵ کردن، پاشان ڕۆشتم بۆ (بيت المقدس) و نوێژم تیا کرد، پاشان نوێژی بەیانیم لەگەڵ ئێوە کرد وەك دەبینی.

وا من دەچم بۆ لای قورەیش تا باسی ئەو گەشتەیان بۆ بکەم و توانای خوایان بۆ ئاشکرا بێت.

(أم هانیء) باوەڕدارێکی ڕاست بوو، باوەڕی بە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) کرد، بەڵام ترسا لە فێڵ و بەدرۆ خستنەوەی قورەیش.

بەیانی ڕۆیشتە دەر لەنێوان کەعبەو بەردە ڕەشەکە گەشت بە (ئەبو جهل)، بەگاڵتە پێکردنەوە پێ ی وت هیچ بووە؟

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) فەرمووی: ئەم شەو شەو ڕەویم پێکرا.

ئەبو جهل: بۆ کوێ...؟

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم): بۆ بيت المقدس.

ئـەبوجهل: پاشـان گەڕایتــەوە ناومـان؟ پێغەمبــەر (صَلّى اللهُ عَلَيـهِ وَسَلَم): بەڵێ.

ئەبوجهل: ئەگەر خەڵك بانگ بكەم ئەمەیان بۆ باس دەكەی؟

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم): بەڵێ.

دەستی کـرد بـەهاوارو بـانگ، پـاش کـەمێك خـەڵك لـەدەوریان کـۆ بوونـەوە، پێغەمبـەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) باسـی موعجیزەکـەی کـرد، داوای بەڵگـەیان لێکـرد، فـەرمووی: بـەلای کـاروانی فـلان کـەس دا لـە فلان دۆڵ ڕۆیشتم، وشترێکیان لێ وون بوبو، ئەو کاتـە مـن بـەرەو شـام دەڕۆیشتم، کاتێ گەڕامەوە لـە (ضجنان) کـە شـاخێکە لەشاخەکانی مەککە، بەلای کاروانی (بنی فـلان) تێپەڕ بـووم بینـیم نوسـتون، قـاپێ ئاویـان دانـا بـوو بـە شـتێ سـەریان دا پۆشـی بـوو، لام بـردو ئـاوم لـێ خـواردەوە، پاشـان سـەرم نایـەوە، بەڵگەشـم ئەوەیـە قافڵەکـە ئێسـتا بەرەو (ثنية التنعيم) دێت ووشترێکی بەڵەك پێشیان کەوتووە.

خێـرا کۆمـەڵێکیان نـارد بـۆ ئـەو شـوێنە،کاروانیەکەیان بـینی بـەو شێوەیەی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) باسـی کـرد، بـەڵام لەگـەڵ ئـەم بەڵگـە ڕون و ئاشـکرایەخەڵك دەسـتیان کـرد بەسـەر ڕاوەشـاندن وتیـان: سـیحرە ! ئنجـا داوایـان لێکـرد باسـی (بيت المقـدس) یـان بـۆ بکـات، فـەرمووی: شـەو چـومە نـاوی و شـەویش لـێ ی دەرچـوم لـەو کاتـەدا جبریـل وێنـەی(بيت المقـدس) هێنایـە پـێش چـاوی، ئـەویش

دەستی کرد بە باس کردنی، (دەرگایەکی هەیە ئاوایە لە فلان شوێندا...) ئەوانەی کە (بیت المقدس) یان بینی بوو نەیانتوانی ڕەخنەی لێ بگرن.

کاتێ چوون بۆلای (ئەبوبەکر) تا گومان و دودڵی بەرامبەر پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بۆ دروست بکەن و پێیان وت: کە هاوەڵەکەت شتێکی وا دەڵێت، ئەبو بەکر فەرمووی: ئەگەر لەوەش زیاتر بڵێت بەڕاستی دەزانم و بڕوای پێ دەکەم!! وتیان چۆن؟ فەرمووی: من باوەڕی پێ بکەم کە پەیام و بەرنامەی لە ئاسمانەوە بۆ دێت و جبریل دێت بۆ لای، ئاسایی یە باوەڕ بکەم کە خوای گەورە موعجیزە بۆ بەندەکەی خۆی ئەنجام دەدات، لە دەسەلاتی خوادا هەموو ڕووداوێك ئاسایی یە.

کاتێ پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) وتەکانی ئەبوبەکری بیست لەو ساتەوە ناوی نا (الصدیق).

بەلێ پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بە (بوراق) ئەو گەشتەی کرد،جبریل هاوەڵی بوو، لە بیت المقدس، پێغەمبەران: ئیبراهیم، موسی ، عیسی ، کۆمەڵێ تری بینی، پێشنوێژی بۆ کردن، لە بڵند بوونەوەشی بۆ ئاسمان دیمەنەکانی بەهەشت و دۆزەخی بینی لە ئاسمانەکاندا (حەزرەتی ئادەم و عیسی و یەحیا و یوسف و ئیدریس و هارون و موسی و ئیبراهیم)ی بینی.

لە میعراج دا نوێژی لەسەر فەرز کرا، سەرەتا( ٥٠) نوێژ بوو لە شەوو ڕۆژێکدا پاشان خوای گەورە بە سۆزو بەزەیی خۆی و داوای پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) کە حەزرەتی موسی ئامۆژگاری کرد داوا لە خوا بکات، کەمی کردەوە بۆ (٥) نوێژ هەر کەس بە چاکی ئەنجامیان بدات پاداشتی (٥٠) نوێژی هەیە.

❀❀❀

## دیدار لەگەڵ شاندی یەثریب

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بەردەوام بوو لە بانگەواز، کاتێ مەوسیمی حەج دەهات، دەچووە لای هۆزەکان و باسی پەیامەکەی بۆ دەکردن و بانگی دەکردن بۆ ئیسلام دەیفەرموو: ئەی نەوەی فلان من پێغەمبەری خوام بۆ لای ئێوە، فەرمانی پێکردوون کە تەنها ئەوبپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن و واز لە بت پەرستی بهێنن و باوەڕ بە من بهێنن).

بەڵام (ئەبو لەهەب) لەدوای ئەو هاواری دەکرد: ئەی نەوەی فلان ئەو داوا دەکات کە واز لە لات و عوزا بهێنن، بەگوێ ی مەکەن، چووە لای (کندە) و (بنو عافر) ئەوان وەڵامیان نەدایەوە، پاشان چووە لای (بنو حنیفە) ئەوانیش زۆر بە خراپی وەڵامیان دایەوە، شاری یەثریب خەڵکەکەی هەمە جۆر بوون گرنگترینیان هۆزی ئەوس و خەزرەج بوو کە جەنگ لەنێوانیاندا هەبوو چەند ساڵی خایاندبوو،هەروەها جولەکەشی تیا بوو، هۆزی ئەوس وخەزرەج، بت پەرست بوون، جولەکەکان لە یەثریب بڵاویانکردبوّوە کە پێغەمبەری ئاخر زەمان نزیکە پەیدا بێت و دەیان وت: لەبەنی ئیسرائیل دەبێت، بەوەش خەڵکی یەثریبیان دەترسان پێیان دەوتن:

پێغەمبەرێك دێت، کاتی هاتنی نزیك بۆتەوە ئێمە شوێنی دەکەوین لەگەڵ ئەودا لە دژی ئێوە دەجەنگین و وەك گەلی عاد و ئیرەم لەناوتان دەبەین.

کاتێ وەفدێکی خەزرەج بۆ حەج دێن بۆ مەککە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: ئێوە کێن؟

وتیان: کۆمەڵێکی خەزرەجی، فەرمووی: ئەوانەی لەگەڵ جولەکە پەیمانتان هەیە؟ وتیان بەڵێ.

فەرمووی: ئایا دا دەنیشن گفتوگۆیەك بکەین؟ وتیان: بەڵێ.

ئینجا بانگی کردن بۆ لای خواو باسی ئیسلامی بۆ کردن و ئایەتی قورئانی بۆ خوێندنەوە، وتیان: بەڕاستی ئەو پێغەمبەرەیە کە جولەکە باسیان دەکرد، با ئێمە پێش ئەوان باوەڕی پێبهێنین، بۆیە شایەتیان داو باوەڕیان هێنا، ئەوان شەش کەس بوون کاتێ گەڕانەوە باسی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)یان کرد و بانگیان کردن بۆ ئیسلام، تاوای لێهات هیچماڵێك نەما باسی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)ی تیا نەکرێ.

لەدوای ساڵێك لەو دیدارە، لەلای عەقەبە و لەکاتی مەوسیمی حەج دا گەشت بە ١٢ کەس، ١٠ کەسیان لە هۆزی خەزرەج و دوانیان لە ئەوس پەیمانیان بە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) دا، ئەوەش

سەرەتای پەیوەندی ئەوس و خەزرەج بوو کەلەسەر خوانی ئیسلام کۆبوونەوە.

ئینجا پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) (موصعەبی کوڕی عومەیری) لەگەڵ ناردن تا دینەکەیان فێر بکات و بە قورئان ئاشنایان بکات و پێش نوێژیان بۆ بکات، ئەویش دڵسۆزانە بەئەرکی سەرشانی هەڵساو پشتیوانی زۆرو گەورەی بۆ ئیسلام دروست کرد لەوانە:( سعدی کوڕی معاذ+ أسید کوڕی حەضیر) بەبۆنەی ئەوانیش خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوون.

## پەیمانی عەقەبەی دووەم

کاتێ موسڵمانان لە یەثریب زۆر بوون وتیان تا کەی ئێمە واز لە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بهێنین کە کافرەکان ئازاری بدەن لە مەککە، بۆیە (٧٠ ) پیاوو دوو ئافرەت لەکاتی حەج ڕۆیشتن شوێنی عەقەبەیان دانا تا یەکتر ببینن لەگەڵ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) شەو یەك یەك و دوو دوو چوون تا کۆبوونەوە.

وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)پەیمانت پێ دەدەین فەرمووی: پەیمانم پێ دەدەن لەسەر بیستن و گوێڕایەڵی لە خۆشی و ناخۆشی، بەخشین لە بوون و نەبوون دا و، فەرمان بە

چاکەو دژایەتی خراپە، بانگەواز بۆ لای خوا بەشێوەیەک لەسەرزەنشتی کەس نەترسن، وە لەسەر ئەوەی پشتم بگرن و بەرگریم لێبکەن لەو شتانەی کە بەرگری لە خۆتان و خێزان و وەچەکانتان دەکەن، بەهەشت بۆ ئێوە دەبێت؟

ئینجا هەڵسان و پەیمانیان پێدا (ئەم قسانە جابری کوڕی عبداللە) بۆمان دەگێڕێتەوە.

## کۆچکردن بۆ مەدینە (یەثریب)

کاتێ قورەیشی یەکان هەواڵی پەیماننامەیان بیست، زانیان پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) خەریکە پشتیوانی لەدەرەوەی مەککە بۆ دروست دەبێت، تەواوی توانایان خستە کار بۆ ئازار دانی موسڵمانان، بەئارامگری و دامەزراوییان هێندەی تر ئازاری بێ باوەڕانیان دەدا، ئینجا خوای گەورە مۆڵەتی دەرچوون لەمەککە و کۆچکردنیان بۆ (یەثریب) دان، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: خوای گەورە جێگەیەک و کۆمەڵێ برای بۆ دۆزینەوە کەتیایدا پارێزراو بن، ئینجا فەرمانی کرد بەدەستەدەستەو نهێنی کۆچ بکەن، لەدوای خۆیان ماڵ و منداڵ بەجێ بهێڵن لەپێناو ڕەزامەندی خوادا.

هێشتا قورەیش ئازاری ئەو پەیماننامە لە دەروونیاندا جۆشی دەخوارد،هەواڵێکی بەئازارتریان بیست، کە کۆچ بوو، بۆیە بەپەلە خۆکەوتن تا نەهێڵن کۆچ سەر بگرێ، بەڵام شکستیان هێنا.

یەکەم هاوەڵ کە کۆچی کرد (ئەبو سلمە کوڕی عبدالاسد) ی نەوەی مەخزوم بو کە پێش ساڵێك بەر لە (عەقەبە) کۆچی کردبوو ئینجا (عامر کوڕی ڕەبیعە و خێزانی) پاشان (عبداللە کوڕی جحش) و هاوسەری و براکەی، پاشان (عومەری کوڕی خەطاب) و (عەییاش کوڕی ئەبی ڕەبیعە) ی ئینجا هاوەڵان بەشوێنیاندا، کاتێ قورەیش زانیان ناتوانن بەر لە کۆچی باوەڕ داران بگرن هەوڵیان دا نەهێڵن سەرکردەو پێغەمبەرەکەیان بڕوات، لە کۆبوونەوەیەکی خێراو نهێنی دا، بڕیاری تیرۆر کردنی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)یان دا بە شێوەیەك خوێنەکەی لەناو هۆزەکانی قورەیش بلاو بێتەوەو نەزانرێت کێ کوشتویەتی..

بڕیارەکەش لە (دار الندوة) لەماڵی (قوصەی کوڕی کیلاب) درا، لەو کۆبوونەوەدا شەیتان لەسەر شێوەی کەسێکی خەڵکی نەجد بەشداری کردو پێشنیاری تیرۆرکردنەکە (ئەبو جەهل) وتی و شەیتان پشتگیری لێ کرد، وتیشی: لە هەر هۆزێك لاوێکی ئازاو بەتوانا هەڵدەبژێرین بەشمشێرێکەوە، بچن بە هەموویان محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ

وَسَلَم) لـەناو ببـەن، ئـەو کاتـە خوێنەکـەی بـڵاو دەبێتـەوەو نـەوەی (عبدالمناف) ناتوانن لەگەڵ هەموو گەلەکەیان بجەنگن .

﴿وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَۚ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ﴾ سورة الأنفال: ٣٠.

❀❀❀

## کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ)

هاوەڵانی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بەرەو شاری یەثریب بە فەرمانی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) کۆچیان کرد، بەڵام ئەبوبکرو عەلی مۆڵەت نەدران، خوای گەورەش ئاگاداری پێغەمبەرەکەی کردبوو لە پیلانی قورەیشی یەکان بەرامبەری، ئەبوبەکر مۆڵەتی لە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) خواست بۆ کۆچکردن، بەڵام پێی فەرموو:

پەلە مەکە، بەڵکو خوای گەورە هاوەڵێکت بۆ پەیدا بکات، ئینجا دڵی دامەزراو ئومێدی خواست کە ئەو هاوەڵەپێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم)ی لەدڵدا شیرین بێت، تا خۆی و ماڵ و سامانی بکات بەقوربانی، بۆیە دوو وشتری ڕەسەن و چاکی کڕی و هەموو پێداویستی یەکانی بۆ ئامادە کرد.

لە نیوەڕۆیەکی گەرم دا پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) بەرەو ماڵی ئەبوبەکر بەڕێکەوت، کاتێ بینی وتی: پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) لەم کاتەدا بۆ کارێکی گرنگ هاتووە، کە هاتە ژوور فەرمووی: خوای گەورە مۆڵەتی کۆچی پێداوین.

ئەبو بەکر وتی: هاوەڵت دەبم ئەی پێغەمبەری خوا؟.

فەرمووی: هاوەڵیت.

لە خۆشیدا دەستی کردە گریان، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا دوو ووشترم ئامادە کردووە، ئینجا (عبداللە کوڕی ئەرقەط) ی بەکرێ گرت کە هێشتا موشریك بوو تا ڕێگەیان نیشان بدات، ووشترەکانی پێدا تا ئەو ڕۆژەی کۆچ دەکەن لای (عبداللە) بن.

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) دەیزانی کە قورەیش پیلانیان بۆ لەناو بردنی هەیەو ئەگەر لەشاریش دەربچێت شوێنی دەکەون، بۆیە بڕیاری دا لەشوێن و کاتی دیاری نەکراودا کۆچ بکەن. لەو شەوەدا قورەیش هەستی بە جمو جووڵ کرد، بۆیە ئەو لاوانەی بڕیاربوو شەو بچنە ماڵی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)و تیرۆری بکەن کۆبوونەوە، (ئەبوجهل) لەگەڵیان بوو، هەموویان شمشێریان لەکێلان دەرهێنا بوو تا بەیەکجار هێرش بکەنە سەر پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)، لەنیوە شەودا..

پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بە(عەلی کوڕی ئەبو طالب)ـی فەرموو: لە جێگەم بخەوە، ئەو عەبا خەضرەمییەی من بدە بەسەرتا، دڵنیا بە توشی هیچ زیانێك نابیت، ئەو ئامانەتانەش بدەرەوە بە خاوەنەکانیان، هەر جارێك قورەیش سەیری ژوورەوەیان دەکرد کەسێك لەجێگەکە خەوتبوو و دڵنیا دەبوون کە دەرنەچووە. لە سێیەکی کۆتایی شەودا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) هاتە دەرەوە، مستێ خۆڵی هەڵگرت و هەڵیدا بەسەریانداو سەرەتای

سورەتی (یس) خوێند، هەموویان خەویان لێکەوتبوو، خوای گەورە پیلانی دژی پێغەمبەرەکەی هەڵوەشاندەوە. یەکێك لەخەو بەئاگای هێنانەوە، سەیریان کرد وتیان: هێشتا محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) لە جێگەکەی خۆی خەوتووە. بەڵام پاش ماوەیەك دنیا ڕووناك بۆوە، بڕیاری چوونە ژوورەوەیان دا کاتێ دەرگایان کردەوە، عەلی کوڕی ئەبو طالب لەجێگە سەری دەرهێنا، هەموو شمشێریان بەرز کردبۆوە تا بەیەکجار لەگەردنی خۆشەویستی خوا محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بدەن، بەڵام بەبینینی عەلی سەرسام بوون!!

(ئەبو جهل) بەو هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوو، خێرا بەرەو ماڵی ئەبوبەکر ڕۆیشتن، بەڵام تازە کار لە کار ترازئەبوو، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)و ئەبوبەکریش پێش ئەوان لەپشتەوەی ماڵی ئەبو بەکر بە نهێنی دەرچوبون، کاتێ ئەسمای کچی ئەبوبەکر هاتە دەر، (ئەبوجهل) پرسی: باوکت لەکوێ یە؟

وتی: نازانم. (ئەبوجهل) دەستی بەرز کردەوەو زللەیەکی لەڕووی ئەسماء داو گوارەکەی گوێی کەوتە خوار، هەر ئەو شەوە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم)و ئەبوبەکر گەشتنە ئەشکەوتی (ثەور)، ئەبوبەکر پێش پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) چووە ناو ئەشکەوتەکە تا ئەگەر مارێ یان شتێ زیان بەخشی تیا بێت نەهێڵێ پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم) بچێتە ناوی، قوڕەیش کەوتنە گەڕان، نزیک بوونەوە لە

ئەشکەوتی ثەور و دەوریان دا، بەلاّم خوای گەورە کوێری کردن ، هێندە نزیکبوونەوە ئەبوبەکر بەپێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)ی وت: ئەگەر یەکێکیان سەیری بەر پێ ی خۆی بکات ئێمە دەبینێ، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر گومانت چیە بەدوو کەس خوای گەورە سێ یەمیان بێت؟ ﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ سورە التوبە:٤٠.

دوای ئەوە بڕیاری قورەیش دەرچوو کە (١٠٠) ووشتر بەخشیش بۆ هەر کەسێك جێگەی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) ئاشکرا بکات یان دەستگیری بکات.

سێ ڕۆژ عبدالله کوڕی ئەبوبکر لەناو قورەیش هەواڵی کۆ دەکردەوە بزانێ بەرنامەو پیلانی نوێیان چیە..شەو بەتەنها بەرەو ئەشکەوت بەڕێکەوت تا هەواڵی تازە بگەیەنێت بە پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)، عبدالله شەو دەگەڕایەوە، بەیانی زوو (عامری کوڕی فەهیرە) مەڕوماڵاتەکەی دەبرد بۆ نزیکی ئەشکەوت تا

جێگـەی ڕۆیشـتنی عبـدالله بشـارێتەوە و مــەڕەکانیش بدۆشـیێ و شیرەکەیان بدات بە دوو هاوەڵی ناو ئەشکەوت.

بەڵێ گێڕانەوەی ئەم داستانە مەزنە ئاسانە، بـەڵام گـەر بـە خـەیاڵ ئەو واقیعـە بێنینـە پێش چاو گـەورەیی‌و ترسـناکی‌و هەسـتیاری ئەو سـاتەوەختەمان بـۆ رون دەبێتــەوە.... دوو کــەس دوژمنێکــی سەرسەخت‌و بەتواناو شارەزا لە شیوو دۆڵەکانی مەککـە بـە شـوێنیاندا دەگـەڕێن.... ئـەوانیش دەبێـت رێگـەیـەکی دوورو پـڕ مەترسـی ببڕن، گـەرمای مەککـەو هەڕەشـەی قـورەیش‌و خـەمی بانگـەوازو چاوەڕێی ڕووداوەکـان .... بـۆ سـاتێکیش دڵـی پێغەمبـەر نالـەرزێنێ...... بەو پەڕی متمانە بوون بەخواو دڵنیا بوون لەسەرکەوتن هەنگاو دەنێت.

✿✿✿

## بەرەو یەثریب

دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە ئەشکەوت و دڵنیا بوون لەوەی قورەیش نائومێد بوون لە دەستگیرکردنیان، ئینجا وەك بڕیار بوو (عبدالله کوڕی ئەرقەط) بەخۆیی و دوو وشترەکەوە بەرەو جێگەی دیاری کراو ڕۆیشت، ئەسماء کچی ئەبوبەکر خواردنی پێچایەوە لەگەڵ ئاو و هەڵی گرت، لە بیری چوو پشتێنێ ببات بۆ ئەوان،بۆیە پشتێنەکەی خۆی کردە دوو پارچە و یەکێکیان بۆ خۆی و ئەوی تریش بۆ بەستنەوەی خواردن و ئاوەکەی پێغەمبەری خواو ئەبوبەکری باوکی...بۆیە ناونراوە (ذات النطاقین)، ئینجا ئەبوبەکر ووشترە چاکەکەیانی هێنا بۆ خزمەت پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم)، فەرمووی: دایك و باوکم بە قوربانت بن سەرکەوە!

فەرمووی: سوار ووشترێك نابم کە هی خۆم نەبێت، ئەبوبەکر وتی: لە منەوە بۆ تۆیە ئەی پێغەمبەری خوا(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم)، فەرمووی:نەخێر، نرخەکەی چەندە؟ کاتێ هەواڵی نرخەکەی پێ دا پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) فەرمووی: ئەوە لێم کڕیت بەو نرخە.

ئەبوبەکر وتی: هەردووکیان هی تۆن ئەی پێغەمبەری خوا.

بەرەو یثریب بەڕێکەوتن، لەو کاتەدا پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَم) سۆزی بۆ مەککە دەجوڵا و ڕووی لێکردو فەرمووی: سوێند بەخودا تۆ

خۆشەویسترین زەوی خودای لەلای من، تۆ خۆشەویسترین زەویت لەلای خوا ئەگەر خەڵکەکەت دەریان نەکردمایە دەرنەدەچووم و کۆچم نەدەکرد!

یەکێك لەو کەسانەی بە خەڵاتی قورەیش خەڵەتئەبوو بۆ دەستگیرکردنی محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) سوراقەی کوڕی مالیك بوو،بەشوێنیدا دەگەڕا کاتێ گوێ ی لە پیاوێك بوو بە قورەیشی وت: کە (سێ) سواری دیوە بەلایدا ڕۆیشتون گومانیان برد محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) و هاوەڵەکانی بن، سوراقە خێرا بەرەو ئەو جێگە ڕۆیشت، لە دوورەوە بینی وا (محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم)) لە ژێر سێبەری بەردێکدا دانیشتووە، سوراقە بەرەو ڕویان ڕۆیشت کاتێك نزیك بۆوە ئەسپەکەی سمێکی داو سوراقە گلا و کەوتە خوار..

سوراقە دەڵێ: کاتێ لێیان نزیك بوومەوە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَم) قورئانی دەخوێند و ئاوڕی نەدایەوە، بەڵام ئەبوبەکر زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە، هێندەم زانی دەستی ئەسپەکەم چەقی، دابەزیم و ڕزگارم کرد کاتێ هەستایەوە، دوکەڵێك لەجێگەی چەقی دەستی ئەسپەکەم تا ئاسمان بەرز بۆوە، هاوارم کردو داوای ئەمانم لێکردن ورازی بوون و منیش سوار ئەسپەکەم بووم تا لێیان نزیکتر بومەوە زانیم کە پێغەمبەری خوایەو دینەکەی پەرە دەسێنێ، ئینجا هەواڵی

بەخششەکەی قورەیشم پێدان، ئینجا وتم: ئەگەر توێشو خۆراکتان پێویستە ئامادەم، بەلاَم داوای هیچیان لێ نەکردم.

وتیان: ئەگەر خەڵك دوامان کەوتن سەریان لێبشێوێنە ئینجا بەڵێنی بازنەو تاجی کیسرای پێداو لەسەردەمی حەزرەتی عومەردا ئەو بەڵێنەی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) هاتە جێ و بە سوراقەی بەخشی. لەڕێگەدا پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم)گەشت بە دوو ڕێگر کاتێ باسی ئیسلامی بۆ کردن موسڵمان بوون و داوای لێکردن بچن بۆ لای لە مەدینە، کاتێ پرسی ناوتان چیە، وتیان (المهانان) واتە دوو کەسە سوکەکە.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) فەرمووی: بەڵکو ئێوە دوو بەڕێزەکەن، هەر لەڕێگەی کۆچ دا پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَم) گەیشت بەپیاوێك ناوی (بورەیدەی کوڕی موصەیبی کوڕی عبدالله ئەسلمی) بوو بانگی کرد بۆ ئیسلام ئەویش باوەڕی هێنا و لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) شانزە غەزای بینی و گەلەکەی لەسەر دەستی ئەو باوەڕیان هێنا، هەر لەڕێگەی کۆچ دا پێغەمبەری خوا (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) و ئەبوبەکر و عامری کوڕی فەهیرە و عبدالله کوڕی ئەرقەط بەلای خێوەتی (أم معبد) ڕۆیشتن داوای گۆشت و خورمایان لێکرد تا لێ ی بکڕن، بەلاَم دەستیان نەکەوت، ئەو ساڵە ووشکە ساڵ بوو، مەڕوماڵاتیان لاواز بوو، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ

وَسلّم) مەڕێکی بینی لەلای خێوەتەکە فەرمووی: ئەو مەڕە چی یە؟

وتی: ئەو لەبەر لاوازی جێماوە لە ڕانەکە، فەرمووی شیری تیانی یە؟

وتی: زۆر لاوازترە، فەرمووی: مۆڵەتم دەدەی بیدۆشم؟

وتی: بەڵێ دایك و باوکم بەفیدات بێت، بەڵێ، ئەگەر شیری تیا دەبینی بیدۆشە، هێنایان پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەستی هێنا بە گوانیدا، ناوی خوای هێنا، ئینجا قاچەکانی بڵاو کردەوە بۆ دۆشین، داوای قاپێکی کرد بۆ شیرەکە، شیرێکی زۆری لێ دۆشی و قاپەکەی پڕ کرد، یەك یەك شیرەکەی دا بەهاوەڵانی تا هەموویان تێریان خوارد، پاشان جارێکی تر مەڕەکەی دۆشی تا قاپەکە پڕ بوەوە، کریێ ی شیرەکەیان پێداو قاپەکەشی بەپڕ لەشیر بۆ بەجێ هێشتن، کاتێ مێردەکەی گەڕایەوە بەخۆی و مەڕە لاوازەکانەوە، شیرەکەی بینی بەسەر سامی پرسی: دایکی مەعبەد ئەم شیرەت لە کوێ بوو؟ وتی: سوێند بەخوا پیاوێکی پیرۆز بەلای خێوەتەکەماندا تێپەڕ بوو، وتی: کەسێکی چۆن بوو؟

وتی: دەم و چاوی گەش و کراوە، بەڕەوشت، کەڵەگەت، سەرێکی بچوك،جوانخاس،چاوڕەش، مووی برۆکانی درێژ بوون، دەنگێکی گڕی هەبوو، گەردنی بەرز بوو، سپێنەی چاوی زۆر بوو،برژانگی چاوەکانی درێژ بوون، برۆکانی باریك و درێژ بوون و بەیەك گەیشتبوون، مووەکانی قژی سەری زۆر ڕەش بوون، کە بێدەنگ دەبوو سام و

هەیبەتی هەبوو، کەقسەی دەکرد گەورەیی و مەزنی تێدا بەدی دەکرا، کە لەدوورەوە دەهات جوانترین و بەرەونەقترین بەژن وبالآی هەبوو کە نزیك دەکەوتەوە زۆر جوانخاس و ڕەفتار شیرین بوو گوتەی زۆر جوان بوو، ڕێزدار بوو، میانەڕەوبوو، وتە شیرینەکانی وەك دانەی تەزبیح دەهۆنی یەوەو ڕێکی دەخستن، بالآی مامناوەندی بوو، لەبەرچاو ئەوەندە کورتە بالآ نەبوو بچوك دەر بکەوێ ئەوەندەش بالآ بەرز نەبوو درێژ دەربکەوێت، لەنێوان دوو لقی درەختێکدا ناوەنجیەکەیان بوو، لەهەر سێ لقەکە قەشەنگ تر بوو، لەهەموویان شکۆدار تر بوو..

چەند کەسێکی هاوەڵی دڵسۆزی لەگەڵدا بوو، چواردەوریان دئەبوو، کە قسەی دەکرد هاوەڵەکانی بەوریایی یەوە گوێیان لێ دەگرت، کە فەرمانی دەدا خێرا جێبەجێیان دەکرد، لەلایەن هاوەڵانیەوە گەورەو بەگوێکراو ودەور قەرەباڵغ بوو، گرژو مۆن نەبوو، بەرامبەرەکەی نەدەشکاند و تەریقی نەدەکردەوە،وتی: سوێند بەخوا ئەو پیاوەیە کە قورەیش بەشوێنیدا دەگەڕێن.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و هاوەڵی ماوەی حەوت ڕۆژو شەو ڕۆیشتن تا گەشتنە مەنزڵ.

شاعیر دەڵێ:

ئەو مەڕەی دایکی مەعبەدی پێشان کەشیرییان لێی نەدی
هەردەستی دایە ((ئەحمەدی)) بوبەڕووباری جاری من

ئەم پێغەمبەرە گەورەترین خەمی بانگەوازو تەبلیغ بوو، پیاو ژنە خراپەکان لە قوتابخانەی ئەودا، بڕیاری چاك بوون دەدەنو دەبنە کەسانی ئەمینو چیتر زیان بە خەڵك ناگەیەنن، مرۆڤە نائومێدەکان کە مۆری خراپیو سوکی کۆمەڵگایان پێدراوە، پێغەمبەرو پەیامەکەی ئومێدیان پێ بەخشیوەتەوە تەنها خێوەتەکەی (دایکی مەعبەدە) ناوی ناسرێتەوە، چونکە بۆ ساتێك سایەو سێبەری بۆ پێغەمبەر(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کردووە.

✿✿✿

## گەیشتن بەیەثریب و شاری پێغەمبەر (ﷺ)

هەواڵی کۆچ گەشتە شاری یەثریب، موسڵمانان دەمێك بوو چاوەڕێ ی بوون، لەدوای هەموو نوێژی بەیانیەك دەچوونە دەرەوەی شار تا گزنگی پێغەمبەری بەڕێز(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەربکەوێت. لە ڕۆژی دوو شەممە کاتێ لەبەر گەرما دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر، گوێیان لەدەنگی کابرایەکی جولەکە بوو کە هاواری لە ئەنصار دەکرد پێی وتن: وا هاوەڵەکەتان گەیشت.

موسڵمانان هەموو بەرەو ئەو شوێنە ڕایان کرد تا بەدیداری گەورەترین کۆچەر بگەن، لەژێر سێبەری دارخورمایەك گەیشتنە خزمەتی لەگەڵ ئەبوبەکردا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی ١٢ ڕەبیعی یەکەم بوو، لە دوای سیانزە ساڵ لەبوونی بەپێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، ئەو شوێنەش قباء بوو کە دوو فەرسەخ لە مەدینە دوور بوو..

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) چوار ڕۆژ لەوێ مایەوە، مزگەوتێکی دروست کرد،(قوباء) خۆشەویست بوو لە دڵی پێغەمبەری خوادا، بۆیە زۆرجار ڕۆژانی شەممە دەچوو بۆ مزگەوتی (قوباء) و دوو رکات نوێژی دەکرد، مژدەی داوە هەرکەس بچێتە مزگەوتی (قوباء)و دوو رکات سوننەتی تیا ئەنجام بدات پاداشتی عەمرەیەکی بۆ هەیە، ئینجا عەلی کوڕی ئەبو طالب گەشتەوە پێیان،و بەرەو مەدینە

بەرێکەوتن، هەر گەورەو سەرۆك عەشیرەتێ دەیویست ماڵەکەی پیرۆز بێت بە میوانداری خۆشەویستی خوا، بەلاَم پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: واز لە ووشترەکە بهێنن چونکە ئەو فەرمانی پێکراوەو دەزانێ لە کوێدا دەوەستێ!!

ووشترەکە ڕۆیشت تا گەیشتە پارچە زەوی یەك کە هی دوو منداڵی بێ باوکی بەنی نەجار بوو، ناویان (سەهل و سوهەیل) بوو، لەوێدا ووشترەکە یەخی دا، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دانەبەزی ووشترەکە هەستاو کەمێکی تر ڕۆیشت، پاشان ئاوڕی دایەوەو گەڕایەوە شوێنی یەکەم جاری، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دابەزی و فەرمووی: ئەم زەوی یە هی کێ یە؟

وتیان: هی دوو منداڵی بێ باوکە، لێیان کڕین و فەرمانی دا کە بکرێ بە مزگەوت، ئینجا لەماڵی ئەبو ئەیوبی ئەنصاری لایدا، ئەویش زۆر دڵخۆش و شادمان بوو خۆی و خێزانی لەو جێگەوە نانیان دەخوارد کە گومانیان وا بوو پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەستی بۆ بردووە، پاشان پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) برایەتی خستە نێوان کۆچکردوو پشتیوانەکان،(ئەوانەی لەمەککەوە هاتبوون ناونران کۆچکردووەکان ئەوانەش کەخەڵکی مەدینە بوون ناونران پشتیوان)، بەهاتنی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) یەثریب بووە مەدینە، هەر کۆچ کردوویەك بووە برای پشتیوانێك کە مێژوو برایەتی د

خۆشەویستی وای بەخۆوە نەدیبوو، بەڵام کۆچکردووەکانیش دەروونیان بەرز بوو، حەزیان نەکرد ببن بە ئەرك بەسەر براکانیانەوە، بۆیە ڕێگەی بازاڕیان گرت و دەستیان کردە سەوداو مامەڵە، پاش چەند ڕۆژێ کۆچکردووەکان تووشی نەخۆشی (مەلاریا) بوون، بەڵام خوای گەورە پێغەمبەرەکەی پاراست. کاتێ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) هەستی کرد هاوەڵانی مەککە زۆر بێتاقەتن بۆ شارەکەیان و هەندێ جار گوێ ی لەشیعرو پیاهەڵدانیان بوو بە مەککەدا، فەرمووی: خوایە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە هەر وەك چۆن مەککەت لا خۆشەویست کردبووین، یان زیاتر، خوایە بەرەکەت بکەیتە کێشانەو پێوانەی، ئەم نەخۆشی یە لەناومان هەڵگری، خوای گەورەش وەڵامی پێغەمبەرەکەی دایەوە پاش چەند ڕۆژێ موسڵمانان چاك بوونەوە.

❀❀❀

## مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

هەرچەندە هاوەڵان (کۆچکردوو پشتیوانان) دەستیان قوڕاوی و دەم وچاویان تۆزاوی و ماندوون، بەڵام زۆر خۆشحاڵن چونکە خەریکی بنیات نانی مزگەوتی پێغەمبەرن، لەو لاشەوە بە چاوی خۆیان دەبینن کە پێغەمبەرەکەیان کاریان لەگەڵ دەکات و هەروەك ئەوان ماندووە، بۆیە یەکێکیان بۆ جۆشدان بە وزەو توانای براکانی هاواری کرد: ئەگەر ئێمە دابنیشین و پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کاربکات ئەوە بەڕاستی

نیشانەی گومڕاییە، عەممار لە خۆشەویستی دا ماندوو بوونی نەدەزانی، بۆیە دوو دوو خشتی هەڵدەگرت و دەیوت: ئێمەی موسڵمان خەریکی بنیات نانی مزگەوتین، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)یش سۆزی دەجولاو خشتەکانی لێدەگرت و تۆزو خۆڵی لە دەم و چاوی عەممار دەسڕی دەیفەرموو: پەروەردگار، ژیانی ڕاستەقینە ژیانی دوا ڕۆژە پەروەردگارا لە پشتیوان و کۆچەران خۆش بە.

مزگەوتی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)ی خوا لە شێوەدا ساکار و سادە بوو، بەڵام واتای زۆر گەورەی لەخۆ گرتبوو، لەو مزگەوتەدا نەوەیەکی سەرکردە پەروەردە کرا کە مامۆستاکەیان پێغەمبەری خوا بوو، نەوەیەك کەیەکتاپەرستی لە باوەڕو، ملکەچی تەنها بۆ خوا

پرۆگرام و، خزمەت بە مرۆڤایەتی ئامانجی بوو. یەکەم وتاریش کە مامۆستای مرۆڤایەتی لە مزگەوتی مەدینە پێشکەشی کرد لە دوای سوپاس و ستایشی خوا فەرمووی: ئەی خەڵکینە، شتێ پێش خۆتان بخەن......هەر کەس دەتوانێ کە ڕوی خۆی لە ئاگر بپارێزێ، هەرچەندە بە لەتە خورمایەکیش بێت با خۆی بپارێزێ، ئەگەر نەیبوو دەستی نەکەوت، بەووشەیەکی جوان، چونکە هەر چاکەیەك پاداشتەکەی یەك بە دە،تا یەك بە حەوت سەدە.

مزگەوتی پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ئەمڕۆ بۆ جێ ژوانی خۆشەویستانی پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، لەوێ هەموان سلاو لە یەکتر دەکەنو هەرکەسیش بە زوبانی خۆی دەچێتە خزمەتی پێغەمبەرو سلاوی لێدەکات، ئارامیەك لەو مزگەوتەدا هەیە تەنها دەبێت بچیتو چێژی بکەیت، خۆت بە غەریبو ڕێبوار نازانیو میوانی پێغەمبەریت(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، بۆ مەدینە چاكو پیسی گوناه و تاوان پاك دەکاتەوە، کورەی ئیمانو ئیمانداران خاوێن دەکاتەوە.

❀❀❀

## دەستوری مەدینە

خەڵکی یەثریب هاتنە ناو ئیسلامەوە ناوەکەی گۆڕا بۆ مەدینە، شاری بت پەرستی گۆڕا بۆ شاری یەکتا پەرستی.

خەڵکی مەدینە پێك هاتبوو لە (موسڵمانان، بت پەرست، جولەکە) لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بۆ ڕێکخستنی هەماهەنگی و پێکەوە ژیانی ئەم پێکهاتانە، دەستورێکی ڕون و ئاشکرای دانا کە هەموویان پێ ی ڕازی بوون، چونکە بنەمای دەستورەکە بە(یەکسانی لەئەرك و ماف و دادپەروەری) نوسرا،پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بەو ئاڕاستەیە کاری نەکرد کە بێجگە لە باوەڕداران دووربخاتەوەو ستەمیان لێ بکات و ماڵیان داگیر بکات. سەرەتا پەیماننامەیەکی بەست لەنێو موسڵماناندا کە هەموو جۆرەکانی هەستی دەمارگیری و ڕەوتی خێڵگەڕی تێدا وە لانا و بواری نەهێشتەوە بۆ نەفامی، ئینجا پەیوەندی موسڵمانانی لەگەڵ ناموسڵمانەکان ڕێکخست بە نوسینی پەیماننامەیەك کە تیایدا فەرمووی: جولەکەکانی بەنی عەوف ئوممەتێکن لەگەڵ باوەڕداران دا جولەکە ئایینی خۆیان هەیەو موسڵمانیش ئایینی خۆیان.

جولەکە خەرجی خۆیان لەسەر خۆیانە موسڵمانانیش خەرجی خۆیان لەسەر خۆیانە، هەموویان پشتگیری یەکتر دەکەن دژ بەهەر

کەسێك دژایەتی ئـەو پەیماننامەیـە بکـات، لـەنێوانیان دا مۆچیاری و ئامۆژگاری و چاککردن هەیە، هەموو کەسێکی ستەم لێکراو پشتیوانی لـێ دەکرێت...لەدیراسـەکردنی ئـەو پەیماننامـەو دەسـتورەدا دەردەکەوێت کەپێشکەوتوترین دەستور بووە لەکاتی خۆی دا.

بۆیە دەستور گرنگ ئەمەیە باسی ئەرك‌و مـافـو دادپـەروەری بکات با ئایـەتی قورئـانی تیا نـەبێت، گـرنگ جێ بـەجێ کردنـی نـاوەڕۆکی قورئانە کە چاکەو دادپەروەرە.

❀❀❀

## پەیوەندی قورەیش بە سەرکردەی دووڕووەکان

کاتێ قورەیش زانیان موسڵمانان لە مەدینە نیشتەجێ بوون، وازیان لێ نەهێنان و دەستیان کرد بە دارشتنی پیلان لە دژیان لەو میانەدا نامەیان بۆ (عبدالله کوڕی ئوبەی) نوسی کە بەهۆی هاتنی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)ەوە دەرفەتی بوونە سەرۆکی ئەنساری لەکیس چوو، لەنامەکەدا داوایان کردبوو کە دەبێ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەربکەن یان دێینە سەرتان و شەڕتان لەگەڵ دەکەین، کاتێ نامەکە گەیشتە دەستی، خێرا خۆی و بت پەرستەکانی دەوری کۆبوونەوە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)دا کاتێ هەواڵ گەیشتە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) توانی بە حیکمەت و ئامۆژگاری پەشیمانیان بکاتەوە کاتێ عبدالله بینی هاوەڵەکانی سستن شەڕی نەکرد بەلاّم لەگەڵ قورەیش دەستی تێکەڵ کردبوو بۆ ئاژاوەنانەوە لەناو موسڵماناندا.

یەکێك لە بەندەکانی پەیماننامەکەی مەدینە، بەربەست دروست کردن بوو بۆ کاروانیەکانی قورەیش، تا ئەو ماڵ و سامانەی موسڵمانان لە مەککە لێیان زەوت کرئەبوو بگەڕێتەوە یان هودنە لەگەڵ موسڵمانان بکەن و هێندە پیلانیان لەدژ نەگێڕن و موسڵمانان ئازاد بن لەگەیاندنی پەیامەکەیان" بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەر (صَلّی

اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەمەدینـە دەسـتی کـرد بـەناردنی سـریەی چـەکدار بـۆ گەڕان و پشکنینی بیابـان، سـەرەتا بەسـەرکردایەتی (حـەمزەی کـوڕی عبدالمطلب ) دەستەیەکی( ٣٠) کەسـی نـارد بـۆ کـەنار دەریـا، لەوێـدا ڕوبـەڕوی کـاروانی ئەبوجـەهل بـوون، کـە( ١٠٠) کـەس بـوون، بـەڵام (محمـدی کـوڕی عـــەمروی جەهـــەنی) چـــووە نێوانیان.،هـــەروەها دەستەیەکی تری( ٦٠ ) کەسی بەسەرکردەی (عوبەیدە کـوڕی حـارث) نارد، لە ڕێگە ڕووبەڕوی ئەبوسوفیان بوون بە تیر لەیەکیان دا.

لەسـاڵی دووەمـی کۆچـیدا، پێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) خـۆی بەسەرکردەیی سوپایەك دەرچوو تا گەیشتە (وددان) بەڵام بـەقورەیش نەگەیشـت، پەیماننامـەی لەگـەڵ (بـنی ضـمرە) نوسـی و گەڕایـەوە مەدینە.

هەر هەمان سـاڵ خـۆی و ٢٠٠ کۆچـکردوو پشـتیوان چـوونە دەرەوە تاگەیشـــتنە شـــاخێك (بـــواط) بۆڕوبـــەڕوبونی کـــاروانێکی قـــورەیش بەسـەرکردایەتی (ئومەییـە کـوڕی خەلـەف) کـە (١١٥٠) ووشـتر بـوو و (١٠٠) جەنگاوەر دەیپاراسـتن بـەڵام کاروانەکـە ڕێگەیـەکی تـری گـرت و لایاندا.

پـاش دوو سـێ مـانگ جـارێکی تـر چـونەوە بـۆ جێگەیـەك بـەناوی (عوشەیرە) مانگی (جەمادی یەکەم و چەند شەوێکی جـەمادی دووەم) مانەوە لە چاوەڕوانی کاروانێکی قورەیش بەڵام دەستگیریان نەبوو.

پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بۆ مەدینە بە چەند شەوێك، شەوێك کۆمەڵێ موشریکی دەوار نشین هێرشیان کردە سەر ووشترو مالاتی مەدینە، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) شوێنیان کەوت تا گەشتە دۆڵێك پێ ی دەوترا (سەفوان) لە لای (بەدر) بەلام دەستگیر نەکران و ترس وبیمیان خستە دڵی بێ باوەڕان.

مێژونوسان بەم ڕوداوە دەڵێن (بەدری یەکەم) بیگومان موسڵمانان لەدوای کۆچیان بۆ مەدینە دەیانزانی قورەیش دەست هەڵناگرن لە دوژمنایەتیان، بۆیە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) خۆی لەدەروازەی مەدینەدا ئێشکگری دەکرد، وە (سعدی کوڕی ابی وقاص) و هاوەلان پاسەوانی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)یان دەکرد تا ئایەتی (والله یعصمك من الناس) هاتە خوارو پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: خەڵکینە بلاوەی لێبکەن و بڕۆنەوە خوای گەورە من دەپارێزێت.

ئینجا لەمانگی ڕەجەبی ساڵی دووی کۆچیدا سریەی (عبدالله کوڕی جەحشی ئەسەدی و(١٢) پیاوی نارد بۆ (نەخلە) بۆ چاودێری لەوێ لەکاروانێکی قورەیشیاندا، پێغەمبەری خوا(صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ئەو کارەی پێ ناخۆش بوو، چونکە لەمانگی حەرام دا بوو، موشریکەکان دەرفەتێکی باشیان دەست کەوت بۆ تاوانبارکردنی موسڵمانان، ئینجا ئایەت هاتە خوار کە ڕاستە ئەو کارە نادروست بوو، بەلام ئەوەی

موشریکەکان دەیکەن زۆر گەورەترە کە دژایەتی ڕێبازی خـوا دەکـەن، لەمانگی حەرامدا ئازاری موسڵمانانیان دا، خوێنیـان حـەڵاڵ کردبوون و لەخاکی خۆیان دەریان کردن، ئینجا خوای گەورە مۆڵـەتی شـەڕکردنی بەموسـڵمانان داو چـەند ئایـەت هاتنـە خـوارەوە، ئەوئایەتانـە لەناوەڕۆکدا شەیبوری نزیك بونەوەی شەڕیان لـێ دەدا، چونکە خـوای گـەورە دەروونـی بـێ بـاوەڕان دەناسـێ کـە هـەرگیز دەسـت لـە دوژمنایەتی باوەڕداران هـەڵناگرن، بۆیـە مۆڵـەت بـە موسڵمانان دەدات کە خۆ ئامادە بکەن بۆ پێشهاتەکان.

❁❁❁

## گۆڕینی قیبلە

لەوڕۆژانەدا و لەمانگی شەعبانی ساڵی دووەمی کۆچی خوای گەورە فەرمانی دا بەڕووەرگێڕان لە (بیت المقدس) ەوە بۆ (بیت الحرام) لەکاتی نوێژدا ئەوەش قۆناغێکی نوێ بوو لەژیانی موسڵماناندا و سەربەخۆییەکی زیاتر پێ بەخشین و لەکارو چالاکیدا گەرم و گوڕتر بوون، گۆڕینی قیبلە مانای گەورەی لە خۆ گرتبوو بۆیە قورئان ڕاستەوخۆ باسی ئەو بابەتەی کردو فەرمانی بەگۆڕینی قیبلەی موسڵمان کرد.

گۆڕینی قیبلە کە داوایەکی دڵی پێغەمبەر بوو(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بۆ ئەوە بوو کە جارێکی تر مسوڵمانان بچنەوە سەر قیبلە یەکەمی مرۆڤایەتی لە لایەن (ئیبراهیم) پێغەمبەر بنیات نرابوو، پێغەمبەری ئیسلامیش لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمە سەلامی خوایان لێ بێت کەعبەش بە چل ساڵ پێش قودس دروست کرابوو، بۆیە دەبوو کۆتا پێغەمبەر جارێکی تر روی جیهان بۆ خانەی یەکەمی خوا وەربگێڕن.

# غەزای گەورەی بەدر

پێغەمبەر ی خوا (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) (ظلمە ی کوڕی عبداللە) و (سعید کوڕی زەید)ی نارد بەرەو باکور کاتێ گەیشتنە ناوچەی (حوراء) کاروانەکەی (ئەبوسوفیان) تێپەڕی کرد خێرا گەڕانەوە بۆ مەدینە و هەواڵەکەیان گەیاند،ئەو کاروانە (١٠٠٠) ووشتری بارکرای تیا بوو، تەنها (٤٠) پاسەوانی هەبوو، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەناو موسڵماناندا فەرمووی: ئەوە کاروانێکی قورەیشە ماڵ و سامانی ئەوانی تیایە، بڕۆنەدەر بۆیان سا بەڵکو خودا بیکاتە دەستکەوتتان، بەڵام زۆری لەکەس نەکرد چونکە چاوەڕێ ی ڕوبەڕوبونەوەی نەکرد، زۆرێ لە مەدینە مانەوە، تەنها سێ سەدو چواردە کەسی لەگەڵ خۆیدا برد کە پێکهاتبوو لە کۆچەرو ئەوس و خەزرەجیەکان، تەنها دوو ئەسپ سواریان لەگەڵ بوو حەفتا ووشتریان پێ بوو، بەنۆرە سواری دەبوون.

(ابن ام کلثوم) بۆ نوێژو ئیمامەت لە مزگەوت مایەوە بە فەرمانی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)، کە گەشتە (الروحاء) (ئەبولبابە) ی ناردەوە بۆ سەرکردایەتی مەدینە، ئەبوسوفیان هەواڵی بیست کە محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) هاوەڵەکانی کۆکردۆتەوە بۆ دەست وەشاندن لە کاروانەکە، خێرا کەسێکی بەکرێ گرت تا هەواڵ

بگەیەنێتە قورەیش و فریای سامان و ماڵەکەیان بکەون، کاتێ بە شپرزەیی گەشتە مەککە خەڵکی مەککە سوپایان کۆکردەوە، ئەم سوپایە (١٣٠٠) کەس بوون، سەد ئەسپ سوارو شەش سەد زنجیر بەندیان لەگەڵدا بوو، سەرکردەی گشتی (ئەبوجەهل) بوو، نۆ کەس لەسەرانی قورەیش پێداویستی سوپاکەیان ئامادە کردبوو، ڕۆژی (٩ یا ١٠) وشتریان بۆ سوپاکە سەر دەبڕی، ئەبو سوفیان کاروانەکەی زۆر بەوریایی دەبرد، کە لەبەدر نزیک بووە کەوتە پێش کاروانەکە، لەوێدا (مجدی کوڕی عمرو) بینی لەبارەی سوپای مەدینە پرسیاری کرد، وتی: کەسم نەدیوە، تەنها لەپشت ئەو گردەوە دوو ووشتر سوارم بینی ئاویان بردو ڕۆیشت..

ئەبوسوفیان چووە شوێنەکەیان، کەمێك لە پشقلی وشترەکانی هەڵگرت و تێکیدا، بینی ناوکی تێدایە، وتی: سوێند بێت ئەمە ئالفی شاری (یثریب) ە، خێرا گەڕایەوە، ئاڕاستەی کاروانەکەی ڕووەو ڕۆژئاوا گۆڕی ڕێگەی کەنار دەریا، لە ڕێگەی سەرەکی لایداو قوتاری بوو، ئەبوسوفیان نامەی نارد بۆ سوپای مەککە کەکاروانەکە ڕزگاری بووەو بگەڕێنەوە ئەبو جەهل ڕازی نەبوو وتی: دەبێت بچینە بەدرو سەما بکەین و مەی بخۆینەوە، تا هەموو عەرەب هەواڵمان بیستن و لێمان بترسن (ئەخنەس) داوای گەڕانەوەی کرد کەس بەقسەی نەکرد، خۆی و کوڕەکانی (بنی زەهرە) گەڕانەوە، کەس لەخێڵی بەنی زەهرە

شەڕی بەدری نەدی کە (٣٠٠) پیاو دەبوون، (بنو هاشم) ویستیان بگەڕێنەوە بەلام (ئەبو جەهل) پیایاندا هەڵشاخی و ڕازی نەبوو...

لەولاشەوە هەوالگری سوپای مەدینە هەواڵیان هێنا بۆ پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) سەبارەت بەدەرباز بوونی کاروانەکەو هاتنی سوپای مەککە، دڵنیا بوون کەشەڕێك ڕووبەڕویان بوتەوە و بواری خۆلادان نەماوە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە ترسناکە لەناکاوە، پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دامەزراند، هەندێك لەو شەڕە خوێناوییە ترسان و دڵەکان کەوتنە لەرزین، ئەبوبەکر هەستاو کۆمەڵێك قسەی باشی کرد، عومەر هەستاو قسەی باشی کرد، مقداد بەهەمان شێوە وتی: پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بڕۆ بەدەم ئەو کارەوە کە خوا نیشانی داویت، ئێمە لەگەڵتا دەبین... ئەو سێ سەرکردە لەکۆچکەران بوون کەکەمینەی سوپاکە بوون.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) چاوەڕێی هەڵوێستی پشتیوانان بوو کە زۆرینەی سوپاکە بوون، پەیمانی عەقەبەش باسی شەڕی دەرەوەی مەککەی تیا نەبوو، (سعد کوڕی معاذ) تێگەیشت وتی: وەڵلاهی دەڵێی مەبەستت ئێمەیە ئەی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)؟ فەرمووی: بەڵێ.

سعد وتی: ئێمە باوەڕمان پێت هێناوە،...بڕۆ بۆ ئەو مەبەستە خۆت دەتەوێت، سوێندم بەو کەسەی تۆی بەهەق ناردووە، بماندەیت بەگژ ئەو دەریایەدا لەگەڵت دێین، یەك پیاومان دوا ناکەوێت، پێغەمبەر(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) زۆر دڵخۆش بوو، پاشان فەرمووی: بکەونە ڕێ مژدەتان لێ بێ، خوای گەورە مژدەی تێکشکاندنی یەکێك لەو دوو تاقمەی پێداوم، وەڵلاهی دەڵێی دیمەنی کوشتارگەی ئەو تاقمەم لە پێش چاوە.

ئینجا جارێکی تر هەواڵی قوڕەیشی و ژمارەیانی زانی، هەر لەو شەوەدا خوای گەورە بارانێکی زۆری باراند و موسڵمانان زۆر لێی سودمەند بوون، بەیانی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) سوپاکەی جوڵاند، بەڵام (حباب کوڕی المنذر) شوێنەکەی بەدڵ نەبوو چونکە شارەزای سەربازی هەبوو، وتی: ئەی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ئەگەر ئەم شوێنە بە وەحی دیاری کراوە ئەوە ئێمە ملکەچین، ئەگەر ڕاوبۆچوونی سەربازیە ئەوا شوێنەکە گونجاو نیە،پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بەگوێ ی کردو چونە نزیکترین ئاو تا قوڕەیش دابڕێن لەئاو و شەکەت و ماندوو بن، ئینجا بە پێشنیاری(سعد کوڕی معاذ) بنکەیەکی سەرکردایەتی دروست کراو کۆمەڵێ گەنجی ئەنساری ئەرکی پاراستنیان پێ سپێدرا.

شەوی هەینی( ١٧) ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی بوو، بەیانی کێشەو دووبەرەکی کەوتە نێوان قورەیش، هەندێك دەیان وت: با بگەڕێینەوە و واز لە محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بهێنین و بزانین لەگەڵ عەرەبدا چی دەکات...،(ئەبو جەهل) وتی: نەخێر شتی وانیە،وەڵلاهی ناگەڕێینەوە، تا خوا بەلایەکماندا دەخات،، زۆری نەبرد هەردووکیان یەکتریان بینی، پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: خوایە ئەوە قورەیشە بە فیزو شانازیەوە بەرەو ئێرە دێت، بەرەنگاری تۆ دەبێتەوە و پێغەمبەرەکەت بە درۆ دەخاتەوە، خوایە چاوەڕوانی ئەو سەرکەوتنەم کە بەڵێنت پێداوم، خوایە ئەم سەر لەبەیانیە سەریان شۆڕ بکە..

ئینجا موسڵمانانی ڕێکخست، بەتیرێك ڕیزەکانی چاك دەکرد،(سواد)کەمێ لەڕیزەکە هاتبوە پێش، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بەکلکی تیرەکە دای لەسکی و فەرمووی: ڕێك ڕاوەستە، سواد وتی: پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ئازارت دام! تۆڵەم دەوێت، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کراسەکەی هەڵدایەوەو فەرمووی: هەقی خۆت بکەرەوە، سواد باوەشی پێدا کردو سکی ماچ کرد، کاتێ پرسیاری لێکرد بۆ واتکرد، وتی: حەزدەکەم لەم کاتەی دوسوپا بەرامبەرن پێستم بەر پێستت بکەوێت!!.

پاش کەمێ (ئەسوەد کوڕی عەبدول ئەسەد) کە دڕندەیەکی خراپ بوو لە سوپای قورەیش هاتە دەرو وتی: دەبێ لەو ئەستێڵە ئاو بخۆمەوە.... حەمزە بۆی چوو، کوشتی.. ئینجا عوتبەو شەیبەو وەلید هاتنە دەر و داوای سێ کەسیان کرد، سەرەتا سێ ئەنساری هاتنە دەر، بەڵام داوایان کرد سێ هاوبەش و خزمی خۆیان بن، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)یش (ئەبو عوبەیدە) و (حەمزە)و( عەلی )بۆ ناردن و هەرزوو (حەمزەو عەلی) شەیبەو وەلیدیان کوشت، بەڵام (عوبەیدە)و (عتبە)یەکتریان بریندار کرد و دوایی عتبە کوژراو دوای چەند ڕۆژێ عبیدەش شەهید بوو..

ئینجا شاڵاوو هێرشی گشتی دەستی پێکرد، بێ باوەڕان شێت و هار بوونو، هێرشیان هێنا، موسڵمانان بەوپەڕی باوەڕو دامەزراوی بەرەنگاریان بوونەوە، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) یش خەریکی پاڕانەوە بوو، ئەوەندە پاڕایەوە عەباکەی سەرشانی کەوتە خوارەوە، ئەبوبەکر دایەوە بەسەر شانیدا، خوای گەورە بە فریشتە دڵو دەروونی باوەڕدارانی دامەزراند و ترسی خستنە نێو دڵی بێ باوەڕان، وەحی بۆ پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) هات کەوا هەزار فریشتە پشتیوانتان دەبن..

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) سەری بەرز کردەوە فەرمووی: ئەبو بەکر مژدە بێت سەرکەوتنی خوا بەڕێوەیە دەستی کرد بەهاندانی

باوەڕداران زۆری نەبرد شپرزەیی و شکست نیشانەکانی لەناو موشریکەکان دەرکەوت، زۆریان لێ کوژراو زۆریان هەڵهاتن ژمارەیەکیان دەست گیر کرا، دوو گەنج پەلاماری ئەبوجەهلیان داو کوشتیان، لەو جەنگەدا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) کوشتنی (ئەبوالبختری) قەدەغەکرد، چونکە لەمەککە ئازاردانی پێغەمبەری پێ ناخۆش بوو، وە یەکێك بوو لەو کەسانەی هەڵسان بەدڕاندنی پەیماننامەی ئابلۆقە پچڕاندن لەگەڵ (بنی هاشم) و (بنی عەبدولمتەلیب)، بەلاَم کاتێ لەگەڵ هاوڕێیەکی دەبێ (مجذر) پێ ی دەڵێت: پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لێ ی قەدەغە کردوین کە تۆ بکوژین، ئەویش دەڵێ ئەی هاوڕێکەم؟

مجذر دەڵێ: وازی لێ ناهێنین.

ئەبو بختری دەڵێ وەڵلاهی دەبێت هەردوکمان بەیەکەوە بمرین، پاشان دەستیان دایە شەڕو (مجذر ) ناچار بوو بیکوژێت، لەم شەڕەدا بێ باوەڕان(٧٠) یان لێکوژراو (٧٠ ) شیان بەدیل گیرا، موسڵمانەکان (١٤) کەسیان شەهید بوون، هەواڵ گەشتەوە مەککە (ئەبوسوفیان) خەڵك لەدەوری کۆبوونەوە، وتی: وەڵلاهی هەندێك پیاومان پێگەشت سەرتاپا سپی، بەسواری ئەسپی مارۆوە، لەنێوان ئاسمان و زەویدا وەستا بوون، وەڵلاهی ئەوانە هیچیان نەهێشت، هیچ کەسێکیش نەیدەتوانی بەرامبەریان بوەستێ، (ئەبورافع) وتی: ئەوانە فریشتە

بوون، ئەبو لەهەب زللەیەکی لێدا، ئەویش بەرپەچی داوە.جارێکی تر ئەبو لەهەب چووە گیانی و زۆری لێدا، (ام الفضل) کۆڵەکەیەکی دا بەسەریدا و پێی وت: زانیت ئاغای لێرە نیە بێکەس کوژت کرد، (ئەبو رافع) دەڵێ سوێند بەخوا تەنها حەوت شەوی تر ژیاو خوای گەورە گەرو گولی کردو کوشتی، تەنانەت کوڕەکانیشی تا سێ ڕۆژ لە تەرمەکەی نزیك نەبوونەوە، دوایی لەبەر قسەی خەڵك چاڵێکیان بۆ هەڵکەندو بەدار پاڵیان پێوە نا بۆ ناو چاڵەکە و لە دوورەوە خۆڵیان بۆ فڕێدا تا دایان پۆشی..

لەو لاشەوە شارەکەی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) (مەدینە) هەواڵی سەرکەوتنی باوەڕدارانی پێدەگات، جولەکەو دووڕووەکان کە پڕوپاگەندەی کوژرانی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) یان بڵاو کردبۆوە، سەریان شۆڕ کرد، مەدینە پڕ بوو لەدەنگی (لا اله الا الله...الله اکبر)، هەر لەو جەنگەدا ئایەتی ئەنفال هاتە خوار بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی دەستکەوتی جەنگ..

پاش سێ ڕۆژ پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) سوپاکەی بەرەو مەدینە جولاند، دوای ڕۆژێك لە گەیشتنی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بۆ مەدینە، دیلەکان گەیشتن و بەسەر هاوەڵاندا دابەشی کردن، وەسیەتی خێری بۆ کردن، هاوەڵانیش بەجوانی خزمەتیان کردن و پاشان فیدیەیان لە دیلەکان وەرگرت، بەرامبەر ئازاد کردنیان، ئەگەر

کەسێك نەیتوانیایە فیدیە بدات دەبوو (١٠) منـداڵ فێری خوێنـدەواری بکات تا ئازاد بکـرێ، ئینجا قورئـان هاتـە خـوارو باسـی ئـەو جەنگـەی کرد و یاساکانی جەنگ و ئاشتی بۆ ڕوون کردنەوە، هـەر لەساڵی دووی کۆچی ڕۆژووی مـانگی ڕەمـەزان و سـەرفترە فـەرز کـران، ئـەو ساڵە موسڵمانان یەکەم جەژن و خۆشترین جەژنیان سازکرد، پاش ماوەیـەك هەواڵگرەکانی مەدینە، هەواڵیان گەیانـد، کەتیرەی(بـەنی سلیم) لـەناو خێڵی (غطفان) هێز کۆدەکەنـەوە، بـۆ هەڵکوتانـە سـەر مەدینـە، بۆیـە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بە دووسەد سـوارەوە دای بەسـەریانداو شپرزەی کردن، لەشوێنێ کە پێ ی دەڵێن (الکدر) ئـەم ڕوداوە لـەدوای گەڕانەوەی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) لەشـەڕی بـەدر بـە حـەوت ڕۆژ بوو.

❀❀❀

## پیلانی جولەکە دژی موسوڵمانان

سەرکەوتنی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) و یارانی تەنها بۆ قورەیش کارەسات نەبوو، بەڵکو جولەکەکانی مەدینەش سەرسام و خەفەتبار بوون لەگەڵ دووڕووەکاندا، هەرچەندە لەنێوان ئەوان و موسڵمانانندا پەیماننامە هەبوو بەلاّم بەڵێنەکەیان شکاند، چونکە بەنهێنی یارمەتی قورەیشیان دا، پاشان وتیان: هەڵەمان کردو نەمان زانی، جارێکی تر پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) پەیمانی لەگەڵ بەستنەوە، بەلاّم،(کعب) ی سەرکردەیان کاتێ دڵنیا بوو لە شکستی قورەیش خێرا بەرەو مەککە ڕۆیشت لەگەڵیان گریاو شیعری بەسەر کوژراوەکانیاندا دەخوێندەوە، هانی دەدان بۆ دژایەتی موسڵمانان، کاتێ لێیان پرسی ئەی کەعب سوێندت دەدەین دینەکەی ئێمە باشترە یان دینی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) و هاوەڵانی؟

وەلاّمی دانەوە، کەڕێگەی ئێوە ڕاسترە لەدینەکەی محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم). خوای گەورەش ئایەتی ناردە خوارەوەو فەرمووی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَٰؤُلَاءِ أَهْدَىٰ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا﴾ سورة النساء:٥١.

ڕۆژێ ئافرەتێکی موسڵمان چووە بازاڕێکی جولەکەی (بنی قینقاع) بۆ فرۆشتنی خشڵەکانی، کۆمەڵێ جوو لێ ی کۆبوونەوە، لەدواوە یەکێکیان لکی کراسەکەی هەڵدایەوە بۆ سەرشانی بە دڕکێ بەستی، کەهەستا لاشەی دەرکەوت و ئەوانیش دەستیان کردە پێکەنین و گاڵتە پێکردنی، ئافرەت هاواریکرد..

پیاوێکی موسڵمان چوو بۆ یارمەتیدانیو کابرای جولەکەی کوشت، ئەوانیش پیاوەکەیان کوشتەوە، شەڕ کەوتە نێوان هەردوولا، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) داوای لێ کردن واز لەفێڵ و پەیمان شکاندن و ئازاردانی موسڵمانان بهێنن، لە وەڵامدا وتیان: لە خۆت بایی مەبە ئەی محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) کە ڕوبەڕوی گەلێ بویتەوە هیچێ دەربارەی جەنگ نازانن و فرسەتت لێهێنان، سوێند بەخوا ئەگەر ئێمە لەگەڵت بەشەڕ بێین دەزانی کێین؟ لەبەرامبەردا پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەوری گرتن و پانزە شەو ئابلۆقەی لەسەر دانان تا ڕازی بوون کە مەدینە چۆڵ بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان لە دەستوری مەدینە دەرچوون.

❀❀❀

## پیلانی تیرۆر کردن

لەدوای شکستی بێباوەڕان لەشەڕی بەدر،ڕۆژێ (عمیری کوڕی وهب) لەگەڵ (صفوانی کوڕی ئومیە) لای کەعبە وەستا بوون، زۆر فێڵبازانە هانی (عمیر)ی دا بۆ لەناوبردنی محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)، کە ئاوای لێ بەسەر هێنان،بەڵێنی پێدا کە قەرزەکەی بۆ بداتەوە و خێزان و منداڵەکانی خزمەت بکات، ئەم دوانە بڕیاریان دا بە نهێنی بابەتەکە لە نێوان خۆیاندا بهێڵنەوە، (عمیر) شمشێرەکەی تیژو ژەهراوی کرد،چووە مەدینە،کاتێ عمری کوڕی خەطاب، بینی فەرمووی: ئەوە عمیرە دوژمنی خوایە، بۆ شەڕ نەبێت نەهاتووە، هەواڵی گەیاندە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)، بەلام فەرمووی: بیکەنە ژوور، عومەر قۆڵبەستی کردو فەرمانی بە ئەنسارییەك کرد کە ئاگایان لە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بێت و پاشان بردیە ژوور،پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمانی کردو دەستیان کردەوە، پرسیاری لێکرد: عومیر چی تۆی هێناوە؟ وتی: هاتووم بۆ لای کوڕەکەم کە دیلە لای ئێوە!!

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: نەخێر وانییە،تۆو صەفوان لای دیواری کەعبە باسی کوژراوەکانی خۆتان دەکرد، وتت: ئەگەر کەسێ قەرزەکانی بۆ بدامایەتەوە و لە ماڵ و منداڵم

نەترسامایە دەچوم محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)م دەکوشت، ئەوەبوو صەفوان بەڵێنی پێدایت لە بەرامبەر ئەوەی من بکوژیت! عمیر وتی: شایەتی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت، وەڵلاهی ئەم هەواڵە جگە لەخوا کەس بەتۆی نەگەیاندووە، ئینجا شایەتومانی هێنا، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: براکەتان شارەزا بکەن و فێری قورئانی بکەن و دیلەکەشی بۆ بەر بدەن. صفوانیش مژدەی بەخەڵك دەدا بەهەواڵێکی گرنگ، تا هەواڵی بیست کە (عمیر) موسڵمان بووە، ئیتر سەری شۆڕ کردو باسی هیچی نەکرد و سوێندی خوارد کە قسەی لەگەڵدا نەکات و هیچی نەداتێ.

لەدوای غەزای بەدر چەندین جاریتر بێباوەڕان پیلانیان دارشتووە بۆ ئەوەی لە کت و پڕدا بدەن بەسەر مەدینەو موسڵماناندا و لەناویان بەرن، بەڵام هۆشیاری موسڵمانان و سەلیقەو زیرەکی و بە ئاگا بوونی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و یارانی و زانینی هەواڵ و کۆکردنەوەی دەنگ و باس و ئاشکرا کردنی بەرنامەو پیلانی دوژمنان، وای دەکرد کە هەمیشە موسڵمانان دەستپێشخەری بکەن و نەهێڵن دوژمنان فرسەتیان لێ بهێنن.

لەو غەزانەی ڕویدا (غەزای سوەیف) بوو کە (ئەبو سوفیان) ویستی ئەنجامی بدات لەنزیك شاری مەدینە باخێکی خورمایان سوتاند، دوو کەسیان کوشت،دەست بەجێ پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ

وَسَلَّم) دوایان کەوت و کۆمەڵێ شتی زۆریان لێ بەجێما، ئەمەش لەمانگی (ذي الحجە) ساڵی دووی کۆچی بوو. هەروەها غەزای (ذي أمر) کە کۆمەڵێ زۆر لە (بنی ثعلبة) و (محارب) کۆبوونەوە ویستیان بدەن بەسەر شاری مەدینەدا، لەگەڵ گەشتنی هەواڵ پێغەمبەری خوا لەگەڵ (٤٥٠) جەنگاوەر بەرێکەوت کاتێ دوژمنان هەواڵیان بیست بڵاوەیان لێکرد، بەڵام پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) مانگی (صفر) لەوێ مایەوە کەلەساڵی سێ ی کۆچیدا بوو.

هەروەها غەزای (بحران) کە (٣٠٠) جەنگاوەر بەسەرکردایەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لەمانگی (ربیعی دووەم) ساڵی سێ ی کۆچی کە لەناوچەی (بحران) دوو مانگ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) مایەوە، هێزو توانای موسڵمانانی زیاتر بۆ موشریك و بێ باوەڕان دەرخست، دوای ئەوەش گەورەترین سەرکەوتن و دەستکەوت بۆ موسڵمانان بەدیهات کە سریەیەکی (١٠٠) کەسی بە سەرکردەی (زید کوڕی حارثە) بوو کە دایان لە کاروانیەکی قورەیش بە سەرۆکایەتی (صفوان کوڕی ئومیە) و غەنیمەتێکی زۆریان گرت و بەتەواوی ترسی خستە دڵی قورەیش، بەڵام هەر بێدار نەبوونەوە و لە جیاتی هەڵبژاردنی ڕێگەی ئاشتی و ڕێکەوتن، ڕێگەی تۆڵەو خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕێکی گەورە یان هەڵبژارد کە ناسراوە بە جەنگی ئوحود.

# جەنگی ئوحود

(عبدالله کوڕی رەبیع)، (عیکرمە کوڕی ئەبوجەهل)، (صفوان)، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی موشریکەکان و هەندێ هۆزی (کنانە)و( تهامە) و(حەبەشیەکان) کە هاتبوون بۆ پشتگیری عەرەب تا هێرشی گەورە بکەنە سەر موسڵمانان بە سەرکردایەتی (ئەبو سوفیان).

ئافرەتانی قورەیش وتیان: دەبێ ئێمەش ئامادەبین،هندی ژنی ئەبوسوفیان سور بوو لەسەر دەرچوونیان تا بەچاوی خۆیان هەقی خزم و کەسە کوژراوەکانی بەدر ببینن، پێشتریش داهاتی کاروانەکەی بەدر کە ئەبو سوفیان ڕزگاری کردو هێنایەوە قازانجەکەیان دانا بوو بۆ سوپا کە نزیکەی (٥٠) هەزار لیرەی قازانج کردبوو، سوپا ئامادە کرا، سێ هەزار جەنگاوەر، دوو سەد ئەسپ و سێ هەزار ووشترو حەوت سەد زرێ ی جەنگی.

عباس کوڕی عەبدولمتەلیب مامی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەرچەندە موسڵمان نەبوو، بەڵام هەواڵەکەی گەیاندە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، قورەیش کەوتنە ڕێ لەلای تەپۆڵکەکانی کێوی ئوحود دا خستیان، دەست کرا بە گۆرانی و سەماو تەپڵ و مۆسیقا.

کاتێ نامەکە گەیشتە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) لە (قباء) بوو خێرا گەڕایەوە بۆ مەدینە، چاودێری ناردو ڕاستی هەواڵەکەیان دوبارە کردەوە، ئینجا بەیانی ڕاوێژی کرد بەخاوەن ڕاکان، هەندێ ڕایان وئەبوو لەناو شار بمێننەوە شارەکە بکەن بە قەلا.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) یش هەمان ڕای هەبوو،هەندێ وایان دەبینی کە ئابلۆقە دانیان لە شاردا خراپە، سەرەنجام پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) زانی کە زۆرینە لەگەڵ چوونە دەرەوەن، ڕازی بوو، نوێژی هەیینی بۆ کردن و خۆی ئامادە کرد و فەرمووی: من چیم وت بە گوێم بکەن، ئێوە سەرکەوتوو دەبن.پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەیزانی ئەنجامی شەڕەکە چۆن دەبێت چونکە لەخەویدا بینی بووی کە شمشێرەکەی کەلی تێ بووبوو و گایەك سەربڕاوە و دەستی خستۆتە زرێ یەکی مەحکەمەوە، هەستی کرد کە کەسێکی نزیکی و کۆمەڵێ هاوەڵی شەهید دەبن، بەلام پابەند بوو لەسەر بەجێ هێنانی یاسای ڕاوێژ تا وانەیەکی گەورە بێت لەسەر پابەند بوون بەبنەمایەکی دینەکەوە.

سوپای ئیسلام ژمارەیان هەزار کەس زیاتر نەبوو، لە ڕێگە (عبدالله کوڕی ئەبی کوڕی سەلول) سەرکردەی دوڕوەکان کەوتە بیانوو گرتن دەیوت: بۆچی خۆمان بدەین بە کوشت؟ خۆی و سێ سەد کەس لە دوڕوەکان گەڕانەوە.

سوپای موسڵمانان گەشتنە ئوحود و پشتیان دا بەکێوەکەوە و ڕوویان لە قوڕەیش کرد، شەو مانەوە بەیانی هەردوو سوپا لەیەکتر نزیک بوونەوە، شەڕ دەستی پێکرد، (عکرمە) زۆر هەوڵی دا لەلای چەپەوە هەڵمەت ببات، بەڵام موسڵمانەکان بەرد بارانیان کردن و گەڕانەوە، حەمزە هەڵمەتی برد، طەلحە کە ئاڵاکەی قوڕەیشی هەڵگرتبوو هاتە دەرو هاواری کرد: کێ دێتە مەیدانم؟

زوبێر بۆی چوو لەسەر ووشترەکە خستیە خوارو کوشتی، پێغەمبەر (صَلَّی اللّٰهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرمووی: ( الله اكبر ) و موسڵمانان بەیەك دەنگ وتیان: (الله اكبر)، لەوبارەیەوە فەرمووی: هەموو پێغەمبەرێك حەوارییەکی هەیە، حەواریەکەی من زوبێرە، بەم شێوەیە یەك یەك لەئاڵا هەڵگرانی قوڕەیش کوژران تا نۆ کەس حەمزە وەك شێر هەڵمەتی دەدا و بێ باوەڕانی شپرزە کرد، بەڵام بە داخەوە زۆری نەبرد کە (وەحشی حەبەشی) ڕمێکی لێداو شەهیدی کرد، تا سەر لەبەیانی موسڵمانان سەرکەوتوو بوون، حەفتایان لە گەورەو ئاڵا هەڵگرانی قوڕەیش کوشت، بۆیە ترسیان لێ نیشت و ئاڵایان کەوت و هەریەك بەلایەکدا هەڵهاتن..

موسڵمانان کەوتنە شوێنیان گرمەی (لا الـه الا الله....الله اكبر) ئەو شیو دۆڵەی پڕ کردبوو. هەندێ لە موسڵمانان کەوتنە کۆکردنەوەی شتومەك، تیر ئەندازەکان لەسەر کێوەکە بوون، پیغەمبەر فەرمانی

پێکردبوون کە کێوەکە بەجێ نەهێڵن و تا فەرمانیان پێ نەکرێت نەیەنە خوارەوە. بەڵام بینینی ڕاکردنی بێ باوەڕان و کۆکردنەوەی شتومەکی بەجێماو لەلایەن هەندێ موسڵمان ئەو فەرمانەی بیر بردنەوە و وتیان: ئێمە بەخۆڕایی لەسەر ئەم کێوە چی بکەین؟ وا دوژمن شکاو براکانمان خەریکی کۆکردنەوەی غەنیمەن با ئێمەش بچین، هەندێکیان ڕازی نەبوون و فەرمانەکەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) یان بیر هێنانەوە، وتیان: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) مەبەستی ئەوە نەبووە کە دوای تەواو بوونی جەنگیش هەر لێرە بمێنینەوە..

(عبدالله کوڕی جوبەیر)ی سەرکردەیان زۆر داوای لێکردن فەرمانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) نەشکێنن، بەڵام زۆربەیان ڕۆشتن و لە فەرمانەکە دەرچوون جگە لە هەندێکی کەم کە لە( ١٠ )کەس کەمتر بوون مانەوە، (خالیدی کوڕی وەلید) کە سەرکردەی سوارەی قورەیش بوو، بۆ هەلێك دەگەڕا کاتێ بینی وا کێوەکە چۆڵ بووە، بە خۆی و سوارەکانیەوە هاتن و سەر کەژەکەیان داگیر کرد و عبدالله و هاوەڵەکانیان شەهید کرد، ئینجا لەدواوە دایان لە موسڵمانەکان، ئەوانەی هەڵهاتبوون لە کافرەکان گەڕانەوە و ژنێکیان ئاڵاکەی هەڵگرت، موسڵمانەکان ئەوەی کۆیان کردبۆوە فڕێیان داو سەرسام بوون و بە شپرزەیی دەستیان کرد بەشەڕ بۆ خۆڕزگارکردن، (مصعب

کوڕی عمیر) کە زۆر لە پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) دەچوو، بەدەستی پیاوێکی قورەیش شەهید بوو، هاواریکرد کە (محمد)م کوشت.

ئەم قسەیە بڵاو بۆوە، ئەژنۆی موسڵمانان شکاو ورەیان هێندەی تر ڕوخا، هەندێکیان گەڕانەوە مەدینە، بەڵام هەندێ لەیاران وەك ئەبوبەکر و عومەر و طەلحە وگەلێکی تری کۆچەرو پشتیوانان..... خۆیاندا بە کێوەکەداو ئەژنۆیان شکا بوو، لەو کاتەدا (ئەنەسی کوڕی نضر) دای بەلایاندا وتی: ئەوە بۆچی دانیشتوون؟

وتیان: پێغەمبەری خوا کوژراوە!!

وتی: جا ئێوە دوای ئەو ژیانتان بۆ چیە؟ هەڵسن بمرن لەسەر ئەوەی کە ئەو لەسەری مردووە؟ ڕویکردە دوژمن و جەنگا هەتا شەهید کرا، زیاتر لە حەفتا برینی لێکرا دوایی تەنها خوشکەکەی بەپەنجەیدا ناسیەوە، قورەیش هەموو هێرشیان برد بۆ جێگەی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، لەم کاتە زۆر ناهەموارەدا، پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) زۆر بەدامەزراوی لەجێ ی خۆی مایەوە، کەوتە تیر بارانکردنی بێباوەڕان و کۆمەڵێ لە هاوەڵان لە دەوری کۆبوونەوە، (سعدکوڕی ئەبی وەقاص) تیر هاوێژێکی شارەزا بوو پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) تیرەکانی هەڵدەڕشتە بەردەمی پێ ی فەرموو: تیر بارانیان بکە دایك و باوکم بە قوربانت! قورەیش کەوتنە بەرد

بارانکردنی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) دانی پیرۆزی بەبەرد شکا، ڕوی بریندار بوو، کەوتە چاڵێکەوە کە قورەیش هەڵی کەندبوو هەروو ئەژنۆی بریندار بوو لەسەر خۆ چوو، (عەلی و طەلحە) خێرا دەریان هێنـــا، سەرەنجام توانیـــان ســەرکەژەکە بگرنـــەوە، موســڵمانە پەرتەوازەکان کۆبوونەوە، (کەعبی کوڕی مالیـك) کە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)ی بـینی هـاواریکرد، موسـڵمانەکان مـژدە بێـت ئەمـە پێغەمبەری خوایە..

پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ئامـاژەی بۆ کـرد کـە بێـدەنگ بێـت، بێ بـاوەڕان دڵنیا نـەبوون لـە هەواڵەکـە، بـەڵام (عثمـان کـوڕی عبداللە کـوڕی مغـیرە) بـینی و وتـی: ئـەوە (محمـد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم))ە هێرشـی بـۆ بـرد، بـەڵام وولاخەکـەی خسـتیە خـوارەوە و (حـارث) کوشتی، ئینجا (ئوبـەی کـوڕی خلـف) یـان پێگـەیی و ئـەیوت: کـوا محمـد؟ دەرنەچم ئەگـەر دەرچـێ، لەسـەر وولاخەکـەی بـوو دەیـوت: محمد لەسـەر دەکـوژم، پێغەمبـەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) کـە ئەمـەی بیست فەرمووی: ئەگەر خوا حەز کا مـن ئـەو ئـەکوژم کـە نزیك بۆوە پێغەمبـەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ڕمەکـەی حـارثي گـرت بەدەستەوە و ڕمێکی لێداو برینداری کردو لە ڕێگا کوشتی.

ئینجا بەتەواوی سەرکەوتن بۆ سـەر کێوەکـە و پێغەمبـەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) زۆر مانـدو بـوو، بـە دانیشـتنەوە بـەر نوێـژی بـۆ کـردن و

ئەوانیش بە دانیشتنەوە نوێژیان لەدواوە کرد. موسڵمانەکان بەبینینی پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ماندو بوونیان بیر چۆوە.

ژنانی قورەیش کەوتنە ناشرین کردنی شەهیدەکانی موسڵمانان، هەتا (هیند) چووە سەر تەرمی (حەمزە)و جەرگی دەرهانی و کەوتە خواردنی بەلاَم هەرچیەکی کرد بۆی قوت نەدرا.

ئینجا قورەیش خۆیان کۆکردەوەو ڕۆیشتن، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: بزانن بۆ کوێ دەچن، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر بۆ مەدینە بڕۆن ئەچم بۆیان تا گیانم تیابێ لەگەڵیان دەجەنگم، بەلاَم قورەیش گەڕانەوە مەککە.

پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بەبینینی حەمزە ی مامی خەفەتبار بوو کە ئاوایان لێکردووە، فەرمووی: ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان دەستم بەسەریاندا ڕۆیی ئەبێ جۆرێ لەگەڵ کوژراویاندا بجوڵێمەوە هێشتا عەرەب نەی دیبێ، بەلاَم خوای گەورە ئایەتی ناردو فەرمووی: تۆ ئیشت بەدەست نیە و بەدەست خوایە لێیان ببورێ ئەگەر پەشیمان بوونەوە، یان سزایان بدات چونکە ئەوانە تاوانبارن.

ئیتر پێغەمبەر(صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) وازی لەو خەیاڵە هێناو شێواندنی مردووی قەدەغە کرد، یەکێك لەپاڵەوانەکانی ئوحود (حەنظلە) بوو کە تازە ژنی گواستبۆوە، کە گوێی لەدەنگی بانگەوازی جەنگ بوو، لەو کاتەدا هێشتا تازە زاوا بوو، دەستبەجێ ژنەکەی

بەجێهێڵاو چوو بۆ جیهاد، کاتێ ویستی ئەبوسوفیان سەرکردەی قورەیش بکوژێ بەڵام (شداد کوڕی ئەوس) شمشێرێکی لێداو شەهیدی کرد، فریشتەی خوا شتیان و ناونرا (غسیل الملائکة).

جابردەڵێ (طەلحە) بەئەندازەی یانزە کەس شەڕی کرد تا شمشێرێك درا لەدەستی و پەنجەکانی قرتاند، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: هەر کەس دەیەوێت سەیری شەهیدێك بکات کەبەسەر زەویدا دەڕوات سەیری (طەلحەی کوڕی عبداللە) بکات، لەوساتە دژوارەدا کە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بینی کۆمەڵێ هاوەڵ دەوریان گرتبوو لەوانە (ئەبو دوجانە) (موصعەب کوڕی عومەیر) (عەلی) (سوهەیل) (مالك باوکی ئەبی سعید خودری) (دایکی عمارە نسیبیە) (قتادە) (عومەر)(حاطب)، (ئەبوطەلحە) (ئەبو عوبەیدە)..

لە دوای جەنگەکەش ئافرەتانی موسڵمان لەوانە (عائیشە کچی ئەبو بەکر) (ئوم سلیمەو ئوم ئەیمن) ئاویان بۆ بریندارەکان دەهێنا، لەکاتی گەڕانەوەدا موسڵمانان بەلای ژنێکدا تێپەڕین لەخێڵی (بنی دینار) کە مێردەکەی و براکەی و باوکی شەهید بووبوون، کاتێ سەرە خۆشیان لێکرد وتی: پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) حاڵی چۆنە؟ وتیان: حاڵی باشە، وتی: پیشانم بدەن با بیبینم! کە بینی ئنجا وتی: هەموو کارەساتێك دوای تۆ ئاسانە.!!!

لەم جەنگەدا (٧٠) موسڵمان شەهید بوون، زۆرینەیان لە پشتیوانان بوون، بێ باوەڕانیش سی و حەوت کەس کوژران.

کاتێ دەچیتە شوێنی ئەم غەزایەو بە چاوی خۆت گۆڕی شەهیدەکانی مسوڵمانان ئەبینی و بیر لەو ئازارو ناڕەحەتیە ئەکەیتەوە کە پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەو غەزایەدا بینی خەجاڵەتی دەتگرێ کە خۆشەویستی خوا ئاوا ئەم پەیامەی گەیاند و لە پێناو رزگارکردنی مرۆڤایەتی ئاوا ئازاری چەشتو لاشەی خەڵتان لە خوێنی هاوەڵە خۆشەویستەکانی خۆی دەبینی، ئێمەش ئەمڕۆ چەند خەمساردو بێباكو کەمتەرخەمین... بۆ ساتێك واز لەم نوسینە بهێنەو ئەو دیمەنە بهێنە پێش چاوی خۆت هەزار کەسی بێ چەكو پێداویستی تەواو، بەرامبەر سێ هەزاری ئامادە بە هەموو پێداویستیەکی جەنگ، هاژەی تیرو قرمەی شمشێرو حیلەی ئەسپو تۆزو خۆڵی سوارەکانو هاواری خەڵكو گرمەی ئەڵلاهو ئەکبەر ئەو شیو دۆڵەی پڕ کردووە..

هەواڵی کوژرانی پێغەمبەر بڵاوەو هاوەڵان ئەژنۆیان شکاوە، لاشەی حەفتا هاوەڵ کەوتوە، حەمزەو موصعەب شەهید بوون، پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) خوێن بە سەریدا دێتە خوارو ددانی شکاوەو کەوتۆتە چاڵێكو قاچی بریندار بووە، رۆژ رۆژی (طەلحە)یەو دیفاع لە پێغەمبەر دەکات، کاتێکیش کاتێکیش وا دەزانن کافرەکان بەرەو شاری مەدینە دەچن، پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەڵێت: سوێند بەخوا ئەگەر بۆ مەدینە بچن ڕوبەڕویان دەبمەوەو تا توانام هەیە شەڕیان لەگەڵ دەکەم.

## گەڕانەوە بۆ حمراو الاسد

لەدوای گەڕانەوەی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بۆ مەدینە ترسی ئەوەیان هەبوو،کە بێباوەڕان، جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ سەریان، بۆیە بۆ بەیانی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمانیدا بەجاردان بۆ ڕۆیشتن بەرەو ڕوبەڕووبوونەوەی دوژمن، ئەمەش لەرۆژی هەشتی مانگی شوالی سێ ی کۆچیدا بوو.

بێ باوەڕانیش هەمان مەبەستیان هەبوو، بەلاّم یەکێك لەهۆزی (خوزاعە) کە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) هەبوو، بەلایاندا تێپەڕی کاتێ ئەبوسوفیان بینی هەواڵی موسڵمانانی لێ پرسی ئەویش وتی: بەڕاستی محمد (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و هاوەڵەکانی بەجەنگاوەرێکی زۆرەوە کە پێشتر شتی وام نەدیوە، دەرچوون بۆتان، زۆر داخ لەدڵن بەرامبەرتان، بۆیە ئەبوسوفیان دڵنیا بوو گەڕانەوەیان بۆ شەڕ لەگەڵ موسڵمانان زیانی گەورەی دەبێت، موسڵمانان سێ شەو لەوێ مانەوە و چاوەڕێ ی گەڕانەوەی قورەیشیان کرد،کە دڵنیا بوون لە گەڕانەوەی دوژمنان بۆ جێگەی خۆیان، ئەوانیش گەڕانەوە.

ئەم ڕوداوە وایکرد لە دووڕو و جولەکە بکەونە لاقرتێ بە موسڵمانان، زیاد لەوەش هەندێ هۆزی دەورو بەر،تەماعیان کردە

سەرو ماڵی موسڵمانان، لەو میانەدا (طولەیحە و سەلەمە) ی هەردوو کوڕی (خولید) هانی گەلەکەیان دا بۆ هێرش کردنە سەر موسڵمانان و گرتن و بردنی سەرو ماڵیان، چاودێرانی بواری ئاسایشی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) هەر زوو هەواڵەکەیان گەیاند و خێرا سریەیەکی نهێنی دروست کرد کەژمارەیان (١٥٠) جەنگاوەر بوو، لەوانە (ئەبو عوبەیدە) (سعد کوڕی ئەبی وەقاص) (ئوسەید کوڕی خوضەیر)فەرمانی پێکردن بەشەو بڕۆن و بەڕۆژ خۆ حەشار بدەن و لەلا ڕێوە بڕۆن تا لەناکاو دەدەن بەسەریاندا، لەبەرەبەیانێکی زودا دایان بەسەریانداو نەیانتوانی بەرپەرچی موسڵمانەکان بدەنەوەو پیلانەکەیان بۆ هێرشکردنە سەر مەدینە زیندەبەچاڵکرا.

❁❁❁

## ڕوداوە بەئازارەکەی (ڕەجیع)

ڕۆژێ شاندێکی هەردوو هۆزی (عضل) و (قارە) هاتن بۆ لای پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) وتیان: ئێمە موسڵمان بووین چەند کەسێکمان لەگەڵ بنێرە تا قورئان و دینمان فێر بکەن، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) (مرثد و خالد و عاصم و خوبەیب و زەید و عبداللە) ی لەگەڵ ناردن و (مرثد) ی کردە لێپرسراویان.

لەگەڵیان ڕۆیشتن تا گەشتنە (الرجیع) کە ئاوی (بەنی هذیل) بوو، شمشێریان لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەرهێنا، ئەوانیش بۆ بەرگری لە خۆ کردن ئامادە بوون، هۆزی (هذیل) (مرثد و خالد و عاصم) یان شەهید کرد (زید و خوبەیب و عبداللە) بەدیل گیران، بردنیان بۆ مەککە بۆ فرۆشتن، لەڕێگە (عبداللە کوڕی طارق) توانی پەتی دەستی بکاتەوەو شمشێر هەڵبکێشێ بەڵام بەرد بارانیان کردو شەهیدیان کرد، گەشتنە مەککە (صفوان) (زید) ی کڕی تا لە تۆڵەی باوکی (ئومەییە کوڕی خەلەف) بیکوژێ، بردیانە لای (حەرەم) کۆمەڵێ لە قورەیش لە دەوری کۆبوونەوە ئەبو سوفیان وتی: سوێندت ئەدەم بەخوا ئەی زەید حەزت دەکرد محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەلامان بوایە لەگەردنمان بدایە و تۆش لەناو ماڵو منداڵت؟

وتـی: سـوێند بـەخوا حەزناکـەم محمـد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) لەشوێنی خۆی دڕکێك ئازاری بدات و منیش لەناو خێزانی خۆمدا بم!

ئەبوسـوفیان بەسەرسامی وتـی: کەسم نـەدیوە کەسێکی خـۆش بوێت بەقەد خۆشەویستی هاوەڵانی محمد بۆ محمد.

ئینجا خزمەتکارەکەی صفوان هەستاو زەیدی شەهید کرد.

خوبەیب برا بۆ شوێنێ کە دوو فەرسەخ لە مەککە دوور بوو، پـێ ی دەوترا (تەنعیم) تا لەداری بدەن، مۆڵەتی خواست تـا دوو ڕکات نوێژ بکات، یەکەم کەس کە سوننەتی پێش لەسێدارەدان و شـەهید بـوونی کـرد (خوبـەیب) بـوو، کـاتێ هـەڵیان واسـی وتـی: پـەروەردگار ئێمـە پەیامی پێغەمبەرەکەتمان گەیاند، هەواڵی ئێمە بگەیەنە بە پێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم). پاشان دوعای لێ کردن و ئینجا شـەهیدیان کـرد بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، ئـەم ڕوداوە لەسـاڵی سـێ ی کۆچیدا بـوو، پێغەمبەر لـەنێو هاوەڵانـدا وەڵامـی سڵاوی خوبـەیبی دایـەوەو هـەواڵی شـەهیدبوونی پێگەیانـدن، موسـڵمانان زۆر خـەمباربوون، بـەڵام ئـەم ڕوداوە چۆکی بەپێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و هـاوەڵان دانـەدا بـۆ گەیاندنی پەیامی خوا.

کاتێ (ئەبو بەرراء) هات بۆ مەدینـە داوای موسڵمان بـوونی لێکـرد، ئـەویش وتـی: دەتـوانی هاوەڵانـت بنێـری بـۆ ناومـان (أهـل نجـد) تـا بانگەواز بۆ پەیامەکەت بکەن.

فەرمووی: دەترسم ئەهلی نەجد توشی زیانیان بكەن؟

ئەبوبەرراء وتی: من دراوسێیانم و ناهێلم.

ئینجا پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) (المنـذر كوڕی عـەمری) نـارد لەگەڵ حەفتا لە هەڵبژاردەی هاوەڵان كـە نـاو دەبـران بـە (قـراء) واتـە: شـارەزایانی قورئـان لەوانـە (حـارث، حـەرام، عـروە، نـافیع، عـامیر) ڕۆیشتن تـا گەشـتنە بـیری مەعونـە، بـەڵام هـۆزی (رەعـل) و (قـارە) و (زەكوان) دەوریان گرتن بۆ كوشـتنیان، هـاوەڵان شمشـێریان دەرهێنـاو دەستیان كرد بەشەڕ، لەگەڵ (عامر كوڕی طوفەیل) و شوێن كـەوتوانی تا هەموویان شەهید كران، تـەنها (عـامری كـوڕی زەیـد) برینـدار بوو، پاشان ڕزگاری بوو،هەروەها لەوكارەساتەدا (عـەمری كـوڕی ئومەییـەی جەهەمی) ڕزگاری بوو، كە خەریكی شـوانی ووشـترەكانی هـاوەڵان بـوو لـە دوور، لەگـەڵ یـەكێك لـە پشـتیوانان (المنـذر كـوڕی محمـد) كـاتێ سـەریان هـەڵبڕی باڵنـدەیان بەسـەر جێگـەی هاوەڵەكانیانـەوە بـینی، وتیـان بێگومـان شـتێ ڕوویـداوە، كـاتێ چـوون، جەسـتەی لەخوێنـدا ونبـووی هاوەڵـەكانیان بینی، كابرای ئەنصاری وتـی بـە (عـەمر) چـی بكەین؟

وتـی: بـا بگەینـە لای پێغەمبـەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، بـەڵام ئـەو بۆجـونێكی تـری هـەبوو، ڕویكردە بێباوەڕان و دەسـتی كـرد بەشـەڕ لەگەڵیان، تا شـەهیدیان كـرد، پاشـان (عـەمری كـوڕی ئومەییـە) یان

دەستگیر کرد، کاتێ زانیان لە هۆزی (مضر) ە دەستبەرداری بوون، ئەویش گەڕایەوە لای پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و هەواڵە ناخۆش و دڵتەزێنەکەی بۆگێڕایەوە.

ئەم ڕوداوەش لەمانگی صەفەری ساڵی چواری کۆچیدا بوو.

ئەنەس دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا( ٣٠) ڕۆژ لەسەریەك لەنوێژی بەیانیدا دوعای دەکرد لە (رەعل، زکوان، محیان، عصبە).

✽✽✽

## غەزای (بەنی نضیر)

جولەکەکانی مەدینە، لەگەڵ ئەوەی پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەبوو، بەڵام هەمیشە دژایەتیان دەکردن، هەر چەندە لەدوای دەرکردنی (بەنی قینقاع) و کوژرانی (کەعب کوڕی ئەشرەف) بێدەنگ بوون و دەترسان، بەڵام ڕوداوی ئوحود وای لێکردن دەست بکەنەوە و پەیمان بشکێنن و بەنهێنی پەیوەندیان بە دووڕو بێباوەڕانی مەککە کرد..

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەر ئارامی گرت، بەڵام ئەوان هەر زیادە ڕەویان دەکرد و ئەمجارە هەوڵی تیرۆرکردنی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)یان دا، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە پێغەمبەری خوا لەگەڵ چەند هاوەڵێکی چوو بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی خوێنی دوو پیاو لە خێڵی (کیلاب) کە (عمری کوڕی ئومەییە) بەهەڵە کوشتبوونی، چونکە دەبوو ئەوان کە هاوپەیمانی موسڵمانان بوون بەشداری بکەن، بە پێغەمبەری خوایان وت: تۆ لێرە دانیشە تا کارەکەت بۆ جێ بەجێ دەکەین شوێنەکە لای دیواری ماڵە جولەکەیەك بوو، کاتێ ڕۆیشتن یەکێکیان وتی: کێ دەتوانێ بەردێ هەڵگرێ و لەدیوارەکەوە بیدا بەسەری محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دا و بیکوژێت، (عمری کوڕی جحاش) وتی: من ئامادەم، هەرچەندە

یەکێکیان وتی:شتی وامەکەن، ئەوە پەیمان شکێنیە،..بەڵام لەسەر کارەکەیان سوور بوون،خوای گەورە بە (جبریل) دا پێغەمبەرەکەی ئاگادارکردەوە ئەویش خێرا هەستاو بەرەو مەدینە گەڕایەوە و پاشان هەواڵەکەی بە هاوەڵان گەیاند.

پاش ماوەیەك پێغەمبەری خوا(صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) (محمد کوڕی مەسلەمە) ی نارد بۆ لای (بنی نضیر) پێ ی وتن: لەمەدینە بڕۆنە دەرەوەو دراوسێیەتیم مەکەن،دە ڕۆژ مۆڵەتتان دەدەمێ، دوای ئەو ماوەیە هەرکەس ببینم دەدەم لە ملی.

ئیتر جولەکە خۆیان کۆکردەوە بۆ دەرچوون چونکە دەیانزانی تاوانبارن و خیانەتیان لە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) کردووە و پەیمانیان شکاندووە و لەدەستوری وولات لایان داوە.

بەڵام (عبدالله کوڕی ئوبەی) هەواڵی بۆناردن کە دەرنەچن چونکە خۆم و دوو هەزار کەس لەگەڵتان دێین بۆ ناو قەلاکانتان و لە پێناوی ئێوەدا دەجەنگن و هەروەها (قریظة) (غطفان) یارمەتیتان دەدەن بۆیە لەبڕیارەکەیان پاشگەز بوونەوە و هەواڵیان بۆ پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) نارد کە هەرگیز ناڕۆینە دەرەوە، دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکە، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەستا بۆ تەمێ کردنیان، (ئیبن ئوم مەکتوم)ی دانا لەسەر مەدینە، چوو بەرەو (بەنی نەزیر) ئەوانیش لە قەلاکاندا خۆیان قایم کرد، گەمارۆ دانەکە زۆری نەخایاند،

شەش شەو بەردەوام بوو، ئیتر دڵیان پڕبوو لەترس،ئامادەی خۆ بەدەستەوەدان بوون، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ڕازی بوو کە خۆیان و ماڵو منداڵ و هەرچیەك ووشتر هەڵی بگرێت لەگەڵ خۆیان ببەن جگە لە چەك، ئەوانیش ڕازی بوون و خانوو ماڵەکانیان دەڕوخاند، دوو پیاویان موسڵمان بوون و ئەوانی تر ڕۆیشتن لەم کاتەدا سورەتی (الحشر) هاتە خوارەوە.

لەدوای ئەوە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەواڵی بۆ هات کە کۆمەڵێکی دەشتەکی لەخێڵی (بەنی موحاریب) و (بەنی ثەعلەبە)ی غطفان خۆیان کۆکردۆتەوە بۆ شەڕ، پێغەمبەر ی خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەست پێشخەری کردن و بەسوپایەکی زۆرەوە ڕۆیشت و هەموو (نەجد) گەڕا و ترس و بیمی خستە دڵی عەرەبە دەشتەکیەکان کە فێری دەست وەشاندن بوون لەموسڵمانان و شاندی موسڵمانانیان دەکوشت و چەتەییان دەکرد، کاتێ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و یارانی دایان بەسەریاندا هەموویان بەرەو شاخ و کێوەکان هەڵهاتن و ماڵ و منداڵ و خێزانەکانیان بەجێ هێشت، کاتی نوێژ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) (نوێژی ترس)ی بۆ کردن نەبادا کتوپڕ بدەن بەسەریاندا..

کاتێ گەڕانەوە شەو پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دوو پاسەوانی بۆ سوپاکە دانا کە (عوبادی کوڕی بەشیر) و (عەممار کوڕی یاسر)

بوون، تیرێك لە (عوبباد) درا لەکاتی نوێژدا تیرەکەی دەرهێناو نوێژەکەی نەبڕی، تا دوو تیری تری لێدرا، بەلاّم تا نوێژەکەی تەواو نەکرد هیچی نەوت، ئینجا هاوەڵەکەی لەخەوهەستان پێ ی وت: بۆ ئاگادارت نەکردم؟

وتی: سورەتێکم دەخوێند حەزم نەکرد بیبڕم!

سوێند بەخوا ئەگەر ترسی زیانگەیاندم نەبوایە بە موسڵمانان نوێژەکەم زوو تەواو نەدەکرد. هەر لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەدۆڵێکدا تووشی کاروانیەك بوون پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و هاوەڵان لایاندا و بلاّو بوونەوە، پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم ) چووە ژێر سێبەری درەختێ بۆ پشودان کەمێك نووست، کاتێ چاوی هەڵبڕی یەکێك شمشێرەکەی هەڵکێشاوەو لەسەر سەری پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) وەستاوە،پێ ی وت: کێ دەتوانێ تۆ لەژێر دەستی من ڕزگار بکات؟

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: (الله) لەترسا کابرا شمشێرەکەی لەدەست کەوتە خوار و پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) هەڵیگرتەوەو کابرای دانیشان و ئینجا بانگی هاوەڵانی کرد، کابرا پەیمانی بە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دا کە هەرگیز شەڕی لەگەڵ نەکات و هاوکاری کۆمەڵێ نەکات کە دژی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەجەنگن، ئینجا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ئازادی کرد.

## وادەی غەزای بەدر

سالی تەواو بەسەر جەنگی ئوحود تێپەڕ نەبووبوو پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) و موسلمانان خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەو وادەی کە لە (ئوحود) (ئەبو سوفیان) پێ ی دان کە وتی وادەمان سالی داهاتوو بێت لە شوێنی بەدر، لەمانگی شعبان ی سالی چواری کۆچی پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەگەل (١٥٠٠) کەس لەمەدینە دەرچوون، تا گەشتنە (بەدر) ئەبوسوفیان بە خۆی و دوو هەزار موشریك لە مەککە دەرچوون، تا گەشتنە (مر الظهران) کە قۆناغێك لەمەککەوە دوورە، ئەبو سوفیان بیری لە ئەنجامی شەڕەکە دەکردەوە،تەواو ورەی ڕوخا بوو، لەبەهانەیەك دەگەڕا بۆ گەڕانەوە، بە هاوەلەکانی وت:سالێك باشە بچین بۆ شەڕ کە سالی تێراویی و سەوزایی بێت ئەمسال وشکە سالی یە من دەگەڕێمەوەو ئێوەش بگەڕێنەوە ئیتر هەموو سوپاکە گەڕایەوە.

موسلمانەکان هەشت ڕۆژ لە بەدر مانەوەو پاشان گەڕانەوە مەدینە بەسەربەرزی.

دوای شەش مانگ هەوال گەیشتە پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کە خێلەکانی دەورو بەری (دومە الجندل) کە نزیکن لەشام، ڕێگری و چەتەیی دەکەن و لە کاروانەکان دەدەن و خۆیان ئامادە

دەکەن بۆ هێرش کردنە سەر مەدینە. لە مانگی ڕەبیعی یەکەم ساڵی ٥ کۆچی پێغەمبەری خوا بە (١٠٠٠) سوارەوە بۆیان چوو بەڵام بەشەو دەڕۆیشتن، دەمەو ئێوارە هێرشێکی کتوپڕی کردە سەریان و ئەوانیش هەریەك بەلایەکدا هەڵهاتن، پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) چەند ڕۆژێ مایەوە ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ (عینە کوڕی حصن) مۆرکرد لە (دومە الجندل) لە نزیك شام.

✿✿✿

## غەزای بنی المصطلق

لەنزیکی مەککە (بنو المصطلق) خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ لەگەڵ موسڵمانان و کوشتنی پێغەمبەر (صَلَّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)، ئەویش لەڕێگەی پیاوێکی دەشتەکی ئەم هەواڵەی زانی، هەوڵی دا بەنهێنی بڕوات بۆیان ئەم جارە (دوڕووەکان) بۆ مەبەستی دونیایی لەگەڵ موسڵمانان ڕۆیشتن، گەیشتنە (المریسیع) کە لەسەر ئاوێك کۆبوونەوە پێغەمبەر (صَلَّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) بە عومەری فەرموو: بانگیان بکە بۆ ئیسلام، کاتێ بانگی کردن ئەوان قبوڵیان نەکرد و جەنگ بەرپا بوو، موسڵمانان سەرکەوتن و تەنها یەك موسڵمان شەهید بوو..

لەبەرامبەردا دە کەس لەوان کوژران و هەموویان بوونە (ئەسیر) لەلای موسڵمانان، پێغەمبەر بە جوانی مامەڵەی لەگەل کردن و ئازادی کردن، (عبدالله کوڕی ئوبەی)سەرۆکی دوڕووەکان لەگەڵ بوون، ناکۆکیەك کەوتە نێوان کۆچەری و پشتیوانیەك سەرۆکی دوڕووەکان هەلەکەی قۆستەوە بۆ تۆخکردنەوەی ناکۆکی و دروست کردنی ئاژاوە لەنێوانیان، دوڕووەکانی هانداو پێ ی وتن: ئەمە خۆتان بە خۆتان کرد،وولاتی خۆتان پێشکەش کردن و سەروەت وماڵتان لەگەڵ بەش کردن، سوێند بەخوا کە گەڕاینەوە دەریان دەکەین.

لەوکاتەدا لاوێکی ئازاو تازە پێگەیشتوو کە پێغەمبەری خوای خۆشەویست هەستاو پێ ی وت: بە ڕاستی تۆ ڕیسواو زەلیلی بێزراوی لەناو هۆزەکەت، ئەو لاوە کە ناوی (زید کوڕی ئەرقەم) بوو ئەو دەنگ و باسەی گەیاندە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، عومەر لەلای بوو وتی: با (عباد) بڕوات لەگەردنی بدات!

پێغەمبەری خوا فەرمووی: چۆن شتی وا دەکەم، دوای خەڵك بڵێن کە (محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)) یارانی خۆی دەکوژێ، کاتێ (ئوبەی) زانی کە هەواڵ بەپێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) گەیشتووە، چووە لای و سوێندی خوارد کە ئەو شتی وای نەوتوە، ئەو ڕۆژە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) تا ئێوارە و شەویش بەهەمان شێوە ڕێگەی بڕی پاشان لایانداو هەموویان لەتاو ماندوو بوون خەویان لێکەوت، ئەمەش بۆ دامرکانەوەی ئەو ئاژاوەبوو کە (ئوبەی) دەیویست خۆشی بکات.

کاتێ گەڕانەوە مەدینە سورەتی (المنافقین) هاتە خوارو باسی دووڕووەکانی ئاشکرا کرد و پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) سورەتەکەی خوێندەوە گوێ ی زەیدی گرت و فەرمووی: ئەمە ڕاست دەکات و دووڕوان درۆ دەکەن، ئینجا کوڕەکەی (عبدالله کوڕی ئوبەی) کەناوی (عبدالله) بوو موسڵمانێکی ڕاست و دامەزراو بوو، داوای لە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) کرد کە مۆڵەتی بدات باوکی بکوژێ تا موسڵمانان لە ئاژاوەو خراپەی ڕزگاریان بێت، بەڵام پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: تا لەناوماندا بێت نەرم و نیان دەبین لەگەڵی و

بەباشی هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکەین، بەڵام (عبدالله کوڕی ابی) هەر خەریکی خراپەو ئاژاوە بوو، تا ئەوەبوو بوهتانی بۆ خێزانە بەڕێزەکەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) (عائشە) سازکرد، بەڵام خوای گەورە ئایەتی پاکی دەربارەی عائشە ناردە خوارەوە و دوڕوەکانی سەرشۆڕ کرد، چونکە پێغەمبەری خوا زۆر ئازاری چەشت بەهەمان شێوە عائشەش، بۆیە خوای گەورە خۆی بەرگری لێکرد.

لەدوای غەزای (بنی المصطلق) پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) (جویریە) کچی حارثی کردە هاوسەری خۆی، کەپێشتر هاوسەری گەورەی گەلەکەی بوو، بووە خێزانی گەورەترین مرۆڤ و چەندین فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە گێڕاوەتەوە، بووە ئافرەتێکی خواناس و فەقیە و لەخوا ترس کە خواو پێغەمبەرەکەی خۆش دەویست.

❀❀❀

## غەزای ئەحزاب (ساڵی ٥ ی کۆچی)

جولەکە داخ لەدڵ بوون، قورەیش خۆی دەخواردەوە، جولەکەکان دوور خرئەبوونەوە بۆ خەیبەر، بەلاّم دەستیان کردەوە بە پیلان و شەڕەنگێزی، بۆ ئەو مەبەستە بیست پیاو لەسەرکردەکانی جولەکە بەرەو مەککە رۆیشتن بۆ هاندانیان بۆ شەڕ دژی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) وتیان: ئێمە هاوکارتانین، پاشان چوونە لای (غطفان) و دواتر بەناو تیرە و هۆزەکانی عەرەب دا گەڕان و هەموویان بۆ یەك مەبەست کۆکردنەوە، وادەیان دیاری کرد و پاش چەند ڕۆژێ لەدەوری مەدینە کۆبوونەوە تا لەناکاو بدەن بەسەر مەدینە و شپرزەیان بکەن و بەتەواوی کۆتاییان پێ بهێنن.

بەلاّم پێغەمبەری خوا هۆشیار بوو، هێشتا سوپاکە لەجێگەی خۆی نەجولاّ بوو، هەواڵ گەشتە مەدینە، ئەنجومەنی ڕاوێژ کۆبوونەوە، (سەلمان) پێشنیاری هەڵکەندنی خەندەقی بەدەوری مەدینە دا کرد، کەپێشتر عەرەب شتی وای ئەنجام نەدا بوو،ئەنجومەن پێشنیارەکەیان قبوڵ کرد و خێرا دەست کرا بە جێ بەجێ کردن، موسڵمانان زۆر بە دڵسۆزییەوە شەوو ڕۆژ کاریان دەکرد، کاتێ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) چووە لایان، بەماندووی چاوی پێیان کەوت فەرمووی:

اللهم لاعيشَ الاّعيشَ الآخرة فاغفر للانصار والمهاجره.

خوایە ژیان نیە، جگە لەژیانی دواڕۆژ خوایە لەئەنصارو موهاجیر خۆشبە

ئەوانیش وەلاّمیان دایەوە:

نحن الذين بايعوا محمداً على الجهاد مابقينا أبداً.

ئێمەین پەیمانمان بە محمد داوە لەسەر جیهاد تا لەژیاندا بین

براء دەڵێ: چاوم لێبوو پێغەمبەری خوا (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) خۆڵی دەگواستەوە،لەتاو تەپ و تۆز سنگی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)م نەدەبینی، ئەو ڕۆژە پێغەمبەری خوا (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) قژی پیرۆزی زۆر بوو، لەگەڵ خۆڵ بارکردندا شیعرێکی (ابن رواحە) ی دەوت:

والله لولا الله ما اهتدينا ولا تصدقنا ولا صلينا

فانزلن سكينة علينا وثبت الاقدام ان لاقينا

لەو ماوەدا خوای گەورە چەند موعجیزەی بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لەوانە ئەوەبوو کە هاوەلاّن زۆریان برسی بوو، هانایان بردە لای پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) (جابر) چووە ماڵ مەڕێکی سەر بڕی و بە ژنەکەی وت: جامێ جۆ بکە بە نان دەچم بەنهێنی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بانگ دەکەم لەگەڵ چەند کەسێ، کاتێ بەپێغەمبەری فەرموو، پێغەمبەری خوا هاواریکرد لە هەموو هاوەلاّن کاریان دەکرد، کە (١٠٠٠) کەس دەبوون، فەرمووی: جابر خواردنی

ئامادە کردووە، با بچین، کە هاتن پێغەمبەر دوعای خوێند بەسەر خواردنەکەدا، جابر دەڵێ: سوێند بەخوا هەموویان تێریان خوارد خواردنەکەش وەك خۆی مایەوە.(متفق علیه).

جارێکی تر تاشە بەردێك هاتە ڕێیان، سێ ڕۆژ دەبوو هیچیان نەخواردبوو،پێغەمبەری خوا (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) لەتاو برسێتی بەردی بەسکی پیرۆزی بەستبوو، پاچێکی هەڵگرت و (بسم الله) کردو سێ پاچی لێداو وردو خاشی کرد و وەك لمی لێ هات، بەم شێوەیە کارکرا تا تەواوبوون پێش گەیشتنی (ئەحزاب).

ئینجا کاتێ قورەیش بە (٤٠٠٠) هەزار کەسەوە و (غطفان) و شوێن کەوتەکانیان لەخەڵکی (نەجد) بە (٦٠٠٠) هەزار کەس هاتن، پێغەمبەری خوا (٣٠٠٠) هەزار چەکداری هەبوو، پشتیان کردە شاخی (سلع) و خەندەقیان خستە نێوان خۆیان و بێ باوەڕان، کاتێ نزیك بوونەوە بەبینینی (خەندەق) سەرسام بوون، گەمارۆی موسڵمانانیان دا، بەڵام بێ سوود بوو، هەرکاتێ هەوڵی بڕینی چاڵەکەیان بدایە موسڵمانان ڕوبەڕویان دەبوونەوەو تیر بارانیان دەکردن، بەهۆی سەرقاڵ بوونی موسڵمانەکان بەو شەڕە سەختەوە پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) و موسڵمانەکان هەندێك نوێژیان لە کیس چوو.. پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) زۆر بێتاقەت بوو، دوعای لە موشریکەکان کرد،لەو ماوەدا ڕوبەڕوبوونەوەی بە کۆمەڵ نەبوو، تەنها

شـەڕە شیرو تـیر و ڕمبـازی تاکەکەسـی هـەبوو، کـە شـەش کـەس لـە موسڵمانەکان و ١٠ کەس لە بێ باوەڕان کوژران..

لەو کاتە ناهەموارەدا (حەیی کوڕی ئـەخطـەب) سـەرکردەی (بـەنی نەضیر) بەنهێنی خۆی گەیاندە سەرۆکی بەنی قورەیظە کـە پـەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)دا هەبوو هانی دان بۆ خیانـەت و دەسـت بـەردار بـوون لـەو پەیمانـەو پـێ ی وتـن: دەریـام بـۆ هێنـاوی (کەعب) پێ ی وت: وەڵلاهی تۆ زەلیلی ڕۆژگاری، دەریایەکی بێ ئاوت بـۆ هێنـاوم! تـەنها دەنگـی هەیـەو ڕەنگـی نیـە! خـوا لـەناوت بـەرێ (حەیی) وازم لێ بهێنە با ئـەم حاڵـەم لـێ تێك نەچێت، مـن جگـە لـە ڕاستگۆی و ئەمەکداری هیچـی تـرم لـە محمـد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) نەدیوە.

(حـەیی) وازی لـێ نـەهێنا تـا چـووە ڕیـزی موشـریکەکانەوە و دژی موسـڵمانان وەسـتـا بـە کـردەوەش چـەند کـارێکی هـەواڵگری و سەربازیان ئەنجامدا. هـەواڵ گەیشـتە پێغەمبـەری خـوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)، بـۆ دڵنیـا بـوون (سـەعدی کـوڕی موعـاذ) و (سـەعدی کـوڕی عوبادە) و دوانی تری نـارد فـەرمووی: ئەگـەر هەواڵەکـە ڕاسـت بـوو بـا خـەڵك نـەزانن، کـاتێ وەفدەکـە چـوون جولەکـەکان زۆر بـە ناشـرین لەگەڵیان دوان و بە ئاشکرا دوژمنایـەتیان ئاشـکرا کـرد و جوێنیـان بـە پێغەمبـەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و موسـڵمانان دەدا و وتیـان: هـیچ

پەیمانێك لە نێوانماندا نیە، گەڕانەوە و هەواڵەکەیان بەنهێنی گەیاندە پێغەمبەری خوا(صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، ساتێکی زۆر ناهەموار هاتە پێش کە پێشبینی بۆ نەکرا بوو، هیچ بەربەستێك نەبوو ئەگەر لەپشتەوە جولەکەی (بەنو قریظە) لەماڵ و خێزانی موسڵمانەکانیان بدایە، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)ی سەرکردە خێرا بەرنامەی دانا، مەفرەزەی نارد بۆ ناو مەدینە بۆ پاسەوانی، لەوکاتەدا خوا کردی پیاوێکی (غطفان) بەناوی (نعیم) کوڕی مسعود هات و موسڵمان بوو هێشتا کەسو کاری بە موسڵمانبوونی ئەویان نەزانی بوو فەرمووی فەرمانت بە چیە؟ من جێ ی متمانەم لای جولەکەو قورەیش.

پێغەمبەر فەرمووی: بڕۆ متمانە لە نێوانیان مەهێڵە، ئەوان پەیمانیان شکاندووە، بەنهێنی بچۆ لای (بەنی قریظە) بڵێ ئەگەر قورەیش و هاوکارانی گەڕانەوە کێ زیان دەکات جگە لەئێوە کە لەبەر دەستی (محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم))دان ئەگەر قورەیش ڕاست دەکەن با بارمتەتان بدەنێ، پاشان بەنهێنی چووە لای (قورەیش) پێ ی وتن: دەزانن محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بەنهێنی لەگەڵ (بەنی قریظە) ڕێککەوتون کە ١٠٠ پیاو لە ئێوە بەبارمتە وەربگرن و بیدەنە دەست محمد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم).

شەوی شەممە، مانگی شەوال ساڵی (٥)ی کۆچی (قورەیش و غطفان) ناردیان بۆ لای (بەنی قریظە) کە هیچیان بەدەستەوە نەما،

هەستن با بدەین بەسەر محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)ا، وتیان: بارمتەمان دەوێ، کاتێ هاتنەوە و هەواڵیان هێنا کە جولەکە داوای بارمتە دەکەن وتیان: (نعیم) ڕاستی کرد، ئیتر هەردولا پشتیان لەیەك بەردا. ئینجا خوای گەورە ڕەشەبایەکی توندی بۆ ناردن خێمەکانی تێکدان و ئارامی لێهەڵگرتن، لەدوای مانگێك لە گەمارۆدان هیچیان بۆ نەکراو گەڕانەوە، ئەم جەنگە هەرچەندە کوشتاری زۆر کەم تیا بوو بەلاّم بەگەورەترین جەنگ دادەنرێ کە قورەیش و بێ باوەڕان تیایدا دۆڕان و نەیانتوانی ئەو هێزە خاوەن باوەڕەی مەدینە لەناو ببەن.

لەدوای تەواو بوونی (خەندەق) خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد کە بچن بۆ پەیمان شکێنانی (بەنی قریظە) ئەویش فەرمانی بەهاوەڵان کرد:

(لا يصلين أحد العصر الا في بني قريظة)

ماوەی ٢٥ شەو ئابلۆقەی (بەنی قریظە) درا، هەموو ورەیان ڕوخاو ئەژنۆیان شکا بوو، دابەزین و خۆیان دا بەدەستەوە، بەپێی دەستوری مەدینە خیانەتکاران بەسزای خۆیان گەیشتن، چونکە جگە لەپەیمان شکاندن،( ١٥٠٠) شمشێرو (٢٠٠٠) ڕم و( ٣٠٠ ) قەڵغان و (٥٠٠) زنجیر بەست و خودەی سەریان کۆکردبۆوە بۆ جەنگی موسڵمانان، لەناو تاوانبارانداا (حەیی کوڕی ئەخطەب)ی تیا بوو کە

باوکی (صفیە) خێزانی پێغەمبەری خوا بوو، لەناو (بەنی قریظە) یەك ژنیان لێکوژرا ئەویش لەبەرامبەر ئەوەی موسڵمانێکی شەهید کردبوو.

تۆی خوێنەر بیر لەو کارە گەورە بکەرەوە بە درێژی زیاتر لە دوو کیلۆمەتر چاڵ هەڵبکەندرێ کە چوار مەتر پان و لانی کەم دوو مەتر قوڵ بێت تا سوارەکانی بێباوەڕان نەتوانن بازبدەن، ئەم کارە گەورەیە ماوەی ئەنجام دانی شەش تا حەوت ڕۆژ بوو، پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) خۆشی بەشدار بوو چونکە دۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو، شەڕی مان و نەمان بوو، ئەم غەزایە نمونەیەکی گەورەی تیایە کە ئارامگرتن و وڵنەدان و تێکۆشانی هاوەڵانی نیشانی مرۆڤایەتی دا، کە مرۆڤی پەیامدار دەتوانێت کاری گەورە ئەنجام بدات.

❁❁❁

## ڕوداوەکانی نێوان غەزوەی خەندەق و حودەیبیە

لەگەڵ بەردەوام بوون لە بنیاتنانی دەوڵەتی مەدینەو بەهێز کردنی پایەکانی ئەودەوڵەتەی پێغەمبەری خوا دروستی کرد، یاساکانی شەریعەت بۆ موسڵمانان و لە بواری ئئەبووری _ ڕەوشتی _ ڕامیاری،بەردەوام بوون.

لەدوای غەزوەی خەندەق یاسای (تەبەننی) کە لەناو عەرەبدا باوبوو هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها خۆ داپۆشینی ئافرەتان بووە فەرمانێکی خوای گەورە و ئایەت لەو بارەیەوە هاتە خوارەوە و ئافرەتانی موسڵمان هەر زوو پابەندی ئەو یاسا خواییە بوون و مل کەچی خواو پێغەمبەرەکەی بوون، هەر لەوماوەدا بۆ ئەوەی بەکردەوە یاسای (تەبەنی) لەناو ببرێ، پێغەمبەری خوا بە فەرمانی خوای گەورە (زەینەبی کچی جەحش) هێنا کە پێشتر خێزانی زەیدی کوڕی حارثە بوو بەڵام چونکە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) (تەبەنی) کردبوو، پێ ی دەوترا: زەید کوڕی محمد.

کاتێ ئایەتی: ﴿ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ فَإِن لَّمۡ تَعۡلَمُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡۚ وَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ

جُنَاحٌ فِيمَآ أَخۡطَأۡتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتۡ قُلُوبُكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا﴾ سورة الأحزاب:٥.

هاتە خوار ئیتر فەرمانی کرد (زەید) بەناوی باوکی خۆی بانگ بکرێ کە حارثە بوو.. هەر لەساڵی ٦ ی کۆچی پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) سریەی (عبدالرحمن کوڕی عەوف) ی نارد بەرەو ماڵەکانی (بەنی کلب) لە (دومە الجندل) هەموویان موسڵمان بوون.

سریەی (عەلی کوڕی ئەبی طالب) ی بۆ (بەنی سەعد) نارد لەناوچەی (فەدك) لەمانگی شەعبانی هەمان ساڵدا، چونکە هەواڵ گەیشتبوو کە نیازیان بەرامبەر موسڵمانان خراپە، دەست کەوتێکی باشیان دەست کەوت. سریەی (ئەبو بکری صدیق) ی نارد بۆ (وادی القری) لەڕەمەزانی هەمان ساڵدا، کە بەرنامەیان بۆ تیرۆر کردنی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دانا بوو. هەروەها سریەی (کرز کوڕی جابر) ی نارد بۆ (عەرەنین) لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا هاوکاری کردن بەلاّم ئەوان شوانێکیان کوشت و وشترەکانیان دزی بوو، دەستگیر کران و یاسایان بەسەردا جێ بەجێ کرا.

❀❀❀

# صوڵحی حودەیبیە

کاتێ موسڵمانان پێگەیان بەهێز بوو، کاتی ئەوە هاتبووکە بەئازادی بگەڕێنەوە بۆ خاك و نیشتمانی خۆیان کە ماوەی شەش ساڵ بوو لەو جێگە پیرۆزە بێ بەش کرا بوون.

پێغەمبەری خواش لە خەویدا دیبوی کە چونە مەککە، پاشان فەرمانی کرد کە هاوەڵان خۆیان کۆبکەنەوە بۆ (عەمرە).

خێڵەکانی دەوروبەریش خۆیان ئامادە کرد تا لەگەڵیان بچن.

لەمانگی (ذي القعدة) ی ساڵی ٦ ی کۆچی لەمەدینە دەرچوو (ئوم سەلەمە) و ١٥٠٠ کەسی لەگەڵ بوو شمشێریان خستە کێلان، بەرەو مەککە کەوتنە جوڵە، لە (ذي الحليفە) بەرگی ئیحرامی پۆشی تا خەڵك دڵنیا بن کە بۆ جەنگ ناچێت، هەواڵی بیست کە (کەعبی کوڕی لۆي) دەیەوێت لەگەڵیان بجەنگن، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) دوای ڕاوێژ بەهاوەڵان کە ئایا دەستیان لێ بوەشێنن یان نا، فەرمووی: سەری لێبنێینەوەودڵ ئارام بن، سەرەنجام هیچ ڕوی نەدا.

قوڕەیش بڕیاری ڕێگرتنیان لە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و هاوەڵانی دا،خالد ڕێگەی سەرەکی لێگرتن، بەڵام پێغەمبەری خوا بۆ خۆ لادان لە شەڕ ڕێگەیەکی خراپ و سەختی گرتە بەر.

گەیشتنە حودەیبیە لای ئاوێکی کەم دابەزین، ئینجا چەند کەس لەهۆزی (خوزاع) و(بەدیل کوڕی ورقائی) کەوتنە نێوان پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و قورەیش کاتێ کە گەنجە هەڵەشەو تینو بەجەنگەکانی قورەیش بینیان گەورەکانیان حەزیان بە ئاشتی یە بڕیاریاندا کە هەوڵ بدەن بۆ هەرەس هێنانی ئەو ڕێکەوتنە، شەو چوون بۆ ئەوەی ئاگر بەر بدەنە سەربازگەی موسڵمانەکان، حەفتا تا هەشتا کەسیان چوون لە شاخی (تنعیم) دابەزین.

(محمدی کوڕی مسلمە) سەرۆکی پاسەوانەکان ی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) و یارانی هەموویانیان قۆڵ بەستکرد، بەڵام پێغەمبەری خوا لێیان خۆش بوو، ئینجا (عوسمانی کوڕی عەففانی) نارد تا گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و سەردانی باوەڕدارانی مەککە بکات و مژدەی (فەتحیان) پێ بدات، کاتێ چووە لای قورەیش مۆڵەتیان دا کە تەواف بکات، بەڵام فەرمووی: تەواف ناکەم تا پێغەمبەری خوا تەواف نەکات!

قورەیش بۆ پرس و ڕای نێو خۆیان داوایان لە عوسمان کرد ماوەیەك بمێنێتەوە زۆری خایاند، هەواڵی شەهید بوونی عوسمان بڵاوبۆوە،پێغەمبەری خوا(صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بڕیاری ڕوبەڕوبوونەوەی دا، موسڵمانانی بانگکرد، بۆ (پەیمان وەرگرتن لێیان) هەموویان بەیعەتیان تازە کردەوە لەسەر مردن پاشان

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەستی خستە نێو دەستی خۆی و فەرمووی: ئەمەش لەجیاتی دەستی عوسمان، ئەم پەیمانە بە (بیعە الرضوان) ناوزەد کرا چونکە خوای گەورە ڕازی بوو لەوباوەڕدارانەی کە لەژێر ئەو درەختە دا پەیمانیان دا بە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم).

ئینجا عوسمانیش گەڕایەوە و دواتر وەفدی قورەیش هات بۆ ڕێککەوتن بەو مەرجەی ئەمساڵ عەمرە نەکەن،بەندەکانی ڕێککەوتن وئەبوو:

١) پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و موسڵمانان ئەمساڵ دەگەڕێنەوە و ناڕۆنەناو مەککە، ساڵی داهاتوو سێ ڕۆژ لەمەککە مۆڵەتیان دەدرێتێ...

٢) ماوەی ١٠ ساڵ جەنگ بوەستێ.

٣) هەرکەس ئازادە دەبێتە هاوپەیمانی هەرکەس و هاوپەیمانانیش ئەم ڕێککەوتنە دەیانگرێتەوە.

٤) هەر پیاوێ بەبێ پرسی خاوەنەکەی بڕواتە لای محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەبێت محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بیگەڕێنێتەوە بۆ قورەیش بەلام هەر کەس لای محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەڵبێ ناگەڕێنرێتەوە.

پێغەمبەری خوا (عەلی) بانگ كرد بۆ نوسینی ڕێككەوتن، فەرمووی: بنوسە﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾.

سهیل وتی: بنوسە (بسمك اللهم)

پاشان عەلی: نوسی ئەمە ئەو ڕێككەوتنەیە لەنێوان محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)ی پێغەمبەری خواو....

سهیل وتی: ئەگەر باوەڕمان وئەبوایە تۆ پێغەمبەری خوایت، ڕێگەمان لێ نەدەگرتی و شەڕمان لەگەڵ نەدەكردی بنوسە (محمد كوڕی عبدالله)

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: بنوسە (محمد كوڕی عبدالله)

عەلی ووشەی (رسول الله) ی نەكوژاندەوە، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) خۆی كوژاندیەوە.

دواتر (خزاعە) هاتنە هاوپەیمانی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و (بنو بەكریش) چونە هاوپەیمانی قوڕەیش.

❀❀❀

## ڕێزگرتنی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕێکەوتننەکە

موسڵمانان زۆریان پێ ناخۆش بوو کە پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) مۆری لەسەر ئەو پەیماننامە کردووە کە وایان دەبینی هەندێ خاڵی تیایە (مل دان) و تەسلیم بوون بە قورەیش بەتایبەت ئەو خاڵەی کەدەڵێ هەر کەس لەقورەیش بچێتە لای محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ لای قورەیش هەروەها ئەو خاڵەی کە باسی گەڕانەوەیان دەکات بەبێ ئەوەی بچنە ناو مەککەوە، بەتایبەت (عمری کوڕی خەتاب) و (ئەسید کوڕی حضیر) سەرۆکی ئەوس و (سەعد کوڕی عبادە) ی سەرۆکی خەزرەج ناڕازیبوون.

پێغەمبەری خوا دەیزانی کە ئەمە بەڕواڵەت ڕازیبوونە بەمەرجەکانی ئەوان بەڵام سەرەتایەکە بۆ کرانەوەیەکی گەورەو بوارێکی گەورەیە بۆ ڕێکخستنەوەی موسڵمانان و لەهەمووی گرنگتر بواری بانگەوازیان زیاتر بۆ دەرەخسێت..

لەدوای ئیمزا کردنی ئەو پەیماننامەیە لەلایەن پێغەمبەری خواوقورەیش لەو ئان و ساتەدا (ابن سهیل) لەناو کوت و زنجیردا دەرکەوت کە لەدەست موشریکەکانی مەککە ڕایکردبوو بڕوای بەپێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هێنئەبوو، گەیشتە لای پێغەمبەری خواو داوای هاوکاری لێکرد،کاتێ سهیل کوڕەکەی بینی وتی: ئەی

محمد (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ئێمە قسەمان کۆتای هاتووە لەدوای ڕێکەوتنەکە،هاتووە،دەبێت بیگەڕێنیتەوە!.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: ڕاست دەکەی، (ئەبو جندل) کە کوڕەکەی سهیل بوو: هاواریکرد ئەی موسڵمانان ئایا دەمگێڕنەوە بۆ لای موشریکەکان تا وازم لە دینەکەم پێ بهێنن، بەلاّم پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: تۆ دەزانی ئێمە ڕێکەوتن و پەیمانێکمان لەگەڵ قوڕەیش ئیمزا کردووە، پەیمانمان داوەو پابەند دەبین پێوەی تۆش ئارام بگرەو چاوەڕێ ی پاداشت بە، خوای گەورە دەرو لەتۆ و هاوڕێکانت دەکاتەوە.

ئەمەش گەورەترین وانەو ئامۆژگاری کردەوەیی بوو کە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) پیشانی قوڕەیشی دا، کە پابەند بوون بە پەیمانەوە ئاوا دەبێت!!

دوای ماوەیەك هەر موسڵمانێ لەدەستی قوڕەیش هەڵدەهات ڕوی دەکردە شاخ و کێوەکان بۆ لای (ئەبو بصیر) کە هێزێکی پارتی زانیان دروست کردو ترسیان خستە دڵی بێ باوەڕان تا خۆیان هاتن و داوایان لەپێغەمبەری خوا کرد با ئەو بەندەی ناو پەیماننامەکە نەمێنێ و پێغەمبەریش ڕازی بوو.

لەدوای تەواو بوونی ڕێکەوتن پێغەمبەری خوا فەرمووی: هەڵسن حەیوان سەر ببڕن و سەرتان بتاشن و ئیحرام بشکێنن، سێ جار

ئەمەی فەرموو: بەڵام کەس هەڵنەستا، ئەوندە بێتاقـەت بوون، ئینجا پێغەمبەری خوا(صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) چووە چادرەکەی (ئوم سەلمە) پـێ ی وت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا حـەز دەکـەی وا بکـەن،؟...خۆت هەڵسە بچۆ دەرەوە قسە لەگەڵ کەس مەکە تا حـەیوان سـەر دەبڕیت و پاشان بانگی سەرتاش بکە با سەرت بۆ چاك بکات.

ئینجا بـەگوێ ی کـردو هاتـە دەرەوە و وایکـرد کـە (ئـوم سـەلمە) وتبـووی، کـاتێ هـاوەڵان ئەمـەیان بینی هەسـتان و دەسـتیان کـرد بـە سـەربڕینی حـەیوان و سەرتاشـینی یـەکتر، بـەڵام هێنـدە تـورە بـوون خەریك بوو سەری یەکتریان لێ دەکردەوە.

پاشان گەڕانەوە بۆ مەدینە، لەنێوان مەککەو مەدینە سورەتی (الفتح) هاتە خوار کەپێغەمبەری زۆر دڵخۆش کرد و مژدەی زۆری تێدا بوو، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: ئەم شەو سورەتێکم بۆ نازڵ بووە لەوەی کە خۆر لێ ی دابێت لام خۆشەویستترە، پاشان ﴿إِنَّا فَتَحۡنَا لَكَ فَتۡحٗا مُّبِينٗا﴾ (١) سورە الفتح.ی خوێندەوە.

بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ئامـادە نـەبوو ئافرەتـانی موسـڵمان بگێڕێتەوە، بۆ ژێر چەپۆکی بێ باوەڕان، چونکە پەیماننامەکە تایبەت بوو بە پیاوان بەتەنها، لەو بارەشەوە ئایـەت هاتـە خـوار کـە ئافرەتـان نابێت بگێڕێنەوە.

لە دوای ڕێکەوتنی حودەیبیە و لە ساڵی ٧ کۆچیدا (عمری کوڕی عاص) و (خالید کوڕی وەلید) و (عوسمان کوڕی طەلحە) موسڵمان بوون.

## قۆناغێکی نوێ لەبانگەواز

لەدوای حودەیبیە، بێ باوەڕان بەتەواوی ورەیان ڕوخا، نەیانتوانی دژایەتی پێغەمبەری خوا بکەن تەنها جولەکەی خەیبەر نەبێت کە هەوڵی شەڕو ئاژاوەو دوبەرەکیان دەدا، خەیبەریان کردبووە حەشارگەی خۆیان، پیلانیان دادەڕشت و عەرەبە دەشتەکیەکانیان هان دەدا، بۆیە پێغەمبەری خوا بڕیاری دا ئەو حەشارگەی شەڕو خراپەیە نەهێڵێ.

هەروەها لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەستی کرد بەناردنی نامە بۆ پاشاو کاربەدەستانی دەورو بەری، بەلام عەرزیان کرد هەر نامەیەك مۆری پێوە نەبێت ئەوان وەری ناگرن، بۆیە فەرمانی کرد کە مۆرێکی بۆ دروست بکەن کە تیایدا بنوسن: ﴿محمد رَّسُولُ اللَّه﴾.

**نامەکان بەم شێوەیە بوون:**

١ـ نامەیـەك بـە (عمـری کـوڕی ئومەییـە) دا بـۆ نەجاشـی پاشـای حەبەشـە کـەناوی (ئەصـحمە کـوڕی أبجـر) بـوو، نامەکـە دەخاتـە سەرچـاوی و لەسـەر دەسـتی (جعفـر کـوڕی ئـەبو تالـب) موسـڵمان دەبێت.

٢ـ نامەیەك بۆ (جریج کوڕی متی) کـە بـە (مقـوقس) پاشـای میسر ناسرا بوو بە جوانی وەڵامی نامەکەی دایەوە بەڵام موسڵمان نەبوو.

٣ـ نامەیـەك بـۆ کیسـرا پاشـای فـارس کـە لەلایـەن (عبـدالله کـوڕی حوزافە) وە گەیەنرا، کیسرا نامەکەی دڕاند، هەواڵ گـەیشـتە پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فـەرمووی: خـوا موڵـك و دەسـەڵاتی لـەناو ببات، (هەر واش بوو)، کیسرا داوای لە(بازان) کرد لـەیەمـەن کە(محمـد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم))م بـۆ قـۆڵ بەسـت بکـەن ئـەویش دوو پیـاوی نـارد کـە لەگـەڵ ئـەو دوو پیـاوە بچـێت بـۆ لای کیسـرا، کـاتێ گەیشـتنە لای پێغەمبەری خوا: خوای گەورە بەوەحی ئاگاداری کردبوو کـە (کیسـرا) لەلایـەن کوڕەکـەی خـۆی کـوژراوە بـۆ سـبەینێ ئـەم هەواڵـەی بـە دوو پیاوەکـە گەیانـد، زۆر سەرسـام بـوون کـە گەڕانـەوە تـازە هەواڵەکـە گەشتە دەست بازان، ئـەوەش بـووە هـۆی موسـڵمان بـوونی (بـازان) و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون.

٤ـ نامەیـەك بـۆ قەیسـەری پاشـای ڕۆم (هـەرقل) کـاتێ نامەکـە گەشت، قەیسـەر دەنێـرێ بەشـوێن (ئـەبو سـوفیان) و پرسـیاری زۆری

دەربارەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لێدەکات ئەویش وەڵامی دەداتەوە لەدوایدا دەڵێ: ئەگەر ئەم قسانەی تۆ ڕاست بن ئەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگاتە ئەم جێگەی منی لێم.

٥ـ نامەیەك بۆ (منذر کوڕی ساری) کاربەدەستی (بحرین) نامەکەش (علاء کوڕی حضرمي) بردی، سەرەنجام هەندێك موسڵمان بوون، هەندێکیان لەسەر دینی خۆیان مانەوە.

٦ـ نامەیەك بۆ سەرۆکی (یەمامە) (هوزە کوڕی عەلی) ئەم نامەش (سلیط کوڕی عمرو) گەیاندی لە وەڵامدا وتی: هەندێ دەست کەوتم بدەرێ شوێنت دەکەوم، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: ئەگەر داوای بستێ زەویشم لێبکات نایدەمێ، موڵك و ماڵی لەناو دەچێت، کەپێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لە فەتح بۆوە (جبریل) هەواڵی دایە کە (هوزە) مردووە، پێغەمبەری خوا فەرمووی: لە یەمامەدا پیاوی درۆزن پەیدا دەبێ، بانگەشەی پێغەمبەرێتی دەکات دوای من دەکوژرێت یەکێك وتی پێغەمبەری خوا کێ دەیکوژێ؟ فەرمووی: تۆو هاوەڵەکانت، هەرواش بوو.

٧ـ نامەیەك بۆ (حارث کوڕی ئەبی شمر) گەورەی دیمەشق کە (شجاع کوڕی وهب) گەیاندی، ئەویش موسڵمان نەبوو.

٨ـ نامەیەك بۆ پاشای (عومان) کە دوو کوڕی (جلند) بوون و ناویان (جیفرو عبد) ئەم نامەش (عەمری کوڕی عاص) گەیاندی،

گفتوگۆیەکی زۆر کەوتە نێوانیان باسی ئیسلامی بۆ کردن هەواڵی موسڵمان بوونی نەجاشی پێگەیاندن سەرەنجام موسڵمان بوون.

❁❁❁

## چالاکی سەربازی دوای (حودەیبیە)

### غەزای (غابە)

کە مەبەست تیایدا ڕاوەدونانی دەستەیەك چەتەی خێڵی (فزارە) بوون کە ڕێگەیان دەگرت و چەتەگەرییان دەکرد ئەم غەزایە پێش خەیبەر بوو.

### غەزای (خەیبەر) لەساڵی ٧ ی کۆچیدا

خەیبەر شوێنێکی فراوان و پڕ لەباخ و کێڵگەیە، دەوروبەری قەڵای زۆر بەهێزی تیایە، ماوەی نێوان خەیبەرو مەدینە ٩٦ میلە، پێغەمبەری خوا لە مانگی محرم فەرمانیدا بە خۆ کۆکردنەوە بۆ دەرهێنانی ڕەگی خراپە کە هەر خەریکی دوژمنایەتی بوون لەگەڵ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)دا، سوپاکە ١٦٠٠ کەس دەبوون، لەگەڵ هەندێ ئافرەت بۆ دەرمان کردن و یارمەتی نەخۆش، کاتێ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و سەربازەکانیان بینی ئەبڵەق بوون و ڕایان کردە ناو قەڵاکان و دەرگایان داخست و کەوتنە بەرنامەدانان و دابەش کردنی قەڵاکان بۆ ماڵ و منداڵ و ئازوخە و جەنگاوەران.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و هاوەڵان کەوتنە نێوان (خەیبەر و غطفان) و لەوێ جێگەیان ساز کرد بۆ نوێژ، بۆ ترساندنی جولەکەو ئاگاداربوون لەدەوروبەرو جولەی قەڵاکان هەندێ دارخورمایان بڕیەوە، ئەو ڕۆژە جەنگ دەستی پێکرد، بریندار لەهەردولا زۆر بوو، سەرۆکی جولەکە (سەلام کوڕی مشکمە) مرد و (حارث کوڕی زەینەب) بووە سەرۆکیان بەلام قەڵاکە نەگیرا، حەوت ڕۆژ جەنگان، شەوی حەوتەم: عومەر جولەکەیەکی گرت و هێنای بۆ خزمەت پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، کابرا زۆر ترسا وتی: ئەگەر دڵنیام بکەن کە توشی زیانم ناکەن، شتێ دەڵێم کە بە هۆیەوە سەرکەون.

وتیان : دڵنیابە، کابرا وتی: بەیانی دێنە دەر بۆتان ئەگەر ئەم قەڵایە بگرن، من ئەتانبەمە سەر قەڵای (صعب) لەژورێکدا مەنجەنیق و زرێ و شمشێرو چەکی جۆر بەجۆری تیایە بە هۆیانەوە هەموو قەڵاکانی تر دەگرن.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: سبەینێ ئەم ئاڵایە دەدەمە دەست پیاوێ خواو پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)ی خۆش دەوێت خواو پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)یش ئەویان خۆش دەوێت، سبەینێ ئاڵاکەی دایە دەست (عەلی کوڕی ئەبو طالب) کە هەر دوو چاوی داهاتبوون، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەندێ تفی کردە چاوی چاک بۆوە، دوعای خێری بۆکرد، فەرمووی: بانگیان بکە بۆ

موسڵمان بوون چونكە ئەگەر كەسێ لەسەر دەستی تۆ موسڵمان ببێت لە ووشتری سوور بۆ تۆ باشترە، بەیانی بۆی هاتنە دەر (حارثی) سەركردە پەلاماری (عەلی) دا، خوا كردی (عەلی) فرسەتی لێهێناو كوشتی، سەرەنجام توانیان قەڵاكە بگرن، لەوێوە دوای قەڵای (ناعم) قەڵای (قموص) یان گرت، خواردنی زۆریانگرت و لەبرسێتی ڕزگاریان بوو.

(مرحب) كە جەنگاوەرێكی بە توانا بوو هاتە دەرو داوای شەڕی كرد، (عەلی) بۆی چوو كوشتی، دوای ئەو (یاسر) ی برای بەهەمان شێوە هاتە مەیدان (زبیر كوڕی عوام) ڕوبەڕوی بۆوەو كوشتی جولەكەكان ورەیان ڕوخا، لەم قەڵا بۆ ئەوی تر ڕایان دەكرد و موسڵمانەكانیش یەك یەك قەڵاكانیان دەگرت و ئەوانیش هەڵدەهاتن بۆ قەڵایەكیتر.

لەودەمەدا ئاووهەوای خەیبەر ناساز بوو، مەلاریای زۆر بوو، زۆرێك لە موسڵمانان نەخۆش كەوتن، هەواڵیان پێگەیشت كە جولەكە باكیان نیە لەو قەڵادا دامەزراون و خواردنی زۆریان پێیە ئاویان ڕاكێشاوە بۆ ناو قەڵاكە، كاتێ ئاوەكەیان لێ بڕین ناچار بوون بێنە دەرەوە و دەست بكەن بەشەڕ ژمارەیەكی زۆر موسڵمان شەهید بوو، ئەوانیش زۆریان لێكوژرا و قەڵاكانیان دا بەدەستەوە، ئینجا پەلاماری كۆمەڵێ قەڵای تریان دا، هەموویان لەقەڵایەكی تر خۆیان دامەزراند و كەوتنە

مەنجەنیق بەکار هێنان و موسڵمانانیان تیر باران کرد، پەنچەی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بریندار بوو، ئینجا موسڵمانەکان هێرشیان کردو ئەو قەڵایەش گیرا، لەناچاریدا جولەکە داوای ڕێکەوتنیان کرد: کە بڕۆن لە خەیبەر خۆیان و منداڵیان و قاتێ جل و وڵاخێك دەرکەن و بڕۆن، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)یش فەرمووی: باشە.

ئینجا داوایان لە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کرد کە زەوی خەیبەریان بداتێ بەنیوەی بیکەن بە کشتوکاڵ.

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کە لەوپەڕی هێزو تواناادا بوو، بەڵام ڕازی بوو تا سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب تیا مانەوە.

❀❀❀

## هەوڵێکی تری تیرۆر کردنی پێغەمبەر ﷺ

لە دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەی خەیبەر رێکەوتن لەگەڵ جولەکەو گەڕانەوەی ئاشتی بۆ ناوچەکە (زەینەبی کچی حارث) کە هاوسەری (سەلامی کوڕی مشکمە) بوو مەڕێکی کردە بریانی و ناردی بۆ پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) و دەیزانی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) حەزی لە شان و قۆڵیەتی، ژەهرێکی زۆری پێوە کرد، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)و یاران لێ ی کۆبوونەوە..

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەستی برد بۆ باڵ و شانەکەی و تیکەیەکی لێهەلگرت، خستیە دەمیەوە و خێرا تفی کردەوە، فەرمووی: ئەم ئێسقانە پێم دەڵێ ژەهری پێوە کراوە، وە لەگەڵ ئەویش دا (بەشیر کوڕی بەرراء) پارویەکی لێ خواردبوو و قوتی دا بوو،لە ئەنجامدا (بەشیر) شەهید بوو، ناردی بە شوێن (زەینەب) دا و ئەویش دانینا بە تاوانەکەیدا و وتی: وتومە ئەگەر پێغەمبەر بێت پێی ئەزانێت، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) لەهەقی خۆی بورا، بەڵام لەجیاتی بشیر کوشتیانەوە و جارێکی تر جولەکە سەلماندیان هەرگیز پەیمان نابەنە سەر..

لەجەنگی خەیبەر (١٥) موسڵمان شەهید بوون (٩٣) جولەکەش کوژران و لەمانگی سەفەری ساڵی ٧ کۆچیدا ڕوویدا.

لەدوای ئەوە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەگەڵ دانیشتوانی (فدك) کە شارێکی بچوکی جولەکە بوو ڕێکەوت و دوای ئەوانیش جولەکەی (ئیلە ) ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی (جیزیە) بدەن بەدەوڵەت و بە هێمنی و ئاسایی لە شوێنی خۆیان دابنیشن.

## وادی القری

لەدوای گەڕانەوەی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لە خەیبەر، بەرەو (وادی القری) ڕۆیشت کە کۆمەڵێ جولەکەو هەندێ عەرەبی موشریك پاڵیان پێوە دابوون، کاتێ نزیك بوونەوە تیر بارانیان کرد پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) سەربازانی ڕێك خست، بانگی جولەکەیان کرد بۆ ئیسلام، ڕازی نەبوون و هاتنە دەرەوە بۆ شەڕ، موسڵمانان ڕوبەڕویان بونەوە و (١٥) کەسیان لێکوژرا، جارێکی تر بانگی کردن بۆ لای خواو پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و ئیسلام، بەڵام ڕازی نەبوون و دەستیان کردەوە بە شەڕ، بۆ بەیانی خۆیان دا بەدەستەوە، لە دوایدا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) باخە خورماکانی بەنیوەی دایەوە بە جولەکە.

کاتێ ئەم هەواڵانە گەیشتە لای جولەکەی (تیماء) نوێنەری خۆیان نارد بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ پێغەمبەری خوا و پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لێی قبوڵ کردن و نوسراوێکی بۆ نوسین فەرمووی: ئەمە

نوسراوی محمد (صَلّی اللّه عَلَیهِ وَسَلَم) پێغەمبەری خوایە بۆ (بەنی عەدی) ئەوان بەڵێن و پەیمانیان لە گەردنی ئێمەدایە، جزیەیان لەسەرە، نە دوژمنایەتیان دەکرێت و نە دەر دەکرێن، بەدرێژای ژیانتان لێرە دەمێننەوە.

پاشان پێغەمبەری خوا گەڕایەوە بۆ مەدینە شەو لەبەر ماندووی لە ڕێگە نوستن، بیلال کرا بەپاسەوان، ئەویش هێندە ماندوو بوو، لەپاڵ ووشترەکەی خەوی لێکەوتبو، کاتێ خۆر هەڵهات خەبەریان بۆوە،پێغەمبەر(صَلّی اللّه عَلَیهِ وَسَلَم) چووە پێش و نوێژی بەیانی بۆ کردن.

❀❀❀

## قەزا کردنەوەی عومرە

سـاڵی حەوتـەمی کۆچـی خـەریك بـوو تـەواو دەبـوو، موسـڵمانان چاوەڕێ ی ئەو ڕۆژە بوون تا بۆ عـەمرە بگەڕێنـەوە بۆ مەککـە مانگی (ذي القعدة) تەواو بوو.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێغەمبـەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و موسـڵمانان لەگەڵیدا دەرچوون بۆ کەعبە لـە مەککـە، ئـەم سـاڵ دوو هـەزار کـەس، تـەنها چـەکی کەسـێکی گەشـتیاریان پـێ بـوو کـە شمشـێرێك بوو لە کێلاندا، بۆ پاراستنیان پێغەمبـەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) (١٠٠ )سواری ئامادە کرد بەسەرکردایەتی (محمدی کوڕ مەسلەمە) فـەرمانی پێکردن لە سنوری مەککە دەر نەچن.

قـورەیش هـەواڵیان پێگەیشـت، خێـرا دەر چـوون لەشـار وەك لەبەندی ڕێکەوتنەکـەدا هـەبوو، لـەدەرەوەی مەککـە چادریان هەڵدا و سەیری ئەو دیمەنـەیان دەکـرد کـە هـەرگیز بـە خـەیاڵیاندا نـە هـاتبوو شتی وا ببینن، وردە وردە نزیك بوونەوە لە (مسجد الحرام) و هاواریان دەکرد (لبيك لبيك) پاشان فەرمووی: بەزەیی خوا لـەو کەسـەی ئـەمڕۆ توانای خۆی نیشان دەدات چونکە دەیزانی کە قـورەیش وا دەزانن کە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ماندووە، چـووە لای بـەردە ڕەشـەکە و دەستی کرد بەڕاکردن هاوەڵان هەمان کاریان کـرد تـا گـەیشتە (الركن

الیمانی) بەهێواشی ڕۆیشت تا گەیشتەوە بەردە ڕەشەکە، دەستی کردەوە بەڕاکردن تا سێ تەوافی کرد، هەردوو هەزار موسڵمانەکە بە هەمان شێوە، دوای ئەوە کە تەوافیان تەواو کرد، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) بەرەو صەفاو مەڕوە ڕۆیشت، حەوت جار ئەمەی ئەنجام دا، لەلای مەروە حەیوانی سەربڕی و سەری چاك كرد، بەمەش فەرزەکانی عەمرەی جێ بەجێ کرد.

بۆ سبەینێ چووە کەعبە و تا نیوەڕۆ مایەوە، بیلال چووە سەربانی کەعبەو بانگیدا، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) پێش نوێژی بۆ کردن و سێ ڕۆژ لەمەککە مانەوە و پاشان گەڕانەوە، لەو ماوەدا سەردانی باوەڕدارانی مەککەیان کرد لە خزم و کەس و کاریان پاشان خوای گەورە ئایەتی نارده خوار

﴿لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ سوره الفتح:٢٧.

❀❀❀

## جەنگی (مؤتە) و سریەی (ذات السلاسل)

پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) نامەیەکی نارد بۆ گەورەی (بصری) نامەکەش (حارث کوڕی عمیر) گەیاندی، لەڕێگە (شرحبیل) لەلایەن (قیصر) دانرا بوو بەکاردەستی (بلقاء) ی شام، ئەم پیاوە نێرراوەکەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)ی گرت و کوشتی، کە ئەمەش لە نەریتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا تاوانێکی گەورە بوو، کاتێ هەواڵەکە گەیشتەوە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) تێگەیشت کە ئەوە مانای ڕاگەیاندنی جەنگە لەلایەن بەرامبەرەوە.

لەبەر ئەوە سێ هەزار کەسی کۆکردەوە کە گەورەترین سوپای ئیسلام بوو، وە گەورەترین ڕوبەڕوبوونەوەی جەنگی بوو کە لە (جەمادی یەکەم) ساڵی ٨ ی کۆچیدا ڕویداوە، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) بە پێچەوانەی جارانی تر، ئەم جارە سێ سەرکردەی بۆ سوپاکە دانا، فەرمووی: (زیدی کوڕی حارث) سەرکردە بێت ئەگەر شەهید بوو (جعفر) دابنێن، ئەگەر ئەویش شەهید بوو (عبداللە کوڕی رواحە).

فەرمانی کرد کە بچنە سەر شوێنی شەهید بوونی (حارث)، ئەو خەڵکە بانگ بکەن بۆ ئیسلام، فەرمووی: بەناوی خوداوە و لە پێناوی خوادا غەزا بکەن، لەگەڵ ئەوانەدا بێ باوەڕن، پەیمان مەشکێنن و

مەدەن بەسەریاندا، منداڵی شیرە خۆرە و ژن و پیاوی بەتەمەن و بێ چەك و خوا پەرستانی ناو کڵێساکان مەکوژن، دارخورماو هیچ دارێکی تر مەبڕن، هیچ بینایەك مەڕوخێنن، سوپا بەڕێکەوت و پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) تا (ثنية الوداع) لەگەڵیان ڕۆیشت و خوا حافیزی لێکردن، گەیشتنە (معان) لە شام، هەواڵهات کە (هرقل) بە سەد هەزار چەکداری ڕۆمەوە لە (مێب) دابەزیوە، و خێڵەکانی دەوروبەر بە سەد هەزاری ترەوە چوونە پاڵیان، ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕە وایکرد دووشەو بمێننەوە و گفتوگۆی بارودۆخەکە بکەن، (عبدالله کوڕی رواحه) هانی داو فەرمووی: ئێمە بەم ئاینە شەڕیان لەگەڵدەکەین نەك بە ژمارە، لە کۆتایدا هاتنە سەر ڕاکەی (عبدالله).

ڕۆیشتن تا گەیشتنە (مؤتە) کە گوندێکە لەخوار شامەوە، شەڕێکی سەخت ڕویدا، ئەو سێ هەزار کەسە، توانیان بەرامبەر دوو سەد هەزار بوەستن، زیدی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا کە سەرکردە بوو، داستانی گەورەی تۆمار کرد، شەهید کرا، (جعفر) ئاڵاکەی هەڵگرت و شەڕێکی قارەمانانەی کرد، لەئەسپەکەی کەوتە خوار، هەستایەوە شەڕیکرد تا دەستی ڕاستی قرتا، ئاڵاکەی گرتە دەستی چەپ و ئەویشیان قرتاند و خۆی دا بەسەر ئاڵاکەدا تا هەناسەی تیا بوو ئاڵاکەی ڕاگرت، (ابن عمر) دەڵێ: پەنجا برینی بەلاشەوە بوو، دوای ئەو (عبدالله کوڕی رواحه) ئاڵاکەی گرت و بەهەمان شێوە قارەمانێتی

نواند تـا شـەهید کـرا، (ثابـت کـوڕی ئەرقـەم) ئاڵاکـەی گـرت و وتـ
موسڵمانان ڕێکەون لەسەر کەسێ ئاڵاکە هەڵبگرێ وتیان: تۆ، وتـی م
ناتوانم، وتیان: خالیدی کوڕی وەلیـد، ئـەویش ئاڵاکـەی بـەرز کردەو
شەڕێکی کەم وێنەی کرد، خۆی دەفەرموێ: لە (مؤتە) نۆ شمشێر ب
دەستمەوە شکاوە و لـە کۆتایـدا شمشـێرێکی یـەمانیم بـە دەستەو
مایـەوە، پێغەمبـەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بـەوەحی ئاگـادار کرایـەوە
فەرمووی: ئەوە زید شەهید بوو..

پاشـان جعفـر ئاڵاکـەی هـەڵگرت و ئـەویش شـەهید بـوو، کـە ئـە
قسـانەی دەیفـەرموو چـاوی فرمێسـکی دەبارانـد، ئینجـا فـەرمووی: و
شمشـێرێکی خـودا ئاڵاکـەی هـەڵگرت و ڕزگاریـان بـوو، بـە زیرەکـی
لێهاتووی خالید توانی سوپاکە ڕزگار بکات، ڕۆژی یەکـەم بـە لێهاتووی
جـەنگا، ڕۆژی دووەم زۆر جـوان ڕێکـی خسـتنەوە بـە شـێوەیەك کـ
ڕۆمەکان وایـان دەزانـی هێـزی تازەیـان بـۆ هـاتووە، ئینجا بەهێواشی
دەستیکرد بە پاشەکشە، بـە شـێوەیەك ڕۆمـەکان شـوێنیان نەکـەوتن
چونکە بەفێڵی شـەڕیان دەزانـی، تـا سـوپاکە گەڕایـەوە مەدینـە، ئەو
شەڕە ئەوەندەی تر هێزو توانای موسڵمانەکانی بـۆ دەورو بـەر ئاشکرا
کرد، چونکە ڕۆمەکان گەورەترین دەسەڵاتی دنیا بـوون، ئـەوەش بووە
هۆی موسڵمانبوونی زۆرێك لە خێڵەکان.

کاتێ سەربازەکان گەڕانەوە مەدینە،، هەندێ کەس کە ئاگاداری بارودۆخەکە نەبوون سەرپێیی بیریان دەکردەوە، وتیان: ئەوانە هەڵهاتوون لە جەنگ، بەڵام پێغەمبەری خوا فەرمووی: ڕایان نەکردووە بەڵکو خوا بیەوێت دەگەڕێنەوە.

لەدوای چەند ڕۆژێ پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ویستی ئەو عەرەبانە تەمێ بکات کە چوونە سەنگەری ڕۆمەکان و لەدژی موسڵمانان وەستاون هەواڵیشی بۆ هاتبوو کە بەنیازی هاتنە سەر شاری مەدینەن، پێغەمبەری خوا (عمرو کوڕی عاص) نارد لەگەڵ سێ سەد کەس، کە نزیك بۆوە،زانیان کە بەرامبەرەکەیان ژمارەیان زۆرە، (ڕافعی کوڕی مکبث) نارد بۆلای پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) و داوای کۆمەکی لێکرد، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دوو سەد کەسی ناردو (ئەبو عوبەیدە) ی سەرکردەیان و (ئەبوبکر) و (عمر)یشی تیا بوو، ڕۆیشتن تا گەیشتنە (قضاعة) کۆمەڵێك هێرشیان بۆ هێنان بەڵام بڵاوەیان لێکردو شوێنەکەیان بە جێ هێشت.

❀❀❀

## فەتحی مەککە

یەکێك لە بەندەکانی (حودەیبیە) ئەوەبوو هەر کەسێ هاوپەیمانی لایەنێك بێت، دەبێت بەبەشێك لەو لایەنە، لایەنی سەرەکی بەرپرسیارە لە کارو کردەوەی هاوپەیمانەکانی، ئەوەبوو (خزاعە) بوونە هاوپەیمانی (پێغەمبەر (بەنی بەکر) بوونە پەیمانی قورەیش.

(بەنو بەکر) فرسەتیان دەستکەوت بۆ تۆڵە، لە شەعبانی ساڵی (٨)ی کۆچیدا کۆمەڵێك لەتیرەی (بەنوبەکر) دایان بەسەر هۆزی (خوزاعە) دا و چەند پیاوێکیان لێکوشتن، قورەیش یارمەتی (بەنی بکر) یان دا بوو لەگەڵیان بەشداریان کردبوو، ناچاریان کردبوون بەرەو (حەرەم) ڕابکەن و پەنا دەبەنە بەر ماڵەکەی ( بدیل کوڕی ورقط) ی خوزاعی و دراوسێکەیان (عەمری کوڕی سالم) ی خوزاعی خۆی گەیاندە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)..

پاشان بدیل و چەند کەسێکی خوزاعی هاتنە مەدینە و لەخزمەت پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)دا ڕوداوەکەیان باس کرد و وتیان: قورەیش هاوکاری (بنی بکر)یان کردووە ئەمەش پەیمان شکێنی بوو کە قورەیش ئەنجامی دئەبوو و خۆشیان هەستیان پێکرد، هەر زوو بڕیاریاندا کە (ئەبو سوفیان) بنێرن بۆ تازە کردنەوەی صولحەکە، گەیشتە مەدینە چووە ماڵی (أُم حبيبە) ی کچی وویستی لەسەر

ڕاخەرەکـەی پێغەمبـەر (صَلَّى اللّٰه عَلَيـهِ وَسَلَّم) دابنیشـێت لـە ژێریـدا دەریکێشـاو وتـی: ئـەوە ڕاخـەری پێغەمبـەر (صَلَّى اللّٰه عَلَيـهِ وَسَلَّم)ە، پاشان چووە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰه عَلَيـهِ وَسَلَّم) و قسـەی لەگـەڵ کرد، وەڵامی نەدایەوە، داوای لە ئەبوبکر کرد کە تکای بۆ بکا، وتـی: شتی واناکـەم، چـووە لای عومـەر و عـەلی بەهـەمان شـێوە، گەڕایـەوە مەککە بۆی گێڕانەوە کە هیچی بۆ نەکراوە.

سـێ ڕۆژ پـێش ئـەوەی هـەواڵی پـەیمان شـکێنی بگاتـە مەدینـە پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰه عَلَيهِ وَسَلَّم) زانیبووی بۆیە، بە عائشەی فەرمووکـە کەل و پەلی بۆ ئامادە بکات، بـەڵام نـە عائشـەو نـە هـیچ لـە هـاوەڵان نەیانـدەزانی بـۆ کـوێ خـۆی ئامـادە دەکـات تـا هەواڵەکـە گەیشـتە مەدینە، ئینجا پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰه عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمانی دا خـۆ ئامـادە بکـەن، بـۆ سـەر لێشـێواندن سـریەیەکی نـارد بـۆ (ذي الخشـب) تـا وا گومان ببرێ کە بەرەو ئەوێ دەڕوات..

(حاتب کوڕی ابی بلتع) بـە نهێنی نامەیـەکی بۆ قـوڕەیش نوسـی و دەنگوباسەکەی پێگەیاندبوون، نامەکەی دا بـەژنێك کـە نـاوی (ظعينـة) بوو، پاشان دەرچوو، جبریـل هـات و هەواڵەکـەی بـە پێغەمبـەری خـوا گەیاند، خێرا (علـی) و (مقـداد) ی نـارد و فـەرمووی: بـڕۆن تـا دەگەنـە باخچەی (خاخ) ئافرەتێکی لێیە ناوی (ظعينة) یە نامەیەکی پـێ یـە بـۆ قوڕەیشـی دەبـات، چـوون و لـە شـوێنی نـاوبراودا پـێ ی گەیشـتن و

نامەکەیان لێ سەند، کە لە پرچیدا شاردبویەوە، گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)، حاتب ی بانگ کردو فەرمووی: ئەمە چیە حاتب؟

وتی: پێغەمبەری خوا داوات لێ دەکەم پەلەم لێ مەکە، وەڵاهی باوەڕم بەخواو پێغەمبەرەکەی هەیە، نە هەڵگەڕاومەتەوە نە دڵم گۆڕاوە، بەڵام من کابرایەکی بێگانەم لەناو قورەیش و کەس و کارو منداڵەکانم لەناویاندان، کەس نیە پەنایان بدات، ئەوانی ترکە لەگەڵتدان لە مەککە کەس و کاریان هەیە و دەیانپارێزن، پێم وئەبوو کە ئەو پشت و پەنایەم نەبێت، ئەم کارە بکەم تا دەست نەبەن بۆ ژن و منداڵەکانم.

عومەر وتی: پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ڕێگەم بدە با لە ملی بدەم، چونکە ئەوە خیانەتی لە خواو پێغەمبەرەکەی کردووە و هەڵگەڕاوەتەوە، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: واز بێنە عومەر ئەمە یەکێکە لەوانەی شەڕی بەدری دیوە، لەوانەیە خوا لوتفی زۆری لەگەڵ خەڵکی بەدردا کردبێت،و فەرموبێتی چی دەکەن بیکەن ئەوا من لێتان خۆش بووم.!!

ئینجا عومەر فرمێسك لە چاوانی هاتە خوار و فەرمووی: خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن.

ساڵی (٨) ی کۆچی لەمانگی ڕەمەزان (١٠) ڕۆژ ڕۆیشتبوو، سوپای ئیسلام مەدینەی بە جێهێشت کە ژمارەیان (١٠) هەزار کەس بوو کە لە ڕێگەدا (عەباس) ی مامی و ژن و منداڵی موسڵمان بووبوون و کۆچیان دەکرد، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بەڕۆژوو بوو، خەڵکەکەش بەڕۆژوو بوون تا گەیشتنە ئاوی (کدید) ڕۆژووەکەیان شکاند، ئینجا ڕۆیشتن تا گەیشتنە (مر الظهران) لە خەوتنانـدا گەیشتنە ئەوێ، فەرمانی کرد لە هەموو لایەك ئاگر هەڵبکەن، ١٠ هەزار مەشخەڵ هەڵکرا.

(عەباس) مامی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) سواری هێسترە سپیەکەی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) بوو، چووە دەرەوە تا کەسێ ببینێ تا هەواڵ بدات بە قورەیش تا خەڵك بنێرن و داوای پەنادان بکەن، قورەیش لە حاڵەتی دڵە ڕاوکێدا بوون، (ئەبو سوفیان و حکیم کوڕی حزام و بدیل کوڕی ورقاء) دەرچوون تا هەواڵێ بزانن، عباس دەڵێ: گوێم لێبوو ئەبوسوفیان وتی: لەتەمەنمدا چاوم بەئەوەندە ئاگر نەکەوتووەو ئەوەندە سەربازم نەدیوە، هاوارم لێکرد، یەکترمان ناسی، وتم: ئەوە پێغەمبەری خوایە لەناو خەڵکیدا، سبەینێ بەرەبەیان لەناو قورەیش دا ڕۆژ دەکاتەوە..

ئەبو سوفیان وتی: چارە چیە؟ وتی: وەڵلاهی ئەگەر زاڵ بێت بەسەرتدا لە ملت دەدا، وەرە لەپشتمەوە سواری ئەم هێسترە ببە، با

بتبەمە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و داوای پەنات بۆ بکەم.

بەلای هەر ئاگرێکدا دەڕۆیشتین دەیان وت: ئەوە مامی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)ە، تا بەلای عومەردا تێپەڕیم (عومەر سەرکردەی پاسەوانەکان بوو) هات بۆ لام کە بینی وتی: ئەوە ئەبو سوفیانە هەی دوژمنی خوا؟

ئینجا بەڕاکردن چووە بەرەو ڕوی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، هێسترەکەم غارداو پێشکەوتم، لەسەری کەوتمە خوارەوە، چوومە ژوورەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و دوای منیش عومەر هات، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوە ئەبوسوفیانە ڕێگەم بدە با بدەم لەملی، عباس دەڵێ وتم: پێغەمبەری خوا من پەنام داوە.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : لەگەڵ خۆتدا بیبە بۆ ناو خێوەتگەکەی خۆت سبەینێ بیهێنەرەوە، سبەینێ چووینە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و فەرمووی: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ئەبوسوفیان کاتی ئەوە نەهاتووە کە بزانی هیچ خودایەك نیە جگە لە(الله).

وتی: دایك و باوکم بەقوربانت بن، چەندە بە حەوسەڵەو ڕێزدارو خزم دۆستیت؟ پێم وایە ئەگەر جگە لە الله خوایەکی تر هەبوایە دەستبەرداری من نەدەبوو.....

موسڵمان بوو، شایەتومانی هێنا، عباس وتی: پێغەمبەری خوا ئەبوسوفیان حەزی لەناوبانگە، پشکێکی بدەرێ، فەرمووی: بەڵێ باشە، هەر کەسێك بڕواتە ماڵی ئەبو سوفیان بێوەی دەبێت، هەرکەس دەرگای ماڵەکەی لەسەر خۆی دابخات بێوەی دەبێت، هەر کەس بڕواتە (بيت الحرام) بێوەی دەبێت.

بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ١٧ ی ڕەمەزان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (مر الظهران) بەجێ دەهێڵێ بەرەو مەککە، کە عباس بە ئەبوسوفیان دەڵێ فریای خزمەکانت بکەوە ئەویش بە خێرایی گەڕایەوە بۆ مەککە، بەدەنگی بەرز هاواریکرد: هەرکەس بڕواتە ماڵی ئەبوسوفیان بێوەی دەبێت، هەرکەس دەرگای ماڵەکەی لەسەر خۆی دابخات بێوەی دەبێت، هەر کەس بڕواتە (مسجد الحرام) بێوەی دەبێت، خەڵکی بڵاوەیان لێکرد بۆ مزگەوت و ماڵەکانی خۆیان، تەنها کۆمەڵێ هەرزەو ئەقڵ سوکەکانی قوڕەیش لە دەوری (عکرم کوڕی ئەبو جەهل) کۆبوونەوە بۆ شەڕ..

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشتە (ذي طوى) سەری دانەواند بۆ خوای تاك و تەنها بە شێوەیەك خەریك بوو ڕیشی پیرۆزی

بەرپشتی ووشترەکەی دەکەوت، ئینجا سوپاکەی دابەش کرد، هەر کەتیبە و شوێنی چوونە ناو مەککەی بۆ دیاریکرا، هەندێ ڕوبەڕووبونەوەی کەم لەگەڵ خالد کرا، لە دوورەوە دوانزە کەسیان لە موشریکەکان پێکا و ڕایان کرد، دووکەسی موسڵمان کە لە سوپاکە جیا بوونەوە کوژران.

❁❁❁

## هەق و ڕاستی سەرکەت

پێغەمبەری خوا تەشریفی هات و هاوەڵان بە دەوریدا، چووە ناو مزگەوت و بەرەو (بەردە ڕەشەکە) ڕۆیشتن، تەواف کرد لەناو کەعبەدا، (٣٦٠) بتی تیا بوو بە کەوانەکەی دەستی پێیدا دەکێشان و دەی فەرموو: ﴿جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُ﴾

ئینجا نوێژی کرد و (الله اکبر) کرد و خەڵك چاوەڕوان بوون، بزانن پێغەمبەری خوا چی دەکات، هەردوو لای دەرگاکەی گرت و وتارێکی کورتی فەرموو: جگە لەخوا هیچ پەرستراوێکی تر نیە، هەموو گرۆهەکانی سەرخست،... هەموو خەڵك نەوەی ئادەمن، ئادەمیش لە گڵ دروست بووە....

پاشان فەرمووی: خەڵکی قوڕەیش ئێوە پێتان وایە من چیتان لێ دەکەم؟ وتیان: خێرو چاکە، برایەکی بەڕێزو برازایەکی بەڕێزیت!! فەرمووی: من ئەوەتان پێ دەڵێم کە یوسف بە براکانی وت:(لا تثریب علیکم الیوم)، بڕۆن هەموتان ئازادبن.

پاشان لەمزگەوت دانیشت (عەلی) یان (عەباس) چووە خزمەتی کلیلەکەی کەعبە بەدەست پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)ەوە بوو، وتی: پێغەمبەری خوا دەرگاوانی و ئاودانی حاجیانمان بدەرێ،

پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: (عثماني كوڕی طلحة) لەکوێیە؟ بانگ کرا کلیلەکەی پێدراو فەرمووی: وەری بگرن تا هەتاهەتایە مەگەر زاڵم وە گەرنا کەس بۆی نیە لێتان بسەنێت!!

ئینجا کاتی نوێژ هات، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمانی دا بە بیلال بچێتە سەر کەعبەو بانگ بدات، (ئەبوسوفیان و عتاب و حارث) لە دەرەوەی کەعبە دانیشتبوون هەندێ قسەیان کرد، پاش کەمێ پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) چووە دەر بۆلایان و فەرمووی: هەرچیەکتان وت گوێم لێ بوو، پاشان پێ ی وتن کە چییان وتوە، (حارث و عتاب) وتیان: بەڕاستی شایەتی دەدەین تۆ پێغەمبەری خوایت.

✿✿✿

## تاوانبارانی جەنگ سزا دەدرێن

ئەو ڕۆژە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) لەماڵی (ئوم هانی) کچی (ئەبو تالب) خۆی شۆردو هەشت ڕکات نوێژی چێشتەنگاو یان سەرکەوتنی کرد، (ئوم هانی) داوای پەنای بۆ دوو هێوەری خۆی کرد لە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، چونکە ئەو پەنای دابوون، بەڵام (عەلی) ویستبوی بیانکوژێت، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)یش فەرمووی: (ئوم هانی) تۆ پەنای هەرکەس بدەیت ئێمەش پەنای دەدەین.

پێغەمبەری خوا نۆ کەسی دیاری کرد کە تاوانی گەورەیان کردبوو، ئەو لێبووردنە گشتی یە ئەوانی نەدەگرتەوە لەبەر ئەوەی وەك تاوانباری جەنگ ناسرا بوون و مافی خەڵکیان بەسەرەوە بوو، چەند کەسێکیان داوای پەنایان بۆ کراو پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)یش عەفوی کردن لەوانە: (عبداللە کوڕی ابی سرح) و (عکرمە کوڕی ئەبو جەهل) کە موسڵمان بوو، و (هبار کوڕی اسود) و (کەنیزەکێکی (ابن ختل) ئەوانی تریش بە سزای خۆیان گەیشتن و کوژران.

چەند کەسێکیش هەرچەندە خوێنیان حەڵاڵ نەکرا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکردەی قورەیش بوون ڕایان کردبوو، وەك (صفوان کوڕی ئومەییە)کە ویستی خۆی بخاتە دەریاوە، بەڵام ئامۆزاکەی

داوای لێبوردنی بۆ کردو پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ڕازی بوو، مێزەرەکەی وەك نیشانەی لێبوردنەکە بۆ برد، گەڕایەوە و موسڵمان بوو، وە (هندی کچی عتبە) خۆی شاردەوە دواتر هات و موسڵمان بوو، وە (مضالة کوڕی عمیر) لەکاتی تەوافی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم)دا هات بەمەبەستی کوشتنی، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هەواڵی نیازەکەی دڵی پێوت، ئەویش دەست بەجێ موسڵمان بوو، وەحشی بکوژی حەمزە موسڵمان بوو کەدوایی موسەیلەمەی درۆزنی کوشت، هەموو ئەو لێبوردن و چاوپۆشییە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەرگیز پێغەمبەری خوا بەشوێن تۆڵەدا نەگەڕاوە، بەڵکو هەوڵی هیدایەت و ڕزگارکردنی مرۆڤەکانی داوە لەدۆزەخ.

❀❀❀

## پشتیوانان و پێغەمبەر (ﷺ)

بەتەواوی مەککە ڕزگارکرا، بتەکان شکێنران، کۆچەریەکان گەڕانەوە خاك و نیشتمان و زەوی و زاری خۆیان، هاوەڵانی مەدینە کەوتنە باسی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) کە دوای ڕزگارکردنی مەککە ڕەنگە لەشارەکەی خۆیدا بمێنێتەوەو نەگەڕێتەوە مەدینە، پێغەمبەری خوا لەسەر صەفا دەپاڕایەوە، کاتێ تەواو بوو مژدەیەکی خۆشی پێدان و فەرمووی: پەنا بەخودا ژیان ئەو ژیانەیە کە لەناو ئێوەدا بێت، مردنیش ئەو مردنەیە کە لەناو ئێوەدا بێت.

ئینجا پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لەسەر صەفا دانیشت بۆ وەرگرتنی پەیمان لە خەڵك، (عومەری کوڕی خەتاب) لە خواریەوە خەڵکەکەی ڕیز دەکرد و ئەوانیش دەهاتن و پەیمانیان پێ دەدا، ئینجا ژنان پەیمانیان پێدا، لەسەر ئەوەی: هاوەڵ بۆ خودا بڕیار نەدەن، دزی نەکەن، ڕۆکانتان لەناو نەبەن، نابێت بوختان دروست بکەن، نابێت لە فەرمانی چاکی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەر بچن.

بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ماوەی (١٩) ڕۆژ لە شاری مەککە مایەوە، کاروباری ڕێکخست، ڕێنومایی خەڵکی کرد، و هەرچی بت هەبوو لە مەککە شکێنرا، خالیدی کوڕی وەلیدی نارد لەگەڵ (٣٠)

سواردا بۆ شكاندنی (العزی) كە گەورەترین بتی قورەیش بوو لە (نخلە)، (عمری كوڕی عاص) ی نارد بۆ شكاندنی (سواع) كەگەورەترین بتی (هزیل) بوو كە سێ میل لە مەككەوە دوور بوو، وە سعد كوڕی زەیدی نارد لەگەڵ (٢٠) سواردا نارد بۆ شكاندنی بتی (منات) كە بتی (كلب و خزاعە) بوو، ئەوانیش فەرمانیان جێ بەجێ كرد، ئەو ماوەی( ١٩ ) ڕۆژە لە مەككە نوێژی كورت دەكردەوە.

## غەزای حونەین

فەتحی مەككە دەرگای سەركەتنێك بوو بۆ ئیسلام، بوارێكی باش دروست بوو، بۆ ناساندن و بانگەواز كردن بۆ ئەم پەیامە خواییە، زۆرێك لە هۆزەكان بە كۆمەڵ هاتن و موسڵمان بونی خۆیان ڕاگەیاند، بەلاَم هەردوو هۆزی (هوازن و ثقیف) كۆبوونەوە، وتیان: محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) پێش ئەوەی بدات بەسەرماندا با ئێمە بدەین بە سەریاندا، بۆ ئەم مەبەستە (مالك كوڕی عوف النصری) بووە سەركردەیان، كۆمەڵێ خەڵكی تریان لەدەور كۆبۆوە وەك (بنی سعد) مالك بڕیاری دا كە ژن و منداڵ و گیاندارەكانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، هەرچەندە پیاوێكی دنیا دیدەی (بەنی سعد) ئامۆژگاری كرد كە وانەكات، بەلاَم بە گوێ ی نەكرد، كاتێ پێغەمبەری خوا هەواڵی زانی

(١٢) هەزار جەنگاوەری بۆ ئامادە کردن کە دوو هەزاری مەککە بوون، (٨٠) موشریکیان لەگەڵ بوو، ئەوانی تر لەوانە بوون کە لەمەدینەوە هاتبوون، لە ڕێگە کەوتنە باسی زۆری ژمارەیان و لە خۆیان بایی بوون.

کاتێ پێشی هێزەکە گەیشتنە دوژمن ڕوبەڕوی کەمینێك بوونەوە کە لەشیوی (الوادی) خۆیان حەشاردئەبوو، تیربارانی موسڵمانیان کرد، وەك کوللە تیر دادەباری، هەموو ڕوی ولاخەکانیان وەرگێڕاو هەڵهاتن، شێواوی ڕوی کردە موسڵمانان ئەوانەی دواوە سەرسام بوون، بێ ئەوەی بزانن چی ڕویداوە هەڵدەهاتن، پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) لە مەیدانی جەنگ لەگەڵ هەندێکی کەم لە کۆچەری و پشتیوانان مایەوە لەوانە: (ئەبوبکر، عومەر، عەلی، عەبباس، کوڕەکەی، ئەبوسوفیان، براکەی (ربیعە)، (معتب کوڕی ابی لهب)، پێغەمبەری خوا هاواری کرد: خەڵکینە وەرن لەدەورم کۆببنەوە، من پێغەمبەری خوام.

فەرمانی بە عەباس کرد چونکە دەنگی گەورە بوو، تا هاوەڵەکانی بانگ بکاتەوە، عەباس بە هەموو توانای هاواری کرد: ئەی کۆمەڵی پشتیوانان ئەی هاوەڵانی پەیمانی (رضوان) ئەوانەی لە دۆڵەکەدا بوون گوێیان لێ بوو: هاواریان کرد وا هاتین،واهاتین، لەبەر عەرەبە دەشتەکیەکان کە هەڵ دەهاتن، هاوەڵان نەیان دەتوانی بەسوار

ئەسپەکانیانەوە بگەڕێنەوە، بۆیە دادەبەزین و بەرەو پێغەمبەری خوا دەڕۆیشتن، تا لەدەوری کۆببنەوە، خوای گەورەش دامەزراوی کردن، وەك شێری بێ ترس، (الله اكبر) یان کردو هێرشیان برد، عەرەبە دەشتەکی و تازە موسڵمان بووەکان بەم دیمەنە سەرسام بوون، ئازایەتی موسڵمانان و کاریگەری و هێزی باوەڕیان بۆ دەرکەوت کە لەکاتە ناهەموارەکاندا هێز دەبەخشێ..

بۆیە زۆرێکیان موسڵمان بوون. خالیدی کوڕی وەلید زۆر بریندار بوو، خوای گەورە ویستی وانەی ئیخلاص و دڵسۆزی یان فێر بکات و هەرگیز بەژمارەو زۆری نەنازن. زۆری نەخایاند جارێکی تر جەنگ لە بەرژەوەندی موسڵمانان تەواو بوو، بێ باوەڕان شکستیان هێنا سەروەت و سامانێکی بێ شوماریان بە جێ هێشت، کە (٢٤)هەزار ووشتر و (٤٠) هەزار مەڕو (٤) هەزار ئۆقیە زیو دەبوو، موشریکەکان پەرتەوازە بوون، کۆمەڵێك بەرەو نەخلە هەڵهاتن، کۆمەڵی سیەم لە (أوطاس) دامەزران..

پێغەمبەری خوا (ابا عامر الاشعری) نارد بۆ ( أوطاس) تا نەهێڵن خۆیان کۆبکەنەوە (ابا عامر) شەهید بوو، برازاکەی (ئەبو موسای ئەشعەری) چووە جێگەی، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و ئەوانەی کە مئەبوون بەرەو طائف ڕۆیشتن، تا نەهێڵێ (ثقیف و هوازن) خۆیان ئامادە بکەنەوە، کاتێ گەیشتنە طائف بینیان وا خۆیان لەناو

قەڵاکانـدا دامەزرانـدووە، خـۆراکی سـاڵێکیان لەگـەڵ خۆیـان بردۆتـە ژوورەوە، موسڵمانان لەنزیك قەڵا خۆیان دامەزراند، بـەڵام بـێ بـاوەڕان تـیر بارانیـان کـردن و زۆرێـك برینـدار بـوون لەوانـە: عبدالله کـوڕی ئەبوبـەکر، تـا لـە زەمـانی خەلافـەتی باوکیـدا ئـەو برینـە کوشـتی، هەروەها ئەبوسوفیان برینـدار بـوو (١٢) کەسـی برینـدار مـردن، ئینجا دوورکەوتنـەوە، مـاوەی( ١٨) ڕۆژ گـەمارۆیان دان، پـاش ماوەیـەك لـە بەکار هێنانی مەنجـەنیق و زۆربۆهاتنیـان، داوایـان کرد کـە واز بهێـنن، موسڵمانان بانگیان کرد: هەرکـەس بێتـە دەرەوە سـەلامەتە،(١٠) پیاو زیاتر هاتنە دەرەوە، پێغەمبەری خوا(صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ڕاوێـژی بـە (نوفل بن المعاويه الديلى) کرد کە ئایا بمێنێتـەوە یـان بـڕۆن، ئـەویش وتی: ڕێویەك لـە کونێکدا ئەگـەر بوەستی لەسـەری دێتـە دەر،ئەگـەر بچی زیانت پێ ناگەیەنێت.

پێغەمبـەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فـەرمانی ڕۆیشـتنی کـرد، هەنـدێ موسـڵمان داوایـان کـرد لـە پێغەمبـەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم): دوعـا لـە (ثقیـف) بکـات، فـەرمووی: (پـەروەردگار ڕێنمـووی ثقیـف بکـەو بـە موسڵمانێتی بیان هێنە)، ئینجا پێغەمبەری خـوا (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) دەسـتی بـە دابـەش کردنـی دەسکەوتەکان کـرد و زۆری بـەکارهێنا بـۆ ڕاکێشانی دڵی ئەو کەسانەی تازە موسڵمان بوو بـوون، هـەموو کەسـێك بەشی خۆی وەرگرت، دووڕووەکان وتیـان: ئـەم دابـەش کردنـە مەبەسـت

تیایدا بۆ خوا نی یە، پێغەمبەری خوا (صَلّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) تورە بوو تا دەم و چاوی سور هەڵگەڕا و فەرمووی: (ویحك من یعدل اذا لم أعدل)؟، پاش کەمێ لەناو (ئەنصارەکان) دەنگۆی ئەوە دروست بوو، کە پێغەمبەر (صَلّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بەشی ئەوانی نەداوە، ئەم قسە گەیشتەوە پێی کۆی کردنەوەو فەرمووی: ئەی کۆمەڵی ئەنصار قسەیەکم پێ گەیشتووە، ئایا ئێوە گومڕا نەبوون خوای گەورە بەهۆی منەوە هیدایەتی دان، هەژار نەبوون دەوڵەمەند بوون، دوژمنی یەکتر نەبوون خوای گەورە دڵی کردن بەیەك..

قورەیش تازە موسڵمان بوون مەبەستم دلگرتنیانە، ئایا بۆ ماڵێکی کەمی دونیا تورە دەبن کە داومە بەکەسانێك هێشتا دڵیان دانەمەزراوە، ئێوەش سپارد بەو ئیسلامەی لە دڵتاندا جێگیرە؟ ئایا ڕازی نابن خەڵك ووشترو مەڕو بزن ببات، ئێوەش پێغەمبەری خوا(صَلّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لەگەڵ خۆتان ببەن؟ سوێند بەوکەسەی گیانی محمد (صَلّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)ی بە دەستە ئەگەر هیجرەت نەبوایە منیش یەکێك دەبووم لە ئەنصار، ئەگەر خەڵکی هەموو دۆڵێ بگرنە ڕێ ئەنصار دۆڵێکی تر ئەوا منیش شوێن ئەنصار دەکەوتم، پەروەردگار ڕەحم بە ئەنصارو نەوەکانیان بکە، ئەنصارییەکان هەموو فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوار تا ڕیشیان تەڕ بوو، وتیان: ڕازین کە پێغەمبەری خوا (صَلّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) پشك و بەشی ئێمە بێت.

## هۆزەکان دەچنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)

### ( هوازن )

لەدوای چەند شەوێك، نمایندەی (هوازن) بە سەرۆکایەتی (زهیر بن حدد) هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم)، داوای ڕزگارکردنی گیراوەکانیان کرد، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: ئەوەی لای من و نەوەی (عبدالمطلب) بێت، هی خۆتانە ئەگەر نوێژی نیوەڕۆمان کرد، هەستن و بڵێن ئێمە موسڵمان بووین و پێغەمبەری خوا (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) دەکەینە تکاکارمان لای براکانمان، هەروەك بڕیاردرا وایان کرد پێغەمبەری خوا هەستاو فەرمووی: ئەمانە برای ئێوەن، گەڕاونەتەوە هەرکەس پێی خۆشە شتومەك و گیراویان بداتەوە، ئێمە هەقی بۆ دەکەینەوە، ئەنصارو کۆچکردوان وتیان: هەرچی هی ئێمەیە هی پێغەمبەری خوایە، تەنها کۆمەڵێك عەرەبی دەشتەکی بە گوێیان نەکرد..

پێغەمبەری خوا (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) وەك قەرز لێ ی وەرگرتنەوەو گێڕایەوە بۆ خاوەنەکانی، ئینجا هەواڵی (مالك) ی پرسی وتیان: لەگەڵ ثقیف هەڵهاتووە، فەرمووی: هەواڵی بدەنێ ئەگەر موسڵمان بێت کەس و کارو سامان وماڵەکەی بۆ دەگێڕمەوە و

زیاد لە (١٠٠) ووشتریش، کاتێ هەواڵیان پێگەیاند بە نهێنی لەقەلاکە دەرچوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و ئەویش بەڵێنەکەی جێ بەجێکردو کردی بە سەرکردەی موسڵمانانی هوازن.

پاشان پێغەمبەری خوا عەمرەی کردو لە (مجدانە) ئیحرامی پۆشی و تەواف کردو سلاوی لەبەردە ڕەشەکە کردو هەرئەو شەوە گەڕایەوە بەرەو مەدینە، کە گەیشتە مەدینە سێ شەو لە مانگی (ذي القعدة) مئەبوو، کاتێ گەڕایەوە مەدینە، دەستەیەکی نارد بە سەرکردایەتی (قیس بن سعد) لەگەڵ (٤٠٠) کەس بۆ بانگەوازکردنی هۆزێك لە یەمەن کە هۆزی (صداء) بوو، بەلأم پیاوێکی ئەو هۆزە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) هەواڵی هاتنی هۆزەکەی بە موسڵمانی گەیاندە پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، ئەویش فەرمانی گێڕانەوەی شاندەکەی فەرموو.

پاشان (١٥) پیاویان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) و پەیمانیان پێداو کاتێ گەڕانەوە هەموو هۆزەکەیان موسڵمان بوون.

❀❀❀

## شاندی تەمیم

لە دوای ئەوان شاندێکی تەمیم هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) کەمێك دوا کەوت لـە چوون بۆ لایان، هاواریان کرد ئـەی محمـد (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) وەرە دەرەوە بـۆ لامان،لەسـەر ئـەوان ئایەتی ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ، وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (٤-٥) سورە الحجرات:٤-٥، هاتە خوارەوە.

کاتێ پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هاتـە لایان هەندێ وەسف و ستایشی خۆیان کرد و بەخۆیاندا هەڵدا، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا(صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فـەرمووی: فـەرمانمان پێنـەکراوە فـەخرو شـانازی بەخۆمانەوە بکەین. سەرەنجام موسڵمان بوون و پێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) یش زۆر بەجوانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردن و ماوەیـەك لـە مەدینە مانەوە بۆ فێربوونی قورئان و دین.

## سریەی (وەلید)

پێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلّم) (وەلیـد کـوڕی عقبـە کـوڕی ابـي معـیط) ی نـارد بـۆ کۆکردنـەوەی زەکـاتی (بـني المصـطلق) کـاتێ زانیـان(١٢٠) پیاویـان بـۆ پێشـوازی بـەرەو ڕوی ڕۆیشـتن، وای زانـی نیازیـان خراپـە چـونکە پێشـتر دوژمنایـەتیان هـەبوو، بۆیـە بەپەلـە

گەڕایەوە مەدینە و بە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)ی وت: کە هەڵگەڕاونەتەوە و زەکاتیان نەداوە، بۆ دڵنیا بوون لەم هەواڵە پێغەمبەری خوا (خالید کوڕی وەلید) ی نارد، کاتێ نزیک بۆوە گوێ ی لە دەنگی بانگ بوو، کە چووە لایان جگە لەگوێڕایەڵی هیچی تری لێ نەبینین، ئینجا گەڕایەوە و هەواڵەکەی گەیاندە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) و دەربارەی وەلید ئەم ئایەتە هاتە خوار

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ **سورة الحجرات:٦.**

## سریەی (علقمە)

هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا کە دەستەیەك لە (حەبەشە) بینراون کە دەیانەوێت بدەن بەسەر (جدە) دا، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) (علقە کوڕی مجزر) و (٣٠٠) کەسی بۆ ناردن، کاتێ موسڵمانانیان بینی هەڵهاتن، لە ڕێگە مۆڵەتی دا بەسوارەکان کە پەلە بکەن، ئەوانەی کە مانەوە (عبدالله کوڕی حزافەی سەهەمی) کردە سەرکردەیان، لە ڕێگە ئاگرێکی بۆکردنەوە پێ ی وتن: ئایا فەرمانتان پێ نەکراوە کە گوێ ڕایەڵی من بن، وتیان: بەڵێ، وتی: من فەرمانتان پێ دەکەم کەخۆتان بخەنە ناو ئەو ئاگرەوە، هەندێکیان وتیان: ئێمە

کە موسڵمان بووین لە ئاگر خۆمان ڕزگار کردووە،هەندێکیان خەریك بوو بە گوێ ی بکەن، بەلاّم عبدالله وتی: گاڵتە دەکەم، کاتێ بۆ پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)یان گێڕایەوە فەرمووی: (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) گوێڕایەڵی دروست کراو ناکرێ لە شتێکدا کە بێ فەرمانی بەدیهێنەرو (الله) ی تیا بێت.

## ساڵی نۆیەم

لەمانگی ڕەبیعی یەکەم پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) (عەلی کوڕی ئەبو تالب) ی نارد لەگەڵ ٥٠ سوار بۆ شکاندنی (بتی فلس) کە بتی هۆزی (طي) بوو، بت پەرستەکان ڕوبەڕویان بوونەوە، بەلاّم هەموویان دەستگیر کران لەناویاندا (سفانە کچی حاتم طائی) هەبوو، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ڕێزی گرت و ئازادی کرد و ئەویش گەڕایەوە هەواڵی گەیاندە براکەی (عدی) و ئامۆژگاری کرد کە بچێتە خزمەتی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّم) ٠

## شاندی عەدی کوڕی حاتەم

عەدی ڕێکەوت تاگەیشتە مەدینە چووە خزمەت پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)و فەرموی: ئەم پیاوە کێ یە؟ وتی: عەدی کوڕی حاتم، دەستی گرت و بردیەوە بۆ ماڵەوە، لەڕێگە پیرەژنێك پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)ی ڕاگرت و پرسیاری لێ دەکرد، زۆر لەگەڵی مایەوە، عەدی وتی: سوێند بەخوا ئەمە پاشا نی یەپاشان ڕۆیشتن تاگەیشتنە ماڵەوە دۆشەکێکی هێناو فەرمووی بە عەدی لەسەر ئەمە دابنیشە، وتی: تۆ لەسەری دابنیشە، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) ڕازی نەبوو، خۆی لەسەر زەوی دانیشت..

پاشان فەرمووی: موسڵمان بە پارێزراو دەبیت، سێ جار، عەدی وتی: من لەسەر دینی گاورم.

پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرموی: من لەتۆ زیاتر شارەزای دینەکەتم، وتی چۆن؟ ئینجا هەندێ شتی بۆ باس کرد کە لەدینی مەسیح دا نیە بەڵکو عادەت وخووی عەرەب بووە تێکەڵ بووە، وەك چواریەك لە غەنیمەدا، پاشان فەرمووی: ڕەنگە بلێ ی لاوازو هەژارەکان شوێنی کەوتوون بۆیە موسڵمان نەبیت؟ سوێند بەخوا ماڵ ئەوەندە زۆر دەبێت کەس نابێت هەڵی بگرێتەوە، یان ڕەنگە بلێ ی ژمارەیان کەمەو دوژمنانیان زۆرە؟ دەزانی (حیرە) لەکوێ یە، وتی:

نەمدیوە، بیستومە، فەرمووی: دە سوێند بەخوا ئەم دینە واپەرە دەسێنێ تا ئافرەت لە حیرەوە دەڕوات بۆ کەعبە بۆ تەواف و کەسی لەگەڵ نیە، یان ڕەنگە بلێ ی پاشای و دەسەلات لای جگە لەمانە هەیە؟ سوێند بەخوا زۆر نزیکە ببیستی کەکۆشك و تەلاری سپی لە زەوی بابل دەرگایان کراوەتەوە بۆ ئەم ئوممەتە، پاشان عدی موسڵمان بوو،وە ژیا هەتا ئەو بەڵێنانەی دی کە پێغەمبەری خوا (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرمووی ٠

## جەنگی تەبوک

هەواڵ گەیشتە پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) کە ڕۆم خۆی ئامادە کردووە بۆ هێرش کردنە سەر موسڵمانان، ئەو ساڵە ووشکە ساڵی و هەژاری بوو، زۆر گەرم بوو کاتی پێگەیشتنی بەروبووم بوو، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرمانی کرد کە خۆ ئامادە بکەن و مەبەستەکەی پێوتن جونکە دوور بوو، تا خەڵك توێشووی چاك ئامادە بکەن، هەواڵی نارد بۆمەککەو هۆزە عەرەبەکان فەرمانی کرد دەوڵەمەندەکان پێداویستی جەنگ بۆ هەژاران دابین بکەن، عثمانی کوڕی عەففان (١٠)هەزار دینارو سێ سەد ووشتری ئامادەکراو پەنچا ئەسپی بەخشی، پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرمووی: خوایە

لەعثمان ڕازیبە، من لیّ ی ڕازیم، ئەبوبەکر هەموو ماڵو سامانی هێنا کە (٤) هەزار درهەم بوو، فەرمووی: هیچت هێشتۆتەوە بۆ منداڵەکانت؟ وتی: خواو پێغەمبەری خوا، عومەر نیوەی ماڵەکەی هێنا، عبدالرحمن کوڕی عەوف (١٠٠) ئوقیە، عەبباس و طەلحة ماڵێکی زۆریان هێنا..

عاصم کوڕی عەدی( ٧٠) ویسق خورما، ئافرەتانیش هەرچیەکیان لەزێڕو زیو هەبوو بەخشیان، حەوت زانای صەحابی هەژار هاتن داوایان لە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) کرد، وولاخیان بداتیّ تا بەشداری بکەن، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: هیچم نیە بتاندەمیّ، گەڕانەوە چاویان پڕ بوو لە فرمێسک کە ناتوانن بەشداری بکەن و هیچیشیان نیە ببەخشن، ئینجا عپمان پێداویستی سیانیان و عەبباس دوانیان و یاسین کوڕی عمرو پێداویستی دوانەکەی تریان ئامادە کرد. خۆیان ئامادە کرد و کۆبوونەوە ٣٠ هەزار کەس دەبوون، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) عەلی کردە سەرپەرشتی ماڵ و خێزانی، محمدی کوڕی مسلمەی کردە سەرپەرشتی مەدینە..

زۆرێك لە دوڕووەکان دواکەوتن، کە (عبدالله کوڕی ابی) سەرکردەیان بوو، وتیان: کەی ئێستە کاتی تێکۆشان و شەڕە، وادەزانیّ جەنگ لەگەڵ ڕۆم گاڵتە کردنە؟ زۆر قسەی ناشایستانەیان بە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و هاوەڵان وت، کاتیّ پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)

عمار کوڕی یاسر ناردە لایان، وتیان: ئێمە گاڵتەمان کردووە، بەهانەیان هێنایەوە کە ناتوانن لەگەڵیان دەربچن، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) مۆڵەتی دان، خوای گەورە فەرمووی: خوا لێت ببوری، بۆچی مۆڵەتت دان، تا کێ بزانی کێ ڕاست دەکات و کێش درۆ دەکات، ئینجا خوای گەورە بەهانەکانی بەدرۆ خستنەوە، دڵنەوایی موسڵمانانیشی کرد، کە دەرنەچوونی ئەوان هیچ زیانێك لە موسڵمانان نادات، بگرە سودیش هەیەو، چوار کەسی موسڵمانیش بەجێمان و دوا کەوتن کە

(کعب کوڕی مالك) (هلال کوڕی ئومەیە) (مرارە کوڕی ربیع)(ئەبو خیثمە)،پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ئاڵای گەورەی دایە دەست ئەبوبەکر، زید ئاڵای کۆچەرو (اسید) ئاڵای ئەوس و (حەبباب) ئاڵای خەزرەج، (ئەبو خیثمە) لەماڵ و لای دوو هاوسەرەکەی بوولەناو باخ و بێستانەکەیدا، ئەو ڕۆژە زۆر گەرم بوو، ئاوی ساردو خواردنیان بۆ هێنا کاتێ هێنایان بیری پێغەمبەری خوای کردەوە، وتی: چۆن دەبێ من لەناو ماڵ و منداڵ و باخ و بێستاندا بم، ئاوی ساردو خواردن بخۆم، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و هاوەڵان لە گەرمای بیاباندا و ئاوی گەرمیشیان دەست نەکەوێت، بۆیە دەستوبرد خۆی ئامادە کرد و ماڵی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) کە گەیشتبوونە (تەبوك) هەرکەس بەجێ دەما پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ

وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: وازی لێ بهێنن ئەگەر خێری تیا بێت خوا دەیگەیەنێ پێتان، ئەگەر خێری تیا نەبێت لەدەستی ئیسراحەت دەکەن تا ئەبو بەکر دوا کەوت، پاش ماوەیەك کە وڵاخەکەی هەڵنەستا شتومەکەکەی دابەشێنراو بەرێکەوت، لەدوورەوە بینرا وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) ئەوە کەسێکە بەتەنها دێت فەرمووی: ئەبو ذەردەبێت، کە نزیك بۆوە ئەوەبوو پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) فەرمووی: ڕەحمەتی خوا لە ئەبادەر، بەتەنها دەڕوات و بەتەنهاش دەمرێت و بەتەنهاش زیندوو دەکرێتەوە هەرواش بوو، لەزەمانی (عثمان) دا فەرموودەکەی پێغەمبەر(صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلّم) هاتە دی .

❀❀❀

## شاندی (ئیلە)

کاتێ گەیشتن لەتەبوك هیچ سوپایەکیان نەبینی، چەند ڕۆژێ مایەوە لەو ڕۆژانەدا (یوحنا) خاوەنی شاری (ئیلە) و خەڵکی (جەرباء) و (اذرح) (میناء) هاتنە لای پێغەمبەری خوا، یوحنا موسڵمان نەبوو، بەڵام ئامادە بوو جزیە بدات، پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)یش نامەیەکی بۆ نووسی، هەروەها نامەی بۆ (اذرح و جرباء) نوسی، پەنای دان بە پەنای خواو پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)، پاشان گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە.

## مزگەوتی ضرار

کاتێ نزیك بوونەوە لە مەدینە، هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا کە لەریەن دوڕوەکانەوە مزگەوتێك دروست کراوە بۆ بەربەرەکانێ ی مزگەوتی (قباء) تا جیاوازی و ئاشوب بخەنە نێوان موسڵمانانەوە، کۆمەڵێکیان ناردە لای پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)و داوایان لێکرد بچێت نوێژی تیا بکات، پرسی لە هۆکاری دروستکردنەکەی؟ سوێندیان خوارد کە مەبەستیان چاکەیە خوای گەورەش ئایەتی ناردە خوارەوە و شایەتی دا کە درۆ دەکەن، جا پێغەمبەری خوا کۆمەڵێك

هاوەڵی نارد و فەرمانی پێکردن کە بچن مزگەوتەکە بڕوخێنن، ئەوانیش فەرمانەکەیان جێ بەجێ کرد.

## سێ موسڵمانەکە لە غەزا دوا کەوتن

(کعب و مرارە و هلال) هاتنە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) دانیان نا بەهەڵەو تاوانەکەیاندا، بەڵام بەهانەیان نەهێنایەوەو ڕاستیان وت بە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ئەویش فەرمووی: بڕۆن تا خوای گەورە بڕیارتان دەربارە دەفەرمووێ؟

فەرمان درا بە موسڵمانان کە قسەیان لەگەڵ نەکەن، ژنەکانیان لێیان دوور بکەونەوە و کەس تێکەڵیان نەبێت، زەویان لێ هاتبووە یەک، دەرونیان لۆمەو سەرزەنشتی دەکردن ماوەی چل ڕۆژ مانەوە، ئینجا خوای گەورە ئایەتی ناردولێیان خۆش بوون..

پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: بڕۆن مژدە بدەن بە براکانتان کە خوا لێیان خۆش بووە، خەڵك دەستە دەستە دەچوون و پیرۆزباییان لێدەکردن کە خوا پەشیمانی وەرگرتوون، کاتێ کەعب هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: مژدە بێت ئەی کعب بە چاکترین ڕۆژت کە بەسەردا ڕۆیشت لەو ڕۆژەی لە دایك بوویت، وتی: لای تۆوە یان لای خوای گەورەوە،

فەرمووی: بەڵکو لەلایەن خوای گەورەوە؟، کعب وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بەشێك لە تەوبەکەم ئەوە بوو کە واز لەماڵ و سامانم بهێنم و هەمووی ببەخشم بە خواو پێغەمبەرەکەی، فەرمووی: بەشێك لەماڵەکەت هەڵبگرە ئەوە بۆت باشترە، پاشان ئەو ئایەتانەی بۆ خوێندەوە کە مژدەی لێبووردنی تیایە بۆیان.

## شاندی ثقیف

لەدوای گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا لە تەبوك شاندێکی ثقیف هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، لە دوای دیداری پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لە لای مزگەوتەوە جێگەیەکیان بۆ تەرخان کرا تا گوێ لە قورئان بگرن و سەیری خەڵك بکەن کە نوێژ دەکەن لە هەموویان بچووکتر (عثماني کوڕی ابی العاص) بوو کە لەلای شتو مەك بەجێیان دەهێشت، بەڵام کە ئەوان دەگەڕانەوە دەچووە خزمەت پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)و قورئانی لا دەخوێند، ئەگەر ئەو نوستبا دەچووە لای ئەبوبەکر، بەم شێوەیە قورئانێکی زۆری لەبەرکرد بەبێ ئەوەی هاوەڵانی بزانن، پاشان ئەو شاندە موسڵمان بوون و داوای کەسێکیان کرد کە پێش نوێژیان بۆ

بکات، پێغەمبەری خوا (عثمانی کوڕی ابی العاص) ی کردە پێشەوای نوێژیان، لە کاتی گەڕانەوە هۆزەکەشیان موسڵمان بوون، کاتێ هەواڵی موسڵمان بوونیان گەشتە پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، ئەبوسوفیان و موغەیرە نارد بۆ شکاندنی (لات) بتە گەورەیان.

## پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوبەکر دەنێرێ بۆ حەج

لە کۆتاییەکانی (ذي القعدة) دا پێغەمبەر(صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ئەبوبەکری نارد تا حەج بەخەڵك بکات، ئەویش لەگەڵ (٣٠٠) پیاودا لەمەدینە دەرچوون و حەیوانی (هەدی) یان پێ بوو، کە (٢٠) ووشتر بوو پێغەمبەری خوا بەخشی و ئەبوبەکریش پێنج ووشتری هێنا، کاتێ بەڕێکەوتن سەرەتای سورەتی (براءة) نازڵ بوو، پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)یش عەلی نارد تا لەحەج بەخەڵکی بگەیەنێت لە ڕۆژی حەجی گەورەدا لە کاتی کۆبوونەوەیان لە (منی) و ڕۆژی جەژنی قوربان ئایەتەکانی خوێندەوە و وتی: لە دوای ئەمساڵەوە کەسی موشریك حەج ناکات و بەڕوتی بەدەوری کەعبەدا تەواف ناکرێ، لەو سەفەرەدا علی لەدوای ئەبوبەکر نوێژی دەکرد .

هەر لەوساڵەدا (ام کلثوم)ی کچی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) و هاوسەری (عثمان) وەفاتی کرد، اصحەمەی نجاشی گەورەی حەبەشە کۆچی دوایی کردو پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) نوێژی غائیبی

لەسەر کرد، وە سەرۆکی دوڕووەکان (عبداللە کوڕی ئوبەی) مردو پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) نوێژی لەسەر کرد پاش ئەوەی عمر زۆر هەوڵیدا نوێژی لەسەر نەکات، دوایش قورئان پشتگیری ڕایەکەی عمری کرد و فەرمانی کرد کەهەرگیز نوێژیان لەسەر نەکرێت.

❀❀❀

# ساڵی دەیەمی کۆچی

لە ڕەبیعی دووەم پێغەمبەری خوا خالیدی نارد بۆ (نەوەی عبدالمدان) لەیەمەن، تا بانگیان بکات بۆ ئیسلام، کاتێ چوە لایان و پێی وتن: موسڵمان بن پارێزراو دەبن، ئەوانیش بەدەستە جەمعی موسڵمان بوون و خالیدیش فێری ئیسلامی کردن و هەواڵەکەی گەیاند بە پێغەمبەری خوا (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم).

لە ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا (عەلی) نارد بۆ لای نەوەی (مذجج) کە هۆزێکی یەمەنی بوون، پێ ی وت: بانگیان بکە بۆ وتنی (لا الە الا الله) ئەگەر وتیان فێری نوێژیان بکە، چونکە ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە تەنها کەسێك ڕێنموی بکات بۆت باشترە لە هەرچی یەك خۆری بەسەردا هەڵهاتووە، ئەوانیش موسڵمان بوون و عەلی لە (حەجی ماڵ ئاوایی) گەیشتەوە خزمەت پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم).

پاشان (معاذ کوڕی جەبەلی) نارد بۆ بەشی سەرەوەی یەمەن لە ڕوی عەدەنەوە، وە (ئەبو موسای ئەشعەر)ی نارد بۆ بەشی خوارەوە و ئامۆژگاری کردن کە (ئاسان کاربن و کار گران و قورس نەکەن، مژدە دەر بن و خەڵك نەتۆر بێنن.

بە معاذی فەرموو: تۆ دەچیتە لای گەلێك کە خاوەنی پەڕاوی ئاسمانین، بانگیان بکە بۆ وتنی (لا الە الا الله و محمد رسول اللە) ئەگەر گوێڕایەڵیان کردی، هەواڵیان بدەرێ کە خوا نوێژو زەکاتی لەسەر فەرز کردوون، ئەگەر بە گوێیان کردی ئەوا ڕێز لەماڵ و

سامانیان بگرە، لەدوعای ستەم لێکراو بترسە چونکە لەنێوان ئەو لەنێوان خوادا پەردەنیە، معاژ لەیەمەن مایەوە تا پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) وەفاتی کرد، بەلام (ئەبو موسی) لە حەجدا گەشتەوە خزمەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) .

## حەجی ماڵئاوایی

لەساڵی دەیەمی کۆچی، پێغەمبەری خوا حەجی ماڵئاوایی کردو ماڵئاوایی لە موسڵمانان کرد، جگە لەوە حەجی تری نەکرد، ڕۆژی شەممە کە پێنج ڕۆژی لەمانگی (ذي الحجه) مئەبوو، دەرچوو ئەبو دجانەی کردە سەرپەرشتیاری مەدینە، کۆمەڵێك هاوەڵ و موسڵمانی زۆر لە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)دا بوون کە ژمارەیان (٩٠) هەزار کەس بوو، ئیحرامی حەجی پۆشی و فەرمووی: (لبيك اللهم لبيك لبيك لاشريك لك لبيك ان الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك...)

ڕۆیشت تا لەچێشتەنگاو گەیشتە مەککە، کاتێ کەعبەی بینی فەرمووی: (اللهم زدة تشريفاً و تعظيماً ومهابةً وبرا) پاشان حەوت جار تەوافی کرد و سڵاوی لەبەردەڕەشەکە کرد و دوو ڕکات نوێژی لە (مقام ابراهيم) ئەنجامدا، ئاوی زەمزەمی نۆش کردو پاشان سەعی نێوان صەفاو مەروەی کرد (حەوت جار) کە دەچووە سەر صەفا

دەیفەرموو: لا اله الا الله..الله اكبر لا اله الا الله وحدة انجز وعدة ونصر عبدة وهزم الاحزاب وحدة...

لە هەشتی (ذي الحجة) دا ڕوی کردە (مینا) و شەو مایەوە لەڕۆژی دواتردا ڕوی کردە (عرفە) لەوێ وتارێکی گەورەی پێشکەش کرد کە تیایدا پەیامی خوای ڕون کردەوە ئاماژەی کرد کە ڕەنگە ساڵێکی تر لەو جێگەدا بەیەکتر نەگەنەوە، فەرمووی: لە خوا بترسن و گوێڕایەڵی بکەن، خوێن و ماڵتان لەیەك حەرامە، هەرکەس ئەمانەتێکی کەسێکی لایە با بۆی بگێڕێتەوە، فەرمووی: ڕیبا حەرامە. هەروەها ئامۆژگاری کرد کە بەرامبەر خێزان و هاوسەرەکانتان چاکەکار بن و مافیان بدەن..فەرمووی: ئێوە برای یەکترن خواتان یەکە، باوکتان یەکە، هەموتان لە ئادەمن و ئادەمیش لەگڵە، بەڕێزتان لای خوا ئەو کەسەیە زیاتر لە خوا دەترسێ و سنوری دەپارێزێت، با ئەوەی ئامادەیە بەوکەسەی بگەیەنێت کە ئامادە نیە، هەر لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئایەتی ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾ سورة المائدة:٢. هاتە خوار، خوای گەورەش ئەو ڕۆژەیان کردە جەژنی باوەڕداران..

ئینجا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) مناسکی حەجی تەواو کردو ڕەجمی کرد و حەیوانی سەربڕی و سەری تاشی و تەوافی کرد.لەدوای ئەوەی (١٠) ڕۆژ لەمەککە مایەوە گەڕایەوە مەدینە کاتێ بینی

فەرمووی: (الله اکبر الله اکبر الله اکبر....لا الە الا الله وحدە لا شریك لە، لە الملك ولە الحمد وهو علی کل شیء قدیر، ئێیبون نائبون...عابدون..ساجدون..لربنا حامدون..صدق الله وعدە، ونصر عبدە، وهزم الاحزاب وحدە)..

## شاندەکان

هەر لەو ساڵەدا چەندین شاندی عەرەب هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا بۆ پەیمان دان لەسەر ئیسلام،لەوانە شاندێك لە نەجرانەوە کە ڕازی بوون جزیە بدەن و لەسەر دینی خۆیان بمێنن، پاشان داوایان کرد ئەمینێکیان لەگەڵ بنێرێ پێغەمبەری خواش (ئەبو عوبەیدەی عامر کوڕی جەراح) ی ئەمینی ئوممەتی لەگەڵ ناردن.

هەروەها شاندی (ضمام بن ثعلبە) هاتن، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرمووی پرسیار بکەن، وتی: سوێندت دەدەم بەخوا کە خوا تۆی ناردووە بە پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) بۆ لای هەموو خەڵك؟ فەرمووی: بەڵێ، پاشان بۆ نوێژو زەکات و ڕۆژوو حەج هەمان پرسیاری کرد و پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)یش فەرمووی: بەڵێ،وتی: ئەوا من باوەڕم هێناو بەڕاستم زانی و من (ضمام کوڕی

ثعلبە) م کاتێ ڕۆیشت پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) فەرمووی: ئەو پیاوە تێگەیشت،پاشان گەڕایەوەو هەموو گەلەکەی موسڵمان بوون.

هەروەها شاندی (عبدالقیس) هاتن و موسڵمان بوون.

پاشان شاندی (نەوەی حەنیفە) هاتن و کە موسەیلەمەی درۆزنیان لەگەڵ بوو هاتن، هۆزەکە موسڵمان بوون، بەڵام موسەیلەمە وتی: ئەگەر لەدوای خۆی ئەم کارە بۆ من بێت شوێنی دەکەوم، پارچەیەك پێست بەدەست پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)ەوە بوو فەرمووی: ئەگەر داوای ئەوەشم لێ بکەی ناتدەمێ، چونکە پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم) خەونی بینی بوو، دەیزانی کە دوای خۆی دوو کەسی درۆزن بانگەشەی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلّم)ی دەکەن، یەکێکیان (موسەیلەمە) بوو ئەوی تریان (ئەسوەدی عەنەسی) بوو.پاشان شاندی (طیء) هاتن.

هەروەها شاندی (کندە) کە ئەشعەثی کوڕی قەیس ی سەرکردەیان لەگەڵ بوو، پێغەمبەری خوا قورئانی بۆ خوێندن و موسڵمان بوون.

* شاندی (ازد شنووە) لەیەمەنەوە هاتن و موسڵمان بوون.

* شاندی (نێراوانی ملوك حمیر) کە موسڵمان بوون و ئەو شاندەیان نارد بۆ لای پێغەمبەری خوا تا هەواڵی پێ بگەیەنن، ئەویش

نامەیەکی بۆ نوسین و ئامۆژگاری کردن و معاذ کوڕی جەبەلی بۆ لا ناردن لەگەڵ شاندێکدا.

*لەو شاندانە شاندی (همدان) بوو کە (مالك کوڕی غط) لەگەڵیان بوو، شاعیرێکی بەڕێز بوو، لەدوای گەڕانەوەی پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) لە (تبوك) گەشتنە خزمەتی، هۆنراوەیەکی جوانی بەسەر پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)دا وت، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) کردی بەسەرکردەی ئەوانەی کەلە گەلەکەی موسڵمان دەبن.

*شاندی (تجیب) کە هۆزێکن لە (کندە) کە (١٣) پیاو بوون، لەگەڵ خۆیان زەکاتی ماڵ و سامانەکەیان هێنا بوو، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) فەرمووی: بیگێڕنەوەو دابەشی بکەن بەسەر هەژارەکانی لای خۆتاندا، کاتێ ویستیان بگەڕێنەوە پێی فەرموون: کەستان لێ بەجێماوە، وتیان: منداڵێك، کەلای شتومەکمان بەجێمان هێشتووە، فەرمووی: بۆم بانگ بکەن، کاتێ هات فەرمووی: داوای چی دەکەیت؟ وتی: داوا بکەی لەخوا کەلێم خۆش بێت و ڕەحمم پێ بکات و دەوڵەمەندی بخاتە دڵمەوە، پێغەمبەر (صَلّی اللهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) دوعای بۆ کرد.

*شاندی (ثعلبة) هاتن چوار کەس بوون وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە نێرراوی گەلەکەمانین و موسڵمان بوین، بەڵام پێیان وتین کە تۆ فەرموتە: ئیسلام نیە بۆ کەسێ کۆچی نەکردبێت، پێغەمبەر (صَلّی

اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: لەهەر شوێنێ بن و لە خوا بترسن زیانتان پێ ناگات.

*شاندی نەوەی (سعد کوڕی هذیم) لەو کاتەدا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) نوێژی لەسەر تەرمی موسڵمانێ دەکرد، وەستان تا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) تەواو بوو، بانگی کردن و پێ ی وتن: ئێوە موسڵمانن؟

وتیان: بەڵێ، فەرمووی: بۆ نوێژتان لەسەر براکەتان نەکرد، وتیان: وا گومانمان برد کە تا پەیمانت پێ نەدەین دروست نیە، فەرمووی: لەهەر شوێنێ بن و موسڵمان بن ئەوە موسڵمانن و وەرگیراوە، یەکێك لەهەموومان بچوکتر بەجێمئەبوو، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) ناردی بەشوێنی دا و پەیمانی لێ وەرگرت، وتمان ئەوە لە هەمووومان کەم تەمەن ترەو خزمەتکارمانە..

فەرمووی: گەورەی هەر گەلێك خزمەتکاریانە. *شاندی (نەوەی خزارە) هاتن و پەیمانیان داو موسڵمان بوون، داوای دوعایان کرد لە پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، تا خوا بارانیان بۆ ببارێنێ چونکە ساڵێکی ووشك بوو لایان.

*شاندی (نەوەی ئەسەد) کە (تەلحەکوڕی عبدالله) یان لەگەڵدا بوو کە لەدوایدا پاگەنددەی پێغەمبەرێتی کرد، شاندەکە موسڵمان بوون منەتیان کرد بەسەر پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)دا خوای

گەورەش ئایەتی: ﴿ يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ سورة الحجرات:١٧.

ناردە خوارەوە شاندی نەوەی (عـەذرة) و (یلی) و (مـره) (خـولان) کە چـەند هـۆزێ بـوون لەیەمـەن، پێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم) ئامۆژگاری کردن بەپەیمانداریو ئەمانـەت پارێزی و مامەڵـەی جوان و ستەم نەکردن چونکە ستەم تاریکی یە بۆ قیامەت.

*شـاندی نـەوەی (محـارب) کـە پێشـتر زۆر بەناشـرینی وەڵامـی پێغەمبـەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)یـان دایـەوە کـە لەمەککـە بانگـەوازی هۆزەکانی دەکرد بۆ پەیامەکەی.

*شاندی (عنان) و نەوەی (عبس) و (نـەوەی نەخـەع)، پێغەمبـەری خـوا زۆر بـەجوانی و زەردەخەنـەو ڕوی گەشـەوە پێشـوازی لەهـەموو شاندەکان کـرد،زۆر بـەکورتی فێـری بـاوەڕو شـەریعەت و یاسـاکانی ئیسلامی دەکـردن، ئـەم شـاندانەش گـەورەترین پەیوەنـدی بـوون بـۆ گەیاندنی ئیسلام بە عەرەبە دەشتەکی و دوورەکان. هـەر لـەو ساڵەدا (ابراهیم) کـوڕی پێغەمبـەری خـوا وەفـاتی کـرد لـەو ڕۆژەدا خـۆر گـیرا خەڵك وتیان: ئەوە لەبەر مردنی (ابراهیم) بووە،بـەڵام پێغەمبـەری خـوا بەرپەرچی دانـەوەو فـەرمووی: خـۆرو مـانگ دوو نیشـانەی دەسـەڵاتی پەروەردگارن، بۆ ژیان و مردنی کەس ناگیرێ.

## ساڵی یانزەی کۆچی و وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)

چوار ڕۆژ لەمانگی صەفەر مئەبوو پێغەمبەری خوا سوپایەکی بەسەرکردایەتی (اسامە کوڕی زەید) ڕێکخست بۆ (ئەنبا) کە جێگەیەکە لەشام، کە زەید ی باوکی اسامەی لێ کوژرابوو، لەم سوپایەدا هاوەڵانی کۆچەرو پشتیوانان هەبوون وەك (عومەرو ئەبو عوبەیدەو سعد) هێشتا سوپاکە ڕێنەکەوتبوو، پێغەمبەری خوا نەخۆش کەوت، خۆی لەوتارێکدا فەرمووی: بەندەیەك خوای گەورە سەرپشکی کرد لەنێوان خۆشیەکانی دنیاو نێوان ئەوەی لای خوایە، ئەو بەندە ئەوەی هەڵبژارد لەلای خوایە ئەبوبەکر گریاو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا دایك و باوکمان بەفیدات بێ، پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فەرمووی: ئەگەر کەسێکم بە خۆشەویست و (خەلیلی) خۆم هەڵبژاردایە ئەوە ئەبوبەکر دەبوو..

ماوەی نەخۆشی یەکەی سیانزە ڕۆژ بەردەوام بوو هەر ڕۆژێ لەماڵی خێزانێکی دەمایەوەو دەگوازرایەوە،کاتێ نەخۆشی زۆری بۆ هێنا مۆڵەتی لێوەرگرتن کە لای عائیشە بمێنێ و مۆڵەتیان دا، کاتێ (تا) ی لێ دەهات، بەئاو ساردیان دەکردەوە، ئینجا فەرمانی کرد کە (ئەبوبەکر) نوێژ بە باوەڕداران بکات، فەرمووی: من بە خزمەت خوا دەگەم، ئێوەش دەگەنەوە لای من ئامۆژگاریتان دەکەم کە چاك بن

بەو کەسانەی کۆچیان کرد، ئامۆژگاریتان دەکەم کە چاك بن لەگەڵ پشتیوانان کە لانکەبوون بۆ باوەڕداران و پشتیان گرتن و ماڵ و سامانیان لەگەڵ بەشکردن، دڵنیا بن شوێنی بەیەکتر شادبوونمان سەر حەوزی کەوثەرە.

لەکاتێکدا موسڵمانان لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممەی ١٣ ربيع الاول نوێژیان دەکرد بەئیمامەتی ئەبوبەکر، پێغەمبەری خوا پەردەکەی لاداو سەیری دەکردن، زەردەخەنەیەکی کرد، ئەبوبەکر وای زانی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بۆ نوێژ دێت، خەریك بوو بگەڕێتەوە دواوە بەلاّم پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) بەدەستی ئاماژەی بۆ کردن کە نوێژەکەیان تەواو بکەن.

ئەو ڕۆژە نەگەیشتە چێشتەنگاو پێغەمبەری خوا وەفاتی کردو دنیای بەجێ هێشت و بەخوای گەورە شاد بۆوە، ئەو کاتە پێغەمبەری خوا تەمەنی (٦٣) ساڵ ی مانگی و سێ ڕۆژ بوو.

ئەبوبەکر لەو کاتەدا ئامادە نەبوو، عومەر شمشێرەکەی دەرهێناو وتی: هەرکەس بڵێ پێغەمبەری خوا مردووە، دەدەم لەگەردنی بەڵکو پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) وەك موسا چۆتە لای پەروەردگار و دەگەڕێتەوە، کاتێ هەواڵ گەشتە ئەبوبەکر و گەڕایەوە، چووە ژوورەکەی عائشەو ڕوی پێغەمبەر (صَلّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)ی هەڵدایەوە و بەگریانەوە دەستی کرد بەماچ کردنی، و دەیفەرموو: سوێند بەو

کەسەی گیانی منی بەدەستە وەفاتی کردووە، پاشان چووە دەرو سوپاسی خوای کردو فەرمووی: هەرکەس محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)ی دەپەرست ئەوە محمد (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) وەفاتی کرد، هەرکەس خوای پەرستووە، خوا زیندووە و نامرێ، پاشان ئایەتی:

﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ سورە الزمر:٣٠.

﴿وَمَا محمد إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئاً وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ﴾ سورە آل عمران:١٤٤.

عومەر دەفەرمووێ: (وام زانی یەکەم جارە ئەو ئایەتە دەبیستم)، ئینجا عومەر دڵنیا بوو کەپێغەمبەری خوا وەفاتی کردووە، تەرمی پیرۆزی لەماڵەکەیدا ڕۆژی دووشەممەو شەوی سێ شەممە و ڕۆژەکەی و شەوی چوار شەممە مایەوە، تا موسڵمانان، کەسێکی جێنیشێنی پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) یان دیاری کرد کە ئەبو بەکری صدیق بوو، ئینجا پێغەمبەر (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) لەلایەن عەلی و عەبباس و دوو کوڕەکەی و اسامە و شقران شۆراو لە سێ بەرگ دا کفن کرا، پاشان لە جێگەی خۆی دانراو دەستە دەستە موسڵمانان دەهاتن و نوێژی جەنازەیان لەسەر دەکرد، پاشان لە ژوورەکەی عائشە گۆڕی بۆ هەڵکەندراو خرایە ناو گۆڕی پیرۆزی. پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد، لەدوای خۆی قورئان و سوننەتی خۆی بۆ موسڵمانان بەجێ هێشت کە

ئەگەر شوێنی بکەون گومڕا نابن، لەدوای خۆی کۆمەڵێ هاوەڵی و قوتابی بەجێ هێشت کە ئەرکی گەیاندنی پەیامی خوایان گرتە ئەستۆ.

لەخوا دەپاڕێینەوە هیدایەتمان بدات تا بەجوانی دەست بە پەیامی پێغەمبەر (صَلّی اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّم)ەوە بگرین.

❁❁❁

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| دەستپێك | ٥ |
| پێشەكی | ٨ |
| عبدالله كوڕی عبدالمطلب | ١١ |
| هەواڵدانی راهیبەكان | ١٣ |
| لەدایك بونێكی پیرۆز | ١٤ |
| منداڵی بێ باوك لەماڵی دایەندا | ١٧ |
| جبریل سنگی منداڵەكە لەت دەكات | ١٩ |
| دایكی دەمرێ | ٢٠ |
| جەنگی فوججار و پەیمانی فضول | ٢٥ |
| كەسایەتیەك سەرنجەكان بۆ خۆی رادەكێشێت | ٢٨ |
| هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجەدا | ٣١ |
| نوێكردنەوەی كەعبە | ٣٥ |
| لە ئەشكەوتی حیراء | ٣٩ |
| كاروانی پێشەنگ | ٤٤ |
| فەرمانی بانگەواز ئاشكراكردن | ٤٨ |
| كۆچكردن بۆ حەبەشە | ٥٢ |
| ئابلۆقەی هەمەلایەنە | ٥٣ |
| هەڵگرتنی ئابلۆقە | ٥٥ |
| چون بۆ طائف و ئیسراو میعراج | ٥٨ |
| رۆژی دوای موعجیزە | ٦٤ |

| | |
|---|---|
| دیدار لەگەڵ شاندی یەثریب | ٦٨ |
| پەیمانی عەقەبەی دووەم | ٧٠ |
| کۆچکردن بۆ مەدینە | ٧١ |
| کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) | ٧٤ |
| بەرەو یەثریب | ٧٩ |
| گەیشتن بە یەثریب | ٨٥ |
| مزگەوتی پێغەمبەری خوا | ٨٨ |
| دەستوری مەدینە | ٩٠ |
| پەیوەندی قورەیش بەسەرکردەی دوروەکان | ٩٢ |
| گۆڕینی قیبلە و غەزای گەورەی بەدر | ٩٦ |
| غەزای گەورەی بەدر | ٩٧ |
| پیلانی جولەکە دژی موسوڵمانان | ١٠٦ |
| پیلانی تیرۆرکردن | ١٠٨ |
| جەنگی ئوحود | ١١١ |
| گەڕانەوە بۆ حمراء الأسد | ١٢٠ |
| رووداوە بەئازارەکەی (رەجیع) | ١٢٢ |
| غەزای (بەنی نەضیر) | ١٢٦ |
| وادەی غەزای بەدر | ١٣٠ |
| غەزای (بەنی مصطلق) | ١٣٢ |
| غەزای ئەحزاب | ١٣٥ |
| ڕوداوەکانی نێوان غەزوەی خەندەق و حودەیبیە | ١٤٢ |

| | |
|---|---|
| صوڵحی حودەیبیە | ١٤٤ |
| ڕێزگرتنی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕێکەوتنەکە | ١٤٨ |
| قۆناغێکی نوێی بانگەواز | ١٥١ |
| چالاکی سەربازی دوای حودەیبیە | ١٥٥ |
| غەزای خەیبەر | ١٥٥ |
| هەوڵێکی تری تیرۆرکردنی پێغەمبەر(ﷺ) | ١٥٩ |
| وادي القرى | ١٦٠ |
| قەزاکردنەوەی عومرە | ١٦٢ |
| جەنگی مؤتە و سریەی ذات السلاسل | ١٦٤ |
| فە تحی مەککە | ١٦٨ |
| هەق و ڕاستی سەرکەوت | ١٧٥ |
| تاونبارانی جەنگ سزا دەدرێن | ١٧٧ |
| پشتیوانان و پێغەمبەر (ﷺ) | ١٧٩ |
| غەزای حونەین | ١٨٠ |
| هۆزەکان دەچنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) | ١٨٥ |
| شاندی تەمیم | ١٨٧ |
| سریەی وەلید | ١٨٧ |
| سریەی علقەمە | ١٨٨ |
| ساڵی نۆیەم | ١٨٩ |
| شاندی عەدی | ١٩٠ |
| جەنگی تەبوك | ١٩١ |

| | |
|---|---|
| شاندی ئیلە | ١٩٥ |
| مزگەوتی (ضرار) | ١٩٥ |
| سێ موسڵمانە دواکەوتووەکە | ١٩٦ |
| شاندی ثقیف | ١٩٧ |
| پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوبکر دەنێرێ بۆ حەج | ١٩٨ |
| ساڵی دەیەمی کۆچی | ٢٠٠ |
| حەجی ماڵئاوایی | ٢٠١ |
| شاندەکان | ٢٠٣ |
| ساڵی یانزەی کۆچی و وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) | ٢٠٨ |
| ناوەڕۆك | ٢١٢ |

# سەرچاوەکان

١. قصص القرآن الكريم / الدكتور احمد الكبيسي.
٢. نور اليقين في سيرة سيد المرسلين (محمد الخضري).
٣. گولاوی سەرمۆر / نوسيني صفى الرحمن المبار كفوري.
وەرگێڕانی / بكر حمة صديق عارف.
٤- ژیانی پێغەمبەری مەزن محمد (ﷺ) نووسینی / شێخ عبدالعزيز پارەزانی.
٤. السيرة النبوية / عرض وقائع و تحليل احداث. الدكتور علي محمد الصلابي.

❁❁❁

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




کتێبخانەی ( PDF )

Public group · 90K Members

کتێبخانەی (PDF)

**کتێبی پێغەمبەرەکەت بناسە**

* سەربوردێکی خێرایە بەژیانی دواهەمین نێراوی خوا بۆ گرۆی مرۆڤایەتی..
* هەڵوێستە کردنێکە لەسەر قۆناغەکانی ژیانی سەروەر و دەلاقەیەکە بۆ ناسینی هەوڵ و تێکۆشان و ماندوبونی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە پێناو پەروەردەکردنی ئومەتێک تا ببنە شاهید بەسەر خەڵکەوە..
* بەراستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (رحمه للعالمین) بوو، بۆیە لەهەموو جیهانەوە شەیداو عاشقانی ڕۆژانە بەرەو شارەکەی مەدینە دەڕۆن، تا لە ڕەوزەکەیدا دوو ڕکات نوێژ بکەن و پاشان ڕیزدەبەستن تا سڵاوی لێبکەن، بە فرمێسکی چاویان کڵپەی دەرونیان دادەمرکێنن.. ناهەقیان نیە چونکە ئەو سەروەرە ژیانی موبارەکی بۆ هەموان بوو، دوارۆژیش (أمتی.. أمتی..) ویردی زوبانێتی، بۆیە دەبێت هەموانیش شەیدای ئەوبن، ئومەتی ئەو بن، چاوەڕێی تکا و شەفاعەتی ئەوبن.

گەشە

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ktebkhaney geshe

٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣

نرخ (٣٠٠٠) دینار